# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.512 Wed 15/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 512 چوارشەممە 15/ 7/ 2009





**لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا**

**رای گشتی**

**دەخوێننەوە**

# کێ وەزیری ناوخۆیە؟

**هیوا جەمال**

وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، دان بەوەدا دەنێت کە فەرمانی بە پۆلیس داوە بڵاوە بە خەڵک بکەن لە شەقامی تووی مەلیک لە سلێمانیو وتەبێژی لیستی گۆڕانیش داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکات تەجمیدی بکات.

لە پەیڕەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان– عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)، بەشی سێیەم، (مەرجەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن) خاڵی چوار هاتووە: «کارمەندانی حکومەتو دەسەڵاتە ناوخۆییەکان لەهەر پلەوپایەیەکدا بن، نابێت لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بۆ بەرژەوەندی هیچ پاڵێوراوێک یان هیچ قەوارەیەکی سیاسیی پلەوپایەکانیان بەکاربهێنن».


جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگە، کە وەک خۆی وتوویەتی شەوی (١٣/١٢)ی تەمموز لەشەقامی تووی مەلیک لەسلێمانی بووە، لە ڕوونکردنەوەیەکیدا کە لە کەناڵە ڕەسمییەکانی یەکێتییەوە بڵاویکردووەتەوە دەڵێت: «داوام لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کرد بە ئەرکی خۆیان هەستنو ئەو خەڵکە بڵاوە پێبکەن لەسەر جادەکە، ئەوەبوو دوای ئەوەی من پێموتن خەڵکەکەیان بڵاوەپێکرد». ئەمەش دانپێدانانی وەزیرە بە بەشداریی لە ئاهەنگەکەداو پێشێلکردنی یاسای کۆمسیۆنە.

هاوکات د. شاهۆ سەعید، وتەبێژی لیستی گۆڕان لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت: «وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوانەکانی، دابەزیونەتە سەر شەقامی تووی مەلیکو کەوتوونەتە وێزەی خەڵکی ئاهەنگگێڕو جەماوەری لیستی گۆڕان، کەوتوونەتە لێدانی کوڕو کچە گەنجەکانو مێردمنداڵەکان، بە قۆناغە تفەنگو کلکە دەمانچە ئازارو ئەشکەنجەی هاوڵاتییانی مەدەنیو بێ دیفاعیان داوە، دەیان هاوڵاتییان بریندارکردووە، کە برینی ژمارەیەکیان سەختە، تەنانەت ئەو بەرپرسە باڵایەی حکومەت زۆر ڕووقایمانە بە بەرچاوی خەڵکەوە فەرمانی داوەتە ئەفسەرو پۆلیسەکان تا لە خەڵک بدەن».

هەروەها شێخ جەعفەر مستەفا لە ڕوونکردنەوەکەیدا دەڵێت: «لەبارەی ئەوەی کە من لە ئەفسەرێکی پۆلیسم دابێت، دوورە لە ڕاستییەوە، بەڵام لەوانەیە من توڕە بووبێتم لێیان لەبەرئەوەی بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستابن، لە هیچ کەسێکم نەداوە، ئەگەر کەسێکیش هەبێت وابڵێت ئەوە بوختانێکی گەورەیە، دیارە من تەنیا تەوجیهی ئەو پۆلیسو ئەفسەرانەم کرد کە ئەو خەڵکە بڵاوەپێبکەنو بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن، بۆئەوەی ئەو ئیستیفزازەی کە هەبوو لەلایەن هەوادارانی لیستی گۆڕانەوە نەبێتە هۆی ئاژاوە لەو شوێنەدا».

فەرمانی وەزیری پێشمەرگە بە هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ، نیشانەی بێ سەروبەرەیی حکومەتی هەرێمە بەوپێیەی وەزیری پێشمەرگە بۆی نییە فەرمان بە هێزەکانی ناوخۆ بداتو ئەوەی جەعفەر کردوویەتی کاری وەزیری ناوخۆیە نەک پێشمەرگە.

وتەبێژی لیستی گۆڕان تەئکیددەکاتەوە، کە وەزیر لە خەڵکی داوەو دەڵێت: «وەزیری پێشمەرگەو پاسەوانەکانی لە ئەفسەرێکی پۆلیسی فریاکەوتنیان داوە، ئەفسەرەکەیان ڕفاندووەو پاش ئیهانەکردن لە شوێنێکی دوور لە جێگەی کارەکەی فڕێیانداوە».


جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە


کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆ

# هیچ بڕیارێک نییە بۆ لێسەندنەوەی پۆستی حکومیی لە کاندیدی لیستەکان

**بەرهەم خالید**

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هیچ بڕیارو ڕێنماییەک نییە بۆ لێسەندنەوەی پۆستی حکومیی لەو کەسانەی بوونەتە کاندیدی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، ئەوە لەکاتێکدایە لەماوەی ڕابردوودا چەند کاندیدێک بەو بیانووەوە پۆستیان لێسەندراوەتەوە.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا هیچ بڕیارو ڕێنماییەکی لەوشێوەیە لەئەنجومەن دەرنەچووە، کە پۆست لەو کەسانە بسەنرێتەوە. وتیشی: «هەر کەسێک کە پۆستێکی حکومیی هەیەو بووە بە پەرلەمانتار، ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێت لە پۆستە حکومییەکەی بکشێتەوە، بەڵام لەئێستادا هیچ بڕیارێکی لەوشێوەیە لەئارادا نییە».

لەماوەی ڕابردوداو بەهۆی خۆکاندیدکردنییەوە لەسەر لیستی گۆڕان پۆستی ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی ڕانیە لە د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ سەندرایەوەو کەسێکی دیکە لە شوێنەکەی دانراو بەشێک لە بەرپرسانی حیزبیو حکومیش هۆکاری ئەوەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ناوبراو کاندیدی لیستەو نابێت هیچ کەسێک کە پۆستی حکومیی هەیە لەهەمانکاتدا کاندیدیش بێت بۆ پەرلەمان، ئەوە لەکاتێکدایە کە زۆرێک لە کاندیدەکانی لیستی کوردستانی پۆستو پلەی حکومییان هەیەو تائێستاش بەردەوامن لەسەر کارەکانیان.

د. جەعفەر عەلی، کاندیدی لیستی گۆڕان لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پاش ئەوەی زانراوە خۆی بۆ ئەندامێتی پەرلەمان کاندیدکردووە لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە پێیوتراوە دەستلەکاربکێشێتەوە، بەڵام ڕەتیکردووەتەوە، دواتریش بە فەرمانێک لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە کەسێکی دیکە لە شوێنەکەی دانراوە، لەکاتێکدا ئەوە پێچەوانەی هەموو ڕێنماییو یاساو ڕێساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، چونکە هیچ بڕگەیەک نییە دەسەڵات بداتە سەرۆکی زانکۆ ڕاگری کۆلێژێک دابنێت یاخود لاییبەرێت. وتیشی: «لابردنم تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە لەسەر لیستی گۆڕان خۆم بۆ ئەندامێتی پەرلەمان کاندیدکردووە، هەرچەندە زۆرێک لە کاندیدی لیستی کوردستانیش پۆستیان هەیە، بەڵام لە شوێنەکانی خۆیان درێژە بە دەوامی ئاسایی خۆیان دەدەن.

## نزیکەی دوو مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە

# پارتی، پارە بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەدا دابەشدەکات

**ئیبراهیم عەلی**
**هەولێر**

پارتی دیموکراتی کوردستان، چەند ڕۆژێکە وەک بەشێک لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەستیکردووە بە بەخشینەوەی پارە بەسەر ئەندامو لایەنگرانی لەسنووری شاری هەولێر.

سەرچاوەیەک لە هێزی زێرەڤانی پارتی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەسوپای چواری هێزی زێرەڤانی پارە بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەشکراوە، بۆئەوەی لەکاتی دەنگدانی تایبەتدا دەنگ بۆ لیستی کوردستانی بدەن، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە پارە بەسەر ئەو کەسانەدا دابەشکراوە کە ناویان لە دەنگدانی تایبەت هاتووەتەوەو جیاوازییش هەبووە لە جۆری دابەشکردنی پارەکە، کە بەمشێوەیە بووە: «پلەی مولازم بڕی (٢٠٠) هەزار دیناری وەرگرتووە، پلەی مولازم ئەوەل (٤٠٠) هەزار دیناری وەرگرتووە، پلەی نەقیب بڕی (٦٠٠) هەزار دیناری وەرگرتووە، هەروەها پلەی ڕائیدیش (٨٠٠) هەزار دیناری وەرگرتووە».

ئەمە لەکاتێکدایە کە ماوەی دوو مانگە ئەو پێشمەرگانە مووچەی فەرمیی خۆیان وەرنەگرتووە، بەڵام پارتی هەستاوە بە بەخشینەوەی پارە بەسەر هێزەکانی زێرەڤانیدا.

لەلایەکی دیکەوە ناوچەو ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، نامەی بانگهێشتکردن بۆ ئەندامو لایەنگرانی خۆیان ڕەوانە دەکەن، کە سەردانی ناوچەو ڕێکخراوەکانی پارتی بکەن لەسنوورەکانی خۆیان، یەکێک لەو کەسانەی کە سەردانی بارەگایەکی پارتی کردبوو لە گەڕەکەکەی خۆیان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نامەیەکی بەدەست گەیشتووە وەک پشتگیریکردن لە لیستی کوردستانیو مەسعود بارزانی، کاندیدی سەرۆکی هەرێم، سەردانی ئەو بارەگایە بکەن، منیش چووم بۆ ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە سنووری گەڕەکەکەی ئێمەو دوای ئەوەی هاتمە دەرەوە نامەیەکیان دایە دەستم کە بڕی (١٠٠) دۆلاری تێدابوو.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، بەخشینەوەی پارە لە سنووری پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی فراوان دەستیپێکردووەو تائێستاش بەردەوامە.

# بەهۆی پشتگیریی بۆ لیستی گۆڕان، پۆلیس گەنجێکی (١٧) ساڵ دەستگیردەکات

**ئیبراهیم عەلی**
**هەولێر**

هاوڵاتی عومەر هەینی پیرداود، دانیشتووی ناحیەی شەمامک لە هەولێر، لەلایەن هێزێکی پۆلیس لە ماڵەکەی خۆیداو دوای ئەوەی لەلایەن چەند چەکدارێکەوە لێیدەدرێت، دەستگیردەکرێتو لە دادگاش سکاڵا لە باوکی ئەو کوڕە وەرناگرن.

دایکی عومەر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چەند ڕۆژێک بەر لەو ڕووداوە هەستیان بەوە کردووە کە چاودێریی ماڵەکەیان دەکرێت، بەڵام ڕۆژی (٧/١٢) چەند کەسێک هاتن بۆ ماڵمانو هەڕەشەیان لە کوڕەکەم کردو داوایان لێکرد کە دەستهەڵگرێت لە پشتگیریی لیستی گۆڕانو چیتر نابێت بانگەشە بۆ ئەو لیستە بکات، دوای ئەوەی کوڕەکەشم سوور بوو لەسەر پشتگیریی لە لیستی گۆڕان، بەشێوەیەکی ناشارستانی لە کوڕەکەی منیان داو تەنانەت ئەوکات باوکیشی لە ماڵەوە بوو پەلاماری ئەویشیاندا.

دایکی عومەر وتیشی: «دوای چەند دەقەیەک هێزەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو لەبری ئەوەی ئەو کەسانە دەستگیربکەن، کوڕەکەی منیان بردو تائێستا نازانین لەکوێ گیراوە».

تاکاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە خانەوادەی ئەو گەنجە هیچ زانیارییەکیان نییە سەبارەت بە شوێنی زیندانیکردنی کوڕەکەیان.

# ئاگر خۆشکردن

**هیوا جەمال**

میدیای حیزبیی وەک هەموو ئەوکاتانەی کە دەستپێشخەربوون لە هەڵایسانی ناکۆکییەکانو گەرمکردنی هەراو خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکیی، دەیانەوێت لەم هەڵبژاردنەشدا ئەو ڕۆڵەیان چەندبارە بکەنەوە.

میدیای حیزبیی بە تایبەت میدیای یەکێتی، ئاهەنگی خۆشیی گۆڕانی دەسەڵاتیان کردووەتە هەراو شەوانە لە تەلەفزیۆنەکانیانو ڕۆژانەش لە ڕادیۆو ڕۆژنامەکانیانەوە ئەو دڵخۆشییەی خەڵک بەجۆرێکی دیکە لێکدەدەنەوەو قسەی لەسەر دەکەن.

هەروەها ئەو حیزبە کە بووەتە سوری بەر لەشکر بەجۆرێک خۆی سەغڵەت کردووە دەڵێی هەموو خەڵکی کوردستان تەنها بەرەو ڕووی ئەو وەستاونەتەوە، وەک دەڵێن پارتی لەوبەینەدا حەساوەتەوە.

ڕاگەیاندن لەمڕۆدا کاریگەریی زۆری بەسەر وەرگرانییەوە هەیە، بۆیە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا بکرێت، بەتایبەت ڕاگەیاندنی ئەو لایەنانەی لیستیان هەیە بۆ پەرلەمانی داهاتوو، لەمڕووەشەوە دەتوانرێت پلەی پێشەنگی بدرێت بە میدیای حیزبی لە جوڵاندنی هەستی خەڵک بەرامبەر لیستەکانی دیکە، بەتایبەت لیستی گۆڕان.

نموونە زۆرن بۆ ئەو مەسەلەیە یەکێک لەوانە:- بڵاوکردنەوەی هەواڵێکە لە ڕۆژنامەی حیزبدا لە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوودا، کە زەمینە خۆشدەکات بۆدروستکردنی شەڕێکی ناوخۆی نێوان لیستەکان کە لەوبڕوایەدانیم لەلایەن هیچ گروپو لایەنێکەوە خوازراوبێت.

ئەو ڕۆژنامەیە لەلاپەڕە یەکی ئەو ڕۆژەیدا نووسیویەتی «لایەنگرانی لیستی گۆڕان هێرشیانکردووەتە سەر کۆمیتەی تووی مەلیکی ی.ن.ک»، هاوکات سەروتارەکەشیان تەرخانکردووە بۆ ئەو مەسەلەیە.

ڕۆژنامەکە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات، دەتوانرێت ئەوەی لێبخوێنرێتەوە کە هەر بابەتێک تێیدا بڵاوبکرێتەوە ڕای ڕەسمیی ئەو حیزبەیەو دۆستو دوژمنەکانی حسابی لەسەر دەکەن.

ئەو بابەتانەی لەو ڕۆژنامەیەوە بڵاودەکرێنەوە، دەکرێت وەک ڕای ڕەسمیی یەکێتی وەربگیرێن، جا وەڵامدانەوەی بەرامبەرەکانیان بێت یان ئاراستەکردنی لایەنگرەکانیان.

لەڕوانگەی ئەم هەواڵەوە، لەوبڕوایەدام یەکێتیو لیستی کوردستانی بە بەرنامە ئەو هەواڵە یان هەر جوڵاندنو وروژاندنێکی دیکە بڵاودەکەنەوەو پێدەچێت دوای چەندین کۆبوونەوە لەسەر چۆنێتی بەرپەرچدانەوەی لیستەکانی دیکە، هەروەها من لەوبڕوایەدام لەدوای ئەم هەواڵەوە هەواڵی دیکەی لەوشێوەیە ئامادەکرابێتو بە بەرنامە کارکردنی بۆ خوڵقاندنی ڕووداوی هاوشێوە هەبێت.

کەواتە ئۆباڵی هەر ڕووداوێکی دڵتەزێن یان هەر هێرشێکی دوورونزیک بۆ سەر لیستی گۆڕان دەکەوێتە ئەستۆی میدیای حیزبیو بەرپرسیار دەبێت لەبەرامبەر هەر ڕووداوێکدا.

دەشێت ئەوان بەدوو مەبەست یاری بە ڕووداوەکان بکەنو وروژاندن دروست بکەن، یەکەمیان هەوڵدان بۆ نانەوەی پشێویو تێکدانی کەشوهەوای ئارامی هەڵبژاردن، تا بیکەنە بیانوویەکی سیاسی بۆ دەستکاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، دووەمیان، ناشیرینکردنی ئەو کەشوهەوا دیموکراسیو ناخۆشکردنی ئەو خۆشییەی کە جەماوەر بە ئاهەنگێڕان دەریدەبڕن، کە بێگومان خۆشییەکەیان بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتەیە کە هەمووان ڕەخنەی لێدەگرنو زۆرینەی خەڵک لێی بێزارن.

بۆ هەمووان باشترە سەرکردایەتی یەکێتیو هەڵسوڕاوانی لیستی کوردستانیو بەرپرسانی ڕاگەیاندنەکانیان ئەو ڕووداوانە زەق نەکەنەوە کە دەبنەهۆی کەوتنەوەی ئاژاوەو ڕوودانی کارەسات، بەتایبەت لەماوەی ئەم دە ڕۆژەی داهاتوودا کە بە ماوەی (تا)ی هەڵبژاردن ناودەبرێتو دۆستو دوژمن دەستی تێوەردەدات.

ئێستا لەکوردستان کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیی توڕەن لەدەسەڵاتداران، ئەگەر ڕووداوەکان زەقبکرێنەوە دەشێت لە کۆنترۆڵ دەربچێت، ئەوە جگەلەوەی کە کوردستان سەرجەم دەرگاکانی ئاوەڵان بۆ دەستخستنە ناو ڕووداوەکان لەلایەن خەڵکی دیکەوە.

# ...ردن یان پاراستنی یاسا؟

## «...ت کە ئەم دەسەڵاتە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات قبوڵناکات»



گۆڕان، لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت: «ئێمە لەکاتێکدا تاوانی ئەو بەرپرسە باڵایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەحکوم دەکەینو داوای لێپێچینەوەی یاساییو دادگاییکردنی دەکەین، داوا لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا فەرمان دەربکات دەستبەجێ لە پۆستەکەی تەجمیدبکرێت تا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی یاسایی دەردەچێت تا هیچ بەرپرسێکی دیکە زات نەکات پۆستی حکومیی بۆ داپڵۆسینی خەڵکو یەکلاییکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان بەکاربهێنێت».

لەماوەی ڕابردوودا بەرپرسانی حکومیی پۆستەکانیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێناوەو سەروەتو سامانی میللەتیان بۆ ئەو بوارە خستووەتە گەڕو لەئێستاشدا هەموو کارێک دەکەن لەپێناو کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتییان، ڕۆژنامەنووسانو پارێزەرانیش هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی دیموکراسییەتو تێکەڵاوبوونی حکومەتو حیزب.

بورهان ڕەشید، پارێزەر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم حکومەتە لە بنەڕەتدا حکومەتێکی دیموکراسی نەبووەو تائێستا لە کوردستاندا دیموکراسی وجودی نەبووە، بنەمای دیموکراسی ئەوەیە کە پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە هێزێکی نیزامی حکومیی بێت، نەک حیزبی»، بنەمای دیموکراسی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆبێت، ڕێزی ڕۆژنامەی ئازادبگیرێت، بنەمای دیموکراسی ئەوەیە کە دەسەڵات باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێت، بەداخەوە ئەوەی کە ڕوودەدات هەڵەی بەرپرسانە، ئەو دەسەڵاتەی ئێستا حوکمدەکات، دەسەڵاتێکی پۆلیسی عەسکەرتاریەتە، دەستدرێژییەکەی وەزیری پێشمەرگە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم دەسەڵاتە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات قبوڵناکات.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، بەپێی دەستووری عێراقی مانگرتنو ڕێپێوانو خۆپیشاندان مافێکی سروشتی هەموو کەسێکە، ئەو ڕووداوە پێشێلکردنی ئیلتیزاماتی حکومەتی عێراقەو پێویستە پەرلەمانو حکومەتی عێراقی بێنەجواب، وتیشی: «ڕۆشنبیرانی کوردستانیش داوابکەن کە چیتر پێشێلکاریی بەرامبەر بە مافی مرۆڤ نەکرێت، دەبێت وەزیری پێشمەرگە لەسەر ئەو دەستدرێژییە دادگایی بکرێت».

# کەس لەسەر تۆپبارانی گوندەکانی کوردستان نایەتە دەنگ

**شارا عەبدولڕەحمان**

پێرێ بۆ جارێکی دیکە تۆپخانەکانی ئێران گوندە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیان بەخەستیی تۆپبارانکردەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی ڕێککەوتننامەی هەرێم- ئێران نابێت ناوچە گوندنشینەکان تۆپباران بکرێن، بە بڕوای ئەندامێکی پەرلەمانیش پێویستە حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم کاری جدیی بۆ ئەو مەسەلەیە بکەنو تەنیا کاریان ئیدانەکردنی حاڵەتەکان نەبێت.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٧/١٣، تۆپخانەکانی ئێران گوندە سنوورییەکانی(سنین، دێرکمە، سەرۆکە، مێرگەسێر)ی سەر بە ناحیەی سیدەکانی قەزای سۆرانیان بۆ ماوەی (٤٥) خولەک بەچڕیی بۆردومانکرد، کە بەهۆیەوە زیانێکی مادیی زۆر بە ڕەزو باخی دانیشتووانی ناوچەکە گەیاند، ڕووبەرێکی زۆریش لەو ڕەزو باخانە سووتاون کە دووبارە بەبیانووی لێدانو ڕاوەدوونانی چەکدارانی پژاک ئەو کارەیان ئەنجامدا.

نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئێران، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەر دوێنێ لەڕێگەی سەرچاوەکانمانەوە لە حکومەتی هەرێم ئاگادارکراینەوە کە ئێران تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کردووەتەوە، لەبەرئەوە نووسراومان ئاراستەی حکومەتی ئێران کردو داوای ڕوونکردنەوەی حاڵەتەکەمان لێکردو مەحکومی کردەوەکەشمان کرد».

لە (١٤)ی شوباتی ئەمساڵدا ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان حکومەتی هەرێمو کۆماری ئیسلامی ئێراندا مۆرکرا بۆ وەستاندنی تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئەو ڕێککەوتننامەیە شکێنراو بۆردومانکردن دەستیپێکردەوە.

نوێنەرەکەی حکومەتی هەرێم ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە ڕاگرتنی تۆپبارانەکان بەو مەرجەبووە کە لەسنوورەکانی کوردستانەوە هێرشی پژاک نەکرێتە سەرخاکی ئێران، وتیشی: «لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە کە نابێت بەبێ هۆ خاکی هەرێم بۆردوومان بکرێت، ئەگەر کرا دەبێت ئێران هۆیەکانیمان بۆ ڕوونبکاتەوە».

لە ڕێککەوتننامەکەی ئێران- هەرێمی کوردستاندا، ئێران بەڵێنیداوە کە ناوچە گوندنشینەکان تۆپباران نەکات، بەڵام وەک دەبینرێت زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن ئێرانەوە تۆپباران دەکرێت، ناوچەی گوندنیشننو بەو هۆیەشەوە تائێستا بەسەدان خەڵکی ئەو ناوچانە ئاوارەبوونو ماڵو حاڵیان سووتاوەو ڕووخاوە، ئەمە جگە لەوەی زیانێکی مادیی زۆر بە سەدان ڕەزو باخی هاوڵاتییان گەیشتووە.

لەماوەی ڕابردوودا دوای زۆربەی حاڵەتەکانی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، هەرسێ سەرۆکایەتی (پەرلەمان، حکومەت، هەرێم) بە بەیاننامە ئیدانەی ڕووداوەکانیان کردووە، کە ئەمە بەڕای چاودێران کیفایەت نییەو چارەسەری کێشەکان ناکات.

کوێستان محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای چەندجارێک تۆپبارانکردن، پەرلەمان دانیشتنی ئەنجامداو بە بەیاننامەی ناڕەزایی حکومەتو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم لە مەترسی دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام ئەمانە چارەسەری کێشەکان ناکاتو تەعویزی ئەو هەموو خەڵکە ناکات کە ماڵو حاڵیان لێتێکچووەو ئاوارەبوون، بۆیە پێویستە حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم کاری جدیی بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن.

بەبڕوای ئەوئەندام پەرلەمانە، کارەکانی پەرلەمانو حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم لەو بوارەدا تەنیا ئیعلامی بووە نەک کاری جدیی. وتیشی: «ئاشکرایە کە مەسەلە سیاسییە چارەنووسسازەکانی وەک پەیوەندی هەرێم لەگەڵ دەرەوە لە پەرلەماندا تاووتوێ ناکرێت، بەڵکو بەنهێنی لە دەرەوەی پەرلەمان بڕیاری لێدەدرێت».

هەروەها پێیوایە کە پێویستە پەرلەمان ببێتە پەرلەمانێکی ڕاستەقینە تا ئەو مەسەلە گرنگانەی پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیە لەناو پەرلەماندا بڕیاری لەسەر بدرێت، «نەک یەکێتیو پارتی لە دەرەوەو بەنهێنی بەڕێیبکەن».

# «تاڵەبانی هەر ڕۆژەو ئارامی شارێک دەشێوێنێت»

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی، بەردەوامە لە خروقاتو پارەبەخشینەوەو بەرتیلدان، سەردانەکانیشی بۆ شارو شارۆچکەکان نیگەرانی لای هاوڵاتییان دروستکردووە.

لەماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەرپرسانی حیزبیی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە لەپێش هەموویانەوە جەلال تاڵەبانی بۆ ڕاکێشانو کڕینی دەنگی هاوڵاتییان سەدان هەزار دۆلاریان بەخشیوەتەوەو بەڵێنی دەیان پڕۆژەی خزمەتگوزارییان بەهاوڵاتییان داوە.

جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی کە هاوکات سەرۆک کۆماری عێراقیشە، چەند مانگێکە پۆستی سەرۆک کۆماریی بەجێهێشتووەو خۆی بۆ بانگەشەی لیستی کوردستانیو مەسعود بارزانی تەرخانکردووەو ڕۆژانە دەیان بەڵێن بە خەڵک دەداتو لەماوەی ڕابردووشدا سەدان هەزار دۆلاری بەخشیوەتەوەو لە هەموو کۆبوونەوەکانیشیدا دیاری دابەشدەکات، ئەمە جگە لە ڕاگرتنی دەوامی فەرمانگەکان لەکاتی سەردانەکانیدا.

تاڵەبانی سەردانی شاری دەربەندیخانو کەلاری کردو بەهۆی سەردانەکەیەوە دەوامی فەرمانگەکان ڕاگیراو هەڕەشە لە فەرمانبەران کرا، کە ئەگەر بەشداری کۆبوونەوەکەی تاڵەبانی نەکەن مووچەکانیان دەبڕدرێت.

هەر بەهۆی سەردانی بەرپرسانی لیستی کوردستانی بۆ چەمچەماڵ هەزاران خەڵک لە ناوچەکانی کەرکوکو پردێو شوانو دوبزەوە هێنرانە شارەکە بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکە.

هاوڵاتییەکی دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێرێ بارودۆخی چەمچەماڵ زۆر ناخۆشبوو، هەزاران چەکداریان لە هەموو کۆڵانەکاندا بڵاوکردەوەو جگەلەوەش هەموو ماڵێک دەگەڕانو خەڵکیان بۆ کۆبوونەوەکە بانگدەکرد.

هەرچەندە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەکارهێنانی دامودەزگای حکومییو شوێنی گشتی بۆ کۆبوونەوەو بانگەشەی هەڵبژاردن، قەدەغەیە، بەڵام لیستی کوردستانی بێگوێدانە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن پارکو هۆڵو یاریگاو شوێنە گشتییەکان بۆ بانگەشە بەکاردەهێنن، کۆبوونەوەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەرپرسانی لیستی کوردستانی لە قەزای چەمچەماڵ لەناو یاریگای شارەکە ئەنجامدرا.

لە هەفتەکانی ڕابردوودا جەلال تاڵەبانی بە چەکدارێکی زۆرەوە سەردانی شارەکانی (پێنجوێن، ڕانیە، قەڵادزێ، هەڵەبجە)ی کردو لەکاتی سەردانەکانیدا دەوامی فەرمانگەکان ڕاگیران.

بەهۆی ئەنجامدانی چەندین خروقاتو لادان لە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن بەرپرسانی لیستی کوردستانییەوە، کۆمسیۆنی باڵا لیستی کوردستانی چەندجارێک سزاداوە.

# لە هەولێر کاندیدەکانی یەکێتی وێنەی خۆیان هەڵدەواسن

ئیبراهیم عەلی
هەولێر

کاندیدەکانی یەکێتی لە لیستی کوردستانی جیا لە کاندیدەکانی پارتی لە شاری هەولێر ئەو پۆستەرانە هەڵدەواسن کە وێنەی خۆیانی بەسەرەوەیە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەڵواسینی وێنەی کاندیدەکان لە بەرنامەی لیستی کوردستانی نەبووە، تەنیا ئەوەی لە بەرنامەدا بووە وێنەی سەرۆکی لیستی کوردستانی هەڵبواسرێت لە شارو شارۆچکەکان، بەڵام لەسەر پێشنیازی ئەرسەلان بایز، لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی‌و کاندیدی لیستی کوردستانی، پێشنیازی ئەوە کراوە کە وێنەی کاندیدەکانی هەولێر لە شەقامەکان هەڵبواسن بۆئەوەی بناسرێن».

ئەو سەرچاوەیە وتیشی: «هەڵمەتەکە بە هەڵواسینی وێنەی ئەرسەلان بایز دەستپێکردووەو تائێستاش بەردەوامن لەچاپکردنی وێنەی کاندیدەکانی دیکە».

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ئەم هەڵوێستەی ئەرسەلان بایز بووەتە مایەی نیگەرانی ئەندامانی پارتی لە لیژنەی باڵای سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی‌و مەسعود بارزانی.

# دوو لایەنگری لیستی گۆڕان دەستبەسەرن

فەلاح نەجم

بە بیانووی بانگەشەکردن بۆ لیستی گۆڕان، دوو لایەنگری لیستەکە لە ناحیەی سەروچاوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێن.

واحید کاکە مەلا، بەرپرسی کەمپەینی گۆڕان لە سەروچاوە دەڵێت: «ئەو دوو کەسە سەربە لیستی گۆڕانن، شەو لەلایەن پۆلیس‌و ئاسایشی حاجی ئۆمەرانەوە هەڵدەکوترێتە سەر ماڵیان، پاش لێدانێکی زۆر دەستگیردەکرێن‌و ڕەوانەی بەندیخانەکانی هەولێر دەکرێن».

وەستا ئەرسەلان‌و فایەق قادر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١١ سەرقاڵی بانگەشەکردن بوون بۆ لیستی گۆڕان، پاش چوونەوەیان بۆ ماڵەوە دەستگیرکراون، تائێستاش ئازادنەکراون.

ئەو بەرپرسە لە لیستی گۆڕان وتیشی: «زۆرێک لە لیستەکان نیگەرانن لەو پشتگیرییە جەماوەرییەی لە لیستی گۆڕان دەکرێت بەتایبەت لە ناوچەی ڕانیەو سەروچاوە، بە هەر جۆرێک بێت بەرپرسە حیزبییەکان دەیانەوێت لەمپەڕ لەبەردەم لیستی گۆڕاندا دروستبکەن».

# پۆلیس بۆ سەرکوتک...

## «دەستدرێژییەکەی وەزیری پێشمەرگە دەیسەلمێنێ...

پشتیوان سەعدوڵلا

وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم‌و پاسەوانەکانی دەستدرێژی دەکەنە سەر هاوڵاتییان‌و ژمارەیەک هاوڵاتی برینداردەکرێت، لەبەرامبەریشدا داوای یاساییان لەسەر تۆماردەکرێت‌و داوادەکرێت ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوەو سزابدرێن، هاوکات ئەو کارەی وەزیری پێشمەرگە ئەوە دەسەلمێنێت، کە دەسەڵاتداران نایانەوێت گۆڕانکاریی لە کوردستاندا ڕووبدات.

شەوی ١٣/١٢ی تەمموز لەشەقامی تووی مەلیک لەسلێمانی لەکاتی ئاهەنگگێڕانی هاوڵاتییان بۆ پاڵپشتی لە لیستی گۆڕان، شێخ جەعفەر مستەفا، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم، دابەزیوەتە سەر شەقامەکەو کەوتووەتە وێزەی خەڵکی ئاهەنگگێڕو جەماوەری لیستی گۆڕان، ئەو کوڕو کچە گەنج‌و مێردمنداڵانەی لەوناوەبوون، ئازارو ئەشکەنجەی هاوڵاتییانی داوە، دەیان هاوڵاتییان بریندارکردووە، ئەو بەرپرسە باڵایەی حکومەت بە بەرچاوی خەڵکەوە فەرمانی داوەتە ئەفسەرو پۆلیسەکان تا لە خەڵک بدەن، جگە لەوەش تیمێکی کەناڵی (KNN) کەوتوونەتە بەر هێرشەکەو چەند کارمەندێکی کەناڵەکە بریندارکران.



وەزیری پێشمەرگە دان بەوەدا دەنێت کە ئەو فەرمانی بە پۆلیس‌و ئەفسەرەکان داوە بڵاوە بە خەڵک بکەن، لە ڕوونکردنەوەیەکیدا کە لە کەناڵە ڕەسمییەکانی یەکێتییەوە بڵاویکردووەتەوە دەڵێت: «داوام لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کرد بە ئەرکی خۆیان هەستن‌و ئەو خەڵکە بڵاوەپێبکەن‌و بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن».

بڵاوەپێبکەن، لەسەر جادەکە ئەوەبوو دوای ئەوەی من پێموتن خەڵکەکەیان بڵاوەپێکرد». دەشڵێت: «لە هیچ کەسێکم نەداوە، لەوانەیە من توڕەبووبێتم لێیان لەبەرئەوەی بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستابن، دیارە من تەنیا تەوجیهی ئەو پۆلیس‌و ئەفسەرانەم کرد کە ئەو خەڵکە بڵاوەپێبکەن‌و بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن».

دوای ئەو کارە نادیموکراسی‌و نایاسادییەی وەزیری پێشمەرگە نارەزاییەکی توند دروستبوو و لیستی گۆڕان ئیدانەی ئەو تاوانە دەکات‌و داوای تەجمیدکردنی وەزیری پێشمەرگە دەکات.

د.شاهۆ سەعید، وتەبێژی لیستی

# ڕەنگدانەوەی میدیاکان




ئا: محەمەد ساڵح حەمەلاو

## هەڵۆ، بۆمبە گەورەکە دەتەقێنێتەوە

د.هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، پاڵێوراوی پۆستی سەرۆکی هەرێم، تاڵەبانی‌و بارزانی بە دابەشکردنی دەسەڵات تۆمەتباردەکات‌و ڕاشیدەگەیەنێت سەروەت‌و سامانی کوردستان لەلایەن ژمارەیەک بەرپرسەوە بەتاڵان دەبرێت، بۆیە بڕیارمداوە چەند ڕۆژێک پێش تەواوبوونی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان گەورەترین بۆمبی گەندەڵی بەرپرسان ئاشکرابکەم.

ڕۆژنامەی دەستووری عێراقی لەزاری د.هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد بڵاویکردەوە، چەندین کێشە تائێستا لەنێوان بەغداو هەولێردا بەهەڵواسراوی‌و بێچارەسەرکردن ماونەتەوە، کە پێویست بوو تائێستا یەکلایی بکرانایەتەوە، وەک یاسای نەوت‌و غاز.

وتیشی: «پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەوە یەکلایی بکاتەوە، کە ئایا دەیانەوێت لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، یان نا» ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر بیانەوێت لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، ئەوا مادەی ١٠٩ ی دەستووری عێراقی کێشەی دەرهێنان‌و فرۆشتن‌و دابەشکردنی سامانە سرووشتییەکانی چارەسەرکردووە.

د.هەڵۆ سەرسورمانی خۆشی لەوە نیشاندا، لەوەی کە لە کاتێکدا مادەیەکی دەستووریی دابەشکردنی سەروەت‌و سامانی سروشتی یەکلاییکردووەتەوە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێشەی نەوت‌و غاز لەنێوان مەرکەزو هەرێمدا لەهەڵکشاندایە، پێشیوابوو دەتوانرێت کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم ڕاستەوخۆ لەگەڵ حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق یەکلایی بکرێتەوە.

کاندیدەکەی سەرۆکی هەرێم ئەوەشی ڕاگەیاند: «سەروەت‌و سامانی هەرێم لەلایەن ژمارەیەک بەرپرسەوە بەتاڵان‌و بەهەدەر دەبرێت، هەربۆیە بڕیارمداوە چەند ڕۆژێک پێش تەواوبوونی وادەی بانگەشەکانی هەڵبژاردن بۆمبێکی گەورەی گەندەڵی تایبەت بە بەرپرسانی هەرێم ئاشکرا بکەم».

## بانگەشەکردنی سەرۆک کۆمار بۆ مەسعود بارزانی «نایاساییە»

د.کەمال میراودەلی، کاندیدی سەرۆکی هەرێم ڕەخنەی لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق گرت، بەوەی کە بانگەشەکانی بۆ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم نایاساییە.

بەشی عەرەبی ماڵپەڕی (اصوات العراق) لێدوانەکانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی‌میراودەلی بڵاوکردەوەو تێیدا د. کەمال ڕەخنەی لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق گرت بەوەی «ئەو بانگەشانەی جەلال تاڵەبانی بۆ سەرخستنی مەسعود بارزانی کاندیدی سەرۆکی داهاتووی هەرێم دەیکات، کارێکی نایاساییە».

ئاماژەی بەوەشکرد، کە نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کردووە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبوەشێنێتەوە، ئەنجومەنی پیرانی هەرێم دابمەزرێنێت‌و هەر دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردنی بۆ بکرێتەوە.

میراودەلی، ئەوەشی ڕەتکردەوە کە پاشەکشە لە کاندیدکردنی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک هەرێمی داهاتووی کوردستان بکات‌و ڕوونیکردەوە هەرچەندە پێشنیازێکی لەوجۆرە هەبووە، بەڵام من ئامادەنیم پاشەکشەبکەم.

لەمیانەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانەییەکەدا میراودەلی تیشکی خستە سەر ئەوەی کە «کەس نازانێت داهاتی هەرێمی کوردستان‌و ڕێژەی (١٧٪)ەکەی هەرێم چۆن‌و بە چ شێوەیەک خەرجدەکرێت». وا تائێستاش بازاڕێکی ئازاد لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە قۆرغکراوەو پارتی‌و یەکێتیش لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە دەسەڵاتی هەرێمیان گرتووەتە دەست.

د. کەمال وتیشی: «تائێستا بڕی (٧٠) هەزار دۆلاری لەسەر حیسابی خۆی بۆ بانگەشە کردنەکەی خەرجکردووەو (٦٠) هەزار پۆستەریشی لەلایەن هاوڵاتییانەوە بۆ چاپکراوە.

## وەڵامی لێپرسراوی نشینگەی تەوێڵە بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

لەبەرئەوەی لە ژمارە (٥٠٥)ی ڕۆژی دووشەممەی بەرواری (٢٠٠٩/٧/٦) لە لاپەڕە (٢)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (نشینگەی تەوێڵە بیانوو بە پاڵێوراوێکی لیستی گۆڕان دەگرێت) بە پێویستمانزانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەینە بەڕێزتان.

لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٧) کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی پۆلیسی بازگەی بنکەکەمان (پۆلیس/ ١ مەریوان غالب مەحمود) هاتە لام‌و سکاڵایەکی دژی هاوڵاتی شارۆچکەی تەوێڵە بەناوی (فەهمی عەبدولقادر مستەفا) تۆمارکرد، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی توندو بێ گوێدانە بازگەکەمان (کە دوا بازگەی سنووری ناوچەکەمانەو ڕێگەپێدان بە هەر هاوڵاتییەک کارێکی دژوارەو لێکۆڵینەوەی دەوێت). تێپەڕیووەو هیچ جۆرە حیسابێکی بۆ بازگەکەمان نەکردووە. دواتر لەکاتی گەڕانەوەیدا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لە ڕووداوەکە هاتە لامان. دیارە کە کردەوەکەی نایاساییەو بەرەو ئێران ڕۆشتووە، بەڵام ناوبراو ئامادەنەبوو دان بە نایاسایەکەی خۆیدا بنێت، بۆیە ئێمەش پۆلیسی ناوبراومان بانگکردو دووبارە بە ئامادەبوونی (فەهمی عەبدولقادر مستەفا) دانی بە ناوەڕۆکی سکاڵاکەی خۆیدا ناو (ملازم. هەژار کەمال مستەفا) وەک بەرپرسی (کۆنترۆڵی مەرز) لە بنکەکەمان لەو کاتەدا بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی بازگەی بنکە ئامادەبووە وەک شاهید حاڵێک ئاگاداری ئەو ڕووداوەبووە ڕاستی ڕووداوەکەی دووپاتکردەوە، بەڵام هاوڵاتی (فەهمی عەبدولقادر مستەفا) ئامادەنەبوو دان بەوەدا بنێت کە کارێکی نایاسایی کردووە، لەکاتێکدا هاوڕێکەی کە لەگەڵیدابوو بەناوی (مامۆستا سەرکان سەرتیپ) لەکاتی گفتوگۆکاندا دانی بەوەدانا کە کارەکەیان نایاسایی بووە. هەرچەند هاوڵاتی (فەهمی عەبدولقادر) بەوە ڕازینەبوو، هەربۆیە لەسەر ڕەزامەندی خۆی‌و بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە ئێمە غەدری لێناکەین کێشەکەمان ڕەوانەی دادگاکرد، لە هەڵەبجەی شەهیدو ئێستاش لێکۆڵینەوە تەواوبووە لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی هەڵەبجەی شەهیدەوە کێشەکە ڕەوانەی (دادگای کەتن) کراوە، بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی ناوبراو.

ئێمە وەک بنکەی سنووری نشینگەی تەوێڵە بەبێ گوێدانە هیچ ئایدیایەکی سیاسی‌و بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵدا کردووەو بە ئامادەبوونی ئەفسەرێک‌و کۆمسیەرێکی بنکەکەمان کە وەک شاهید حاڵێک ئاگادارن کە مامۆستا (فەهمی عەبدولقادر) ئاقاری گفتوگۆکانی ئێمەی زوو زوو دەگۆڕی‌و هەوڵی دەدا بیانووی جۆراوجۆر بهێنێتەوە، ڕوکاری سیاسی‌و بانگەشەی حیزبی بهێنێتە ئاراوە، چۆن دەیگوت (ئەم حکومەتە پڕیەتی لە گەندەڵی‌و یاسا تێیدا پێشێلە، بۆیە من هەوڵدەدەم لە ئایندەدا یاسایەکی نوێ بهێنمە ئاراوەو زۆربەی کارمەندی دامودەزگا حکومییەکان کەسانی نەشیاون‌و ئاستی ڕۆشنبیریان هیچە)و ئێمە بۆ بەڕێزتان‌و خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ڕووندەکەینەوە کە پێشێلکردنی یاسا لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت ڕێگەپێدراو نییە، ڕاستی ئەم ڕووداوەش دەتوانن لەدوای بڕیاری بەڕێز (دادگای کەتن) لە هەڵەبجەی شەهید ببینن.

لەگەڵ ڕێزدا...

**لێپرسراوی بنکەی سنووری نشینگەی تەوێڵە.**

# کەرکوک، ئەو گرێیەی بە(٣) مادەی دەستووریی‌و یاسایی نەکرایەوە

**هەستیار قادر**

ئۆباڵی چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک بە مادەکانی (٥٨)و (١٤٠)و (٢٣)و پێشنیازەکانی دیمستۆرا، بەلای ژمارەیەک لە شارەزایان‌و بەرپرسانی سیاسییەوە لە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسیی کوردایەو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش دەڵێت: «چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک نیشانەی شکستی قودرەتی سیاسیی کوردەو نوێنەرانی کەرکوکیش لە بەغدا هیچیان بۆ شارەکە نەکردووەو نایشیکەن».

## کەرکوک لە بەردەم سێ مادەو پرۆژەکەی UN دا

لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە قورساییەوە بەرەو بەغدا بەڕێکەوت بەمەبەستی بینینی رۆڵ لە ئیدارەی عێراقی نوێداو لەپاڵ کێشەی بودجەی هەرێم‌و هێزی پێشمەرگەدا کە تائێستاش یەکلایی نەبووەتەوە، توانی مادەی (٥٨) لە مانگی ئازاری (٢٠٠٤)دا لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە دابنێت، کە تایبەتە بە چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان کە تیایدا هاتووە پێویستە حکومەتی عێراق سەرجەم کێشە موڵکایەتییەکانی ناوچەدابڕاوەکان، چارەسەربکات بەشێوەیەکی خێراو بە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ کەمکردنەوەی ئەو ستەمەی کە رژێمی بەعس لەو ناوچانەی کردووەو گۆڕانکاریی بەسەر دیمۆگرافیای ناوچەکاندا هێناوە، بەتایبەت (کەرکوک‌و چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی‌و سەرجەم راگوێزراوو هاوردەو دوورخراوەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان‌و قەرەبوویان بکاتەوەو پێویستە حکومەتی عێراق سەرجەم ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە کە سەبارەت بە گۆڕینی رەگەزنامە دەرچوون هەڵبوەشێنێتەوە).

جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) کەوتە سەردەمی حکومەتی کاتییەوە، کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکردو لەوماوەیەدا کە یەک ساڵی خایاند مادەی (٥٨) جێبەجێنەکراو دواتر (٢٠٠٥/١/٣٠) کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی هەڵبژێردراو لە مانگی نیسانی (٢٠٠٥) حکومەتی گواستنەوە بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری پێکهات، کە ئەمیش ئەرکی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی پێسپێردرا، بەڵام سەرەڕای بوونی (٧٣) ئەندامی کورد لە کۆمەڵەی نیشتمانیدا ئەو مادەیە جێبەجێنەکراو لەو سەردەمەدا دەستووری هەمیشەیی عێراق نووسرایەوە، کە لەبری مادەی (٥٨) کێشەی کەرکوک لە رێگەی مادەی (١٤٠)ەوە خرایە ئەو دەستوورەوەو سەقفێکی کاتیش بۆ جێبەجێکردنی دانرا، کە (٢٠٠٧/١٢/٣١) بوو، لەدوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقیش لە (٢٠٠٥/١٢/٣١)دا، لە (٢٠٠٦/١/٣١)دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدراو دووبارە جەعفەری بووەوە بە سەرۆک وەزیران‌و سەرەڕای پابەندکردنی حکومەتەکەی بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ئەو مادەیە جێبەجێنەکراو مانگی ئایاری (٢٠٠٦)دا نوری مالیکی بووە سەرۆک وەزیران‌و لە مادەی (٢٣)ی کارنامەی حکومەتەکەیدا جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) جێگەی کرایەوەو لیژنەی مادەی (١٤٠) بە سەرۆکایەتی هاشم شبلی، وەزیری پێشووی داد راسپێردرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، دوای دەستلەکارکێشانەوەی رائید فەهمی، وەزیری تەکنەلۆژیا کرایە سەرۆکی ئەو لیژنەیەو لەماوەی کارکردنی ئەو لیژنەیەدا لەنێوان (٢٠٠٦/٨/٢٨) تا (٢٠٠٧/١٢/٢٦) لیژنەی ناوبراو (٢٣) کۆبوونەوەی ئەنجامدا، بەڵام تا (٢٠٠٧/١٢/٣١) ئەو مادەیە جێبەجێنەکراو سنووری کارەکانی تەنیا لە چوارچێوەی قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو عەرەبە هاوردەکان تێپەڕی نەکرد.

دواترو لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨)دا کێشەی کەرکوک بە دیوێکی دیکەدا هاتەوە گۆڕەپانی سیاسیی، کاتێک یاسایەک دانرا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق‌و لێرەشدا کێشە لەنێوان لایەنە عێراقییەکاندا دروستبوو سەبارەت بە چۆنێتی ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە لە کەرکوکداو دابەشکردنی پۆستەکانی ئەو شارەو دواتر لە (٢٠٠٨/١٠/٨)دا لە یاسایەکدا هەمموارکراو مادەی (٢٣)ی تێدا دانراو پێکهێنانی لیژنەی مادەی (٢٣)ی لێکەوتەوە، کە ئەرکی دابەشکردنی پۆستە ئیداریی‌و گشتییەکانی کەرکوک بوو، سەرەڕای پێشکەشکردنی راپۆرتی خۆی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ئەندامانی ئەو لیژنەیە نەگەیشتنە دەرئەنجام‌و رێککەوتنێکی گونجاوی قایلکەری پێکهاتەکانی کەرکوک بە کوردو تورکمان‌و عەرەبەوە، هەربۆیە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەو لیژنەیەش شکستی هێنا.

لەوبارەیەشەوە د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاشکرایکرد، کە لیژنەی مادەی (٢٣) هیچ دەرئەنجامێکی نەبوو، وادیاریشە مادەی (١٤٠) بەرەو جێبەجێکردن ناڕوات، «چونکە ماوەیەکی زۆرە ماوەتەوە».

## پرۆژەیەکی بەجێماو

لە سەروبەندی جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)دا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش هێنرایە ناو هێڵی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکانەوە، نێردەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کە بە (یونامی) ناسراوە ئەو ئەرکەی جێبەجێکرد، سەرەتا ستیڤان دیمستۆرا نێردراوی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پرۆژەیەکی پێشکەشکرد، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان جگە لە کەرکوک، لە ناوەڕاستی ئەمساڵیشدا پرۆژەیەکی هاوشێوەی سەبارەت بە کەرکوک دایە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق‌و سەرەڕای رانەگەیاندنی ناوەرۆکی ئەو راپۆرتە، سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەدا کە بەپێچەوانەی راپۆرتەکەی پێشووتریەوە چارەسەری بۆ کێشەی ئەو ناوچانە دانەناوەو تەنیا راوبۆچوونی لایەنە ناکۆکەکانی لە چوارچێوەیەکدا کۆکردووەتەوەو لە ئەگەرەکانیشدا هاتووە، کە کەرکوک بارێکی تایبەتی جیا لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقی هەبێت یان بەشێوەی ئیدارەی هاوبەشی نێوان پێکهاتەکانی بەڕێوەببرێت‌و بودجەو خەرجی کەرکوک یان لە داهاتی نەوتی شارەکە بێت یان راستەوخۆ لەلایەن بەغداوە بودجەی بۆ دابینبکرێت.

بەبێ وەرگرتنەوەی وەڵامێکی گونجاو سەبارەت بەو راپۆرتەی دیمستۆرا، عێراق‌و پۆستەکەی بەجێهێشت‌و لە (٢٠٠٩/٧/٧)ەوە ئاد میلکرت جێگەی گرتەوە، بە تێڕوانینی چاودێرانیش راپۆرتەکەی دیمستۆراو بێدەنگی لایەنەکان لەسەری ئاماژەیە بە قوورسی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لەلایەن (UN)ەوە، ئەمە سەرەڕای مەترسی گواستنەوەی کێشەی کەرکوک لە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقەوە بۆ کێشەیەکی نێودەوڵەتی فرە رەهەند.

لەوبارەیەوە فاتیح عەبدوڵڵا، پسپۆری بواری مێژووی کورد، پێشبینی ئەوەی کرد کە کێشەی کەرکوک لەدەست نەتەوەیەکگرتووەکان بمێنێتەوە، بەوپێیەی عەرەبەکان سووردەبن لەسەر داواکارییەکانی خۆیان‌و کەرکوک بە بەشێک لە عێراق دەزانن‌و کوردیش بەلاوازیی دەپارێتەوە کە ئەو دۆسیەیە گەیشتە نەتەویەکگرتووەکان بەهۆی بوونی (٢٢) دەوڵەتی عەرەبییەوە کاریگەری خۆیان دەبێت.

## تەنیا مالیکی تاوانبارە؟

جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)و بە هەڵپەسێردراو مانەوەی کێشەی کەرکوک بەلای هەندێک لە شارەزایانی سیاسییەوە تەنیا ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی حکومەتی عێراق وەک لایەنی جێبەجێکردن‌و حیزبە عەرەبیەکانی دیکەی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نییەو سەرکردایەتی سیاسی کوردو ئەدایان لەبەغدا هۆکارێکی دیکەی جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیە بووە، لە کاتێکدا بەرپرسانی کورد لە بەغدا هەمیشە ئاماژە بەوە دەکەن کە کاریان بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە کردووەو پێشتریش بەرپرسانی هەرێم جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت مادەی (١٤٠) لەکاتی خۆیدا جێبەجێبکرێت‌و جێبەجێشنەکرا. رەخنەگرتن لەلاوازیی دیبلۆماسیەت‌و ئەدای سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەماوەی رابردوودا سەبارەت بە مادەی (١٤٠)و چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک لەکاتێکدایە کە کورد لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی عێراقدا سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران‌و (٦) وەزیرو لە دەسەڵاتی تەشریعیشدا (پەرلەمان) (٥٥) ئەندامیان هەیە.

عەلی ساڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی کوردی، وێڕای ئاماژەدان بە تاوانی حکومەتی ناوەندی لە جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)دا ئاماژە بەوە دەکات، کە کوردیش لە جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیەدا تاوانبارە، بەتایبەت نوێنەرانی کەرکوک لە بەغداو وتیشی: «بەبڕوای من نوێنەرانی کەرکوک لە بەغدا هیچیان بۆ کەرکوک نەکردووەو ناشیکەن تەنیا قسەی بەتاڵ نەبێت‌و چەندین نوێنەری کەرکوکمان لەبەغدا هەیە کە کەرکوکیان نەدیوە».

ساڵەیی راشیگەیاند: «ئێمە نەمانتوانیوە بەرگری لە مافی خۆمان بکەین‌و نەدەبوو کەرکوک بخرێتە مادەکانی (٥٨)و (١٤٠)و (٢٣)ەوە، کەرکوک کودستانییەو بەڵگەکان دەیسەلمێنن، بەڵام نەمانتوانی هیچ بکەین، ئەمەش بەڵگەی شکستی قودرەتی سیاسی کورد پیشاندەدات».

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەمان رای هەیەو پێیوایە، لایەنی کوردی وەک پێویست نەیتوانیوە سەرپەرشتی کاروباری کەرکوک بکەن، وتیشی: «بەشێوەیەکی حیزبی لە کەرکوکیان روانیوە کە هەریەک لە دوو حیزبەکە دوو بارەگاو دوو ئاسایشیان لە کەرکوک هەبووە، گفتوگۆی پێویست لەگەڵ تورکمان‌و عەرەبەکاندا نەکراوە تا رایانبکێشن بۆلای خۆیان‌و لەسەر کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا دانەنیشتوون، ئەوەش بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆزکردووە».

د.مەحمود عوسمان ئاماژەی بە نەبوونی شەفافیەتیش کرد لە سیاسەتی سەرکردایەتی کوردا سەبارەت بە کەرکوک‌و کێشەکەی‌و رایگەیاند: «بەڕای من ناشەفافیەت زیان بە ئێمە دەگەیەنێت، دەبوایە جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) بۆ خەڵک روونبکرایەتەوە کە تاوانی هەرێم‌و بەغدا لە چیدا بووە».

هاوپەیمانییەکانی کورد ستۆک بوون، ئەگەرچی یەکێتی‌و پارتی کە خۆیان وەک نوێنەری کورد لە بەغدا دەناسێنن، رێککەوتنی چوارقۆڵی لەگەڵ هەریەک لە حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی‌و پەیماننامەی لێکگەیشتنیشی لەگەڵ حیزبی ئیسلامیدا ئیمزاکردووە، کە هەرسێ لایەنی عەرەبی بەشی شێریان هەیە لە هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و یاسادانانی عێراقدا، بەڵام کورد نەیتوانیوە ئەم هاوپەیمانیانە کارابکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک.

عەلی ساڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەپێویستی دەزانێت کە ئەو پرسیارە لە دوو حیزبەکە بکرێت، کە بۆ ئەو رێککەوتن‌و هاوپەیمانێتیانەیان لەگەڵ حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵاو حیزبی ئیسلامیدا بەستووە؟ گەر لەپێناوی کێشەی کەرکوکدا نەبێت، دەشڵێت: «ئەو رێککەوتنانەی یەکێتی‌و پارتی ئەنجامیانداوە وەک هاوپەیمانێتی وایە، لەوە ئاسانتر نییە کە لە نزیکەوە لەگەڵیان دابنیشن لەسەر کەرکوک گفتوگۆیان بکردایە، بەڵام پێموایە کێشەی کەرکوک بە بەراورد لەگەڵ کێشەکانی دیکەی عێراقدا کێشەیەکی ئەوەندە ئاڵۆز نییە چارەسەر نەکرێت، بەڵام وادیارە کێشەی کەرکوک بەهەند وەرنەگیراوە».

## دووبارەبوونەوەی مێژوو

جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)و چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک‌و نەهاتنەدی خەونی گەڕانەوەی ئەو شارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، قەیرانی دووبارەبوونەوەی مێژوو و مامەڵەی کورد لەگەڵ ئەو دۆسیە هەستیارە دەهێنێتەوە کایە، کاتێک هەمان ئەزموون لە ساڵی (١٩٧٠ – ١٩٧٤) دووبارەبووەوەو سەرەڕای پێدانی لامەرکەزی بە هەرێمی کوردستان بەهێزبوونەوەی حکومەتی ناوەندی ئەو مافەی لە کورد بردەوە.

فاتح عەبدوڵڵا، پسپۆر لەبورای مێژووی کەرکوک پێیوایە، دواخستنی کێشەی کەرکوک‌و جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) بۆ ئەوەیە کە ناوەند بەهێزبێت‌و سنووری هەرێم بخاتەوە چوارچێوەی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک، هەمان ئەزموونی ساڵی (١٩٧٠) دووبارەبێتەوە، وتیشی: «ئەمە شەشەمین جارە کورد لە عێراقدا ئەو هەڵەیە دووبارەدەکاتەوە».

فاتح عەبدوڵڵا پێیوایە، کە نهێنییەک هەیە لە چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک‌و دەشڵێت: «عەقڵیەتی سیاسیی کورد لەو ئاستەدا نییە رابەرایەتی نەتەوەیەک بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی‌و نەتەوەییەکانی‌و رکابەرایەتی بەغداش بکات، لەبەر رێژەی (٪١٧)ەکەشە کە بەرگری لە کەرکوک ناکەن».



> *** ئەمە شەشەمین جارە کورد لە عێراقدا ئەو هەڵەیە دووبارەدەکاتەوە**
>
> *** عەقڵیەتی سیاسیی کورد لەو ئاستەدا نییە رابەرایەتی نەتەوەیەک بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی‌و نەتەوەییەکانی‌و رکابەرایەتی بەغداش بکات، لەبەر رێژەی (٪١٧)ەکەشە کە بەرگری لە کەرکوک ناکەن**

# کەرکوک، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش دوادەخات

**بەهادین یوسف**

کێشەی کەرکوک، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوادەخاتو کۆمسیۆنی باڵاش پەرلەمان ئاگادار دەکاتەوە تا کۆتایی ئەم مانگە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندبکات، ئەگەرنا هەڵبژاردنەکە لەوادەی خۆیدا ئەنجامنادرێت.

کوتلەکانی عەرەبی سەربەخۆو بەرەی تورکمانیو کوتلەی سەربەخۆکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زیاتر لە (٥٠) ئیمزا کۆدەکەنەوە بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی پارێزگای کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردنداو لەبەرامبەردا کورد داوادەکات هاوشێوەی کەرکوک کورسییەکانی موسڵو سەلاحەدینو دیالەش دابەشبکرێت.

ماوەی زیاتر لەهەفتەیەکە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ خولی داهاتوو ململانێکانی گەڕاندووەتەوە ناو کوتلە سیاسییەکانو هاوشێوەی کودەتاکەی (٢٢ی تەموز)، بەشێک لە تورکمانو عەرەبەکان داوای دابەشکردنی کورسییەکانی کەرکوک دەکەنو بۆ ئەو مەبەستەش هاوپێچ لەگەڵ (٥١) ئیمزادا داواکارییەک بۆ ئەو مەبەستە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەن.

زوهێر محەمەدئەمین، ئەندامی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی نوێنەران، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا کوتلەی عەرەبییەو موستەقیلونو بەرەی تورکمانی ئیمزایان کۆکردووەتەوەو داوا دەکەن کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک بکرێتە چوار بەشەوە، ٣٢٪ بۆ سێ پێکهاتەی کوردو عەرەبو تورکمانو ٤٪ بۆ مەسیحییەکان، یان یاسایەکی تایبەت دابنرێت بۆ هەڵبژاردنی کەرکوک، ئەمەشی بە نادادپەروەرانە زانی، چونکە بەوتەی ئەو: «بەپێی یاسا هەر (١٠٠) هەزار دەنگێک کوردسییەکی بەردەکەوێت، بەڵام ڕەنگە ئەو کاتە پێکهاتەیەکی کەرکوک کە کەمینەیە بە دەنگێکی کەم کورسی هاوشێوەی کوردی بەربکەوێت، چونکە کورد زۆرینەیە».

ئاماژەی بەوەشکرد، لەبەرامبەر ئەوە داواکارییەدا هەردوو کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامیو هاوپەیمانی پرۆژەیەکیان پێشکەشکردووە بۆ ئەوەی کورسییەکانی دیالەو سەلاحەدین دابەشبکرێت بۆ سێ بازنەو کورسییەکانی نەینەواش بۆ چوار بازنە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی ئایینو تائیفی زیاتر لەو پارێزگایە هەیە: «بۆئەوەی ئەو لایەنانە پەشیمان ببنەوە لە پێشنیارەکەیانو ئەوان نزیکەی (٥١) ئیمزایان کۆکردووەتەوەو ئێمە زۆر لەو ئیمزایانە زیاترمان کۆکردووەتەوە، ئەو پێشنیازەی ئەو کوتلانە هەمان ئەوەی پێشووە کە داوایانکردبوو کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دابەشبکرێت».

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پارێزگای کەرکوک ١٣ کورسی بەردەکەوێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو تورکمانو عەرەبەکانیش دەیانەوێت کورسییەکان دابەشبکرێت، (٤) کورسی بۆ هەریەکە لە کوردو عەرەبو تورکمانو یەک کورسی بۆ مەسیحییەکانی ئەو شارە، ئەمەش دووبارەکردنەوەی سیناریۆی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، کە کورسییەکانی کەرکوکیان دابەشکردبوو بۆ (٣٢٪) بۆ هەریەکە لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکەو (٤٪) بۆ مەسیحییەکانو دواتر ئەو مادەیە هەڵوەشایەوەو مادەی (٢٣) جێی گرتەوە.

ئەندامەکەی لیستی یەکگرتوو کە ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشە ئاشکرایکرد: «هەرچەندە ناکرێت ڕەشبین بین، بەڵام ترس هەیە کە هەمان سیناریۆی ٢٢ی تەمموزی ساڵی ڕابردوو ڕووبداتەوە، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین پێشئەوەی بگاتە ئەو ڕادەیە بەری پێبگرینو نەهێڵین ئەو حاڵەتە ڕووبداتەوە، چونکە تائێستا لایەنو کوتلەکانی دیکە هەڵوێستی خۆیان ڕانەگەیاندووەو نازانین ئەو کەسانەی ئیمزایان کردووە سەر بەچی کوتلەو لایەنێکی سیاسیین».

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵژاردنەکانیش بەڕەسمی بەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان ڕاگەیاندووە، ئەگەرتا (٢٠٠٩/٨/١) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەپەرلەمان پەسەند نەکرێت ناتوانن لەکاتی خۆیدا کە (٢٠١٠/١/١٦) دیاریکراوە هەڵبژاردن ئەنجامبدەن.

لەو بارەیەوە زوهێر محەمەد ئەمین ووتی: «کۆمسیۆن ئەوەی لەبەرچاوگرتووە، تا دواتر سەرۆکایەتی کۆمار یاساکە پەسەند دەکات ئەگەر ڕەتی نەکاتەوە زۆری پێدەچێتو ئەوانیش ئامادەکاری خۆیان دەستپێدەکەن».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پشووی هاوینەی پەرلەمان لە (٧/١) بۆ (٩/١)یە، بەڵام بۆ گفتوگۆکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمساڵ پەرلەمان پشووەکەی خۆی دواخست بۆ (٧/٣١).

ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی ووتیشی: «بۆ پەسەندکردنی ئەو یاسایە دانیشتنەکانمان درێژکردووەتەوە بۆ ٧/٣١، هەوڵدەدەین پێش پشووی پەرلەمان یاساکە تێپەڕێنین، ئەگەر کێشەو ئاڵۆزی لەسەر یاساکە دروستبوو ئەوکاتە یاساکە دەکەوێتە دوای (٩/١)و دوای پشووی پەرلەمانەوەو بەم شێوەیەش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دوادەکەوێت».

بۆچارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانو بەتایبەتی کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک، سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەیەکی پێکهێناوە لەنوێنەری هەموو پێکهاتەو لیستەکانو تا ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو مۆڵەتیان دراوە تا بتوانن بگەنە دەرەنجامێک بۆ داڕشتنەوەی کۆتایی یاساکە، ئەگەر سەرجەم لایەنەکان ڕێکەوتن ئەوکاتە خوێندنەوەی یەکەمی بۆئەنجامدەدرێتو پەسەند دەکرێت.

بەوتەی زوهێر محەمەد: «ڕای لایەنە سیاسییەکان لەیاساکەدا جێگیر دەکرێتو دواتر لە کۆبونەوەیان لەگەڵ لیژنەی یاساییدا داڕشتنەوە بۆ پێشنیارو یاساکان دەکرێت، ئەگەر ئاڵۆزی دروستنەبوو، ئەوکاتە خوێندنەوە بۆ یاساکە دەکرێتو دەخرێتە دەنگدانەوە».

بەپێی مادەی ٥٦ی دەستوری هەمیشەیی عێراق، ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران چوار ساڵی ڕۆژمێری دەبێتو ماوەکە لەیەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکاتو بەکۆتایی هاتنی ساڵی چوارەم کۆتایی دێتو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران (٤٥) ڕۆژ پێش کۆتایی هاتنی ئەو خولە ئەنجامدەدرێت، بەو پێیەش دەبێت پێش کۆتایی هاتنی مانگی یەکی ساڵی (٢٠١٠) هەڵبژاردن ئەنجامبدرێتەوە.

# سەرۆکی لیستی یەکگرتوو: کورد بەشێکە لە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)، چونکە بەرنامەیەکی نەتەوەیی نەبووە

**هەستیار قادر**

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو دان بەوەدا دەنێت کە بەشێک لە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) پەیوەندی بە سەرکردایەتی کوردو مامەڵەکردنیەوە هەبووە لەگەڵ ئەو کێشەیەداو دەڵێت: «پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ناوەند بۆ (١٧٪)ەکە بووەو باشنەبوونی ئەزموونی هەرێمیش وایکردووە کە هاوڵاتی کەرکوک ساردببنەوەو گەر ڕێگەیان پێبدرێت لەگەڵ مەرکەزدا دەبن».

چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوکو جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەماوەی چوارساڵی ڕابردووی تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە کورد پشکێکی گەورەی تێدا هەبوو ئەدای بەرپرسانی کوردی لە بەغدا خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیش لەو ئەنجومەنە ئاماژە بەوەدەکات کە کورد بۆ خۆی بەشێک بووە لە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیەو ئەو شکستەشی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی بەرنامەیەکی نەتەوەیی کە هەمووﻻیەک لەسەری ڕێکبکەونو تیایدا دابەشکردن بۆ ڕۆڵەکانی بکەنو بەپێی ئەو بەرنامەیە هەڵسوکەوتەکانیان ڕێکبخەنو وتیشی: «هەر حیزبەو بەپێی حەزو ئارەزوو بۆچوونی خۆی مامەڵەی کردووە، ئەگەر بەرنامەمان هەبوایە نەدەبوو لەساڵی (١٩٩١)دا ڕاووروتمان بەربدایە کەرکوک، دەبوایە بە هەماهەنگی مامەڵەمان بکردایەو بەرلەوەی بچووینایەتە کەرکوک، بەهەماهەنگی لەگەڵ تورکمانو عەرەبەکان مامەڵەمان بکردایە، کە کەرکوک لەسەدادسەدە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستانو دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٣)و بەهەمانشێوە هەمان هەڵەمان دووبارەکردەوە، شەرە حیزبایەتیو شەرە پەڕۆو شەرە بارەگاو تا دوو ئاسایشو دوو مامەڵەکردن ئەمە هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە».


د.محەمەد ئەحمەد

د.محەمەد ئەحمەد جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، کە دەبێت بزانرێت چۆن مامەڵە دەکرێت لەسەر ئاستی ناوخۆو دەورووبەرو نێودەوڵەتیو ئێمە حسابمان نەکردووەو حیزبەکانیان چۆن پاڵیان پێوەنابێت وا مامەڵەیان کردووەو کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداشی بە نموونەیەکی ئەو خراپ مامەڵەکردنە هێنایەوە، کە کاریگەریی لەسەر چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک هەبووەو وتیشی: «دەرهێنانی نەوت بەڕاستی کێشەی کەرکوکی ئاڵۆزکرد، لەکاتێکدا هیچ سوودێکمان لە دەرهێنانی ئەو نەوتە نەکردو ئێستاش سەقامگیری لە قازانجی کوردە، هەمیشە لێدوانەکانمان بە ئاقارێکدایە کە خەڵک دەتۆقێنین کە ئێمە دابەشکردنی عێراقمان دەوێتو بە هەڵسوکەوتمان وادیارەو خەڵک کەوتووەتە گومان لێمانو دەڵێن ئەمە کەرکوکیان بەدەستەوە نییە ئاوا دەکەن، ئەگەر بەدەستیانەوە بێت چی دەکەن؟».

زۆرجار لەنێوان کەرکوکو (١٧٪)دا پرسیار ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەکرا، کە کامیان پێباشەو چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوکیش لەماوەی ئەم چوارساڵەدا بەشێوەیەکی سروشتی هەڵبژاردنی ڕێژەی (١٧٪)ی دەرخست لە تێڕوانینی سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە، لەوبارەیەشەوە سەرۆکی لیستی یەکگرتوو ئاشکرایکرد کە تائێستا مامەڵەکان لەگەڵ ناوەندا تەنیا بۆ ئەوەبووە (١٧٪) وەربگرنو ئەگەر باسی ئەو ڕێژەیەش ڕۆیشتبێت چاویان لەوانی دیکە پچڕاندووە، ڕاشیگەیاند: «زۆرجار ئیستغلالی ڕێژەی (١٧٪)ی ئێمەیان کردووەو ئێمەش نەمانتوانیوە وەک کارتی گوشار بودجە بەکاربهێنین بۆ بەرژەوەندی کێشەی کەرکوک». پەیماننامەو ڕێککەوتنە ئاشکراو نهێنییەکانی یەکێتیو پارتیش لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکانی عێراق بە شیعەو سوننەشەوە دەرگای پرسیاری سەر جەدواو سوودی ئەو ڕێککەوتنانە دەکاتەوە لەسەر کەرکوک کە تائێستا کێشەکەی بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، لەو بارەیەشەوە د.محەمەد ئەحمەد وتی: «ئەو ڕێککەوتنانە بۆ ئەوە نەکراوە کە کێشەی کەرکوک چارەسەربکرێتو لە نەبوونی بەرنامەیەکی کارکردندا ئانیانە مامەڵەدەکەن، ئەو دەڵێت ئەوەم بۆ بکەن با منیش ئەوەت بۆ بکەم، ئەوجۆرە مامەڵەیەش گشتگیرنییەو ناتگەیەنێتە دەرەنجامو زەمینەسازیی بۆناکرێت، لەبەرئەوە نە توانیومانە قورسایی خۆمان لە هاوکێشەی سیاسیی بەکاربهێنینو نە ڕێککەوتنو هاوپەیمانییەکانیشمان لەسەر ئەو بنەمایانە بەکاربهێنین».

جیاوازی سیاسەتی یەکێتیو پارتیش لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکان بۆخۆی هۆکارێکی دیکەی خاوبوونەوەی هەوڵەکان بووە بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان تا ئەو ڕادەیەی هەندێک پێیانوایە، پارتی پێی باش نییە بە کەرکوک بە قەزاو ناحیەکانی چەمچەماڵو کفریو کەلارەوە بگەڕێتەوە سەر کوردستان، چونکە ئەو ناوچانە نفوزی یەکێتی تیایەو بەپێچەوانەشەوە یەکێتی بەبێ لکاندنەوەی ئەو قەزاو ناحیانە گەڕاندنەوەی کەرکوکی پێ باش نییە.

د.محەمەد ئەحمەد ئاماژەی بەوەشدا، کە یەکێتیو پارتی دیدیان ڕۆشن نییە بۆ کەرکوکو ناتوانن دانی پیابنێن. وتیشی: «زۆرجار ئەمیان حەزناکات کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە دەبێتە بەشی ئەو، ئەوی دیکەشیان بەپێچەوانەوە ئەو مەترسییەش بەڕوونی بەیەکێتیو پارتیەوە دیارە.

ئەمجۆرە مامەڵەکردنەی یەکێتیو پارتی ئەم دوودیدە جیاوازە لە کەرکوکدا بەڕای سەرۆکی لیستی یەکگرتوو، هەستی گەڕاندنەوەی بۆ ناوەندی لەنێو کەرکوکیەکاندا زیاتر کردووەو ئاماژەی بەوەشدا کە زۆرێک هەیە قەناعەتیان وایە کە کەرکوک نەچێتە سەر هەرێمی کوردستانو وەک هەرێمێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بەمەرجێک دەرگای بەستنەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لێ دانەخرێت، بەڵام ناوێرن ئەم تەرحە بکەن، هەریەکەیان دەترسن موزایەدەی بەسەردا بکرێتو ناشتوانن بیر لە تەرحی دیکە بکەنەوەو وتیشی: «حەماسی خەڵکی کەرکوک بەهۆی مامەڵەی بەرپرسە مەیدانییەکانو چۆنێتی مامەڵەکردنی خەڵکی دەورووبەرو خەڵکی کەرکوکو باشنەبوونی ئەو ئەزموونەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە هەمووی وایکردووە کە هاوڵاتی کەرکوک ساردببنەوەو گەر ڕێگەیان پێبدرێت لەگەڵ مەرکەزدا دەبن، چونکە نەمانتوانیوە خزمەتیان پێشکەش بکەینو بەپێچەوانەشەوە زۆرجار ئاڵۆزیمان بۆ دروستکردوون لەگەڵ هاوڵاتیەکانی خۆیاندا».

# پێشبینییەک بۆ کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات لە هەڵبژاردنی ٢٥ی تەممووزدا



**هادی ئەمین**

لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا دووجـار پەرلەمان هـەڵـبـژێـردراوە، یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٢و دووەمجاریش لە ساڵی ٢٠٠٥دا بوو، بەڵام هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر جیاوازترە، چونکە گۆڕانێکی گەورە ڕوویداوە لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستانداو هۆشیاریی خەڵکی زیاتر بووەو هێزی بەرهەڵستکارانیش ڕوو لەزیادبوونن.

ئاڕاستەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕوو لەزیادبوونە:

دوو ئاماژەی بەهێز ئەم پێشبینییە دەسەلمێنن:

١- چوار حیزبەکە وەک مونافیسێکی گەشەکردوو هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوەو ڕێـژەی دەنگەکانیان ڕوولەزیادبوونە، ئـەگـەر بـەراوردبـکـەیـن دەبینین لە پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢دا ئەو چوارحیزبە هیچ کورسییەکیان نـەبـووە، بـەڵام لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا نزیکەی ١٨ کورسییان بەدەستهێناوە، ئەمەش ئاماژەی ڕوولەزیادبوونی ئەو هێزەیە.

٢- سـەرهـەڵدانی لیستی گـۆڕان گەرموگوڕی دروستکردووەو بەپێی ڕاپرسیو گەرموگوڕیی بانگەشەکان پێشبینیدەکرێت زۆرینەی دەنگدەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانو زۆرینەی دەنگە ناڕازییەکانی کوردستان بۆخۆی مسۆگەربکات.

ئاڕاستەی کورسییەکانی پارتیو یەکێتی ڕوو لەکەمبوونە:

دوو ئاماژەی دیکە ئەم پێشبینییە دەسەلمێنن:

١- بەبەراوردی ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥، ڕووندەبێتەوە کە ئاڕاستەی دەنگەکانی پارتیو یەکێتی سەربەرەوخوارە، ئەوەبوو لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا پارتیو یەکێتی هەر یەکەیان ٥٠ کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، بـەڵام لـە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕێـژەی دەنگەکانیان کەمبووەوەو بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستاندا نـووسـراوە، ژمـارەی کورسییەکان بەمجۆرە دابەشکراوە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٣٨ کورسی، پارتی دیموکراتی کوردستان ٣٧ کورسی، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ٩ کورسی، کۆمەڵی ئیسلامی ٥ کـورسـی، کورسییەکانی دیکەش دابەشبوون بەسەر تورکمانو حیزبی شیوعیی کوردستاندا.

واتە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕێژەیکورسییەکانیانهاتووەتەخوارەوەو هەریەک نزیکەی سێیەکی کورسییەکانیان لەدەستداوە، پارتی ١٣ کورسیو یەکێتیش ١٢ کورسی لەدەستداوە.

٢- لـەلایـەکـی دیـکـەوە بەبەپێی دەرئەنجامی ئەو ڕاپرسییانەی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٥بڵاوکراونەتەوە،ڕوونبووەتەوە کە ڕێژەی دەنگە ناڕازییەکان لە کوردستان ڕوو لە زیادبوونە، ئەوەش وایکردووە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی پارتیو یەکێتی ئێستا یان بێلایەنن یان چوونەتە ناو پارتو لیستەکانی دیکەوە یان خۆیان پارتی نوێیان دامەزراندووە.

لـێـرەدا بەنموونە ئـامـاژەدەکـەم بـە ڕاپرسییەکی ڕێـکـخـراوی پۆینت بەناونیشانی: (پەرلەمانی کوردستان لە نێوان نوێنەرایەتی گەلو پابەندبوونی حیزبیدا) کە لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٨دا ئەنجامیانداوە لەنێو هەزار کەسی هەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئەو ڕاپرسییە دەنگی ناڕازیی ڕوو لەزیادبوونەو لە وەڵامی پرسیاری ژمـارە چـواردا کە بریتییە لە (ئایا ڕازایـت لەمەڕ ئاستی کاری پەرلەمانی کـوردسـتـان؟) زۆرینەی بەشدارانی ڕاپرسییەکە بەڕێژەی ٥٩,٣٪ بە نەخێر وەڵامیانداوەتەوە، واتە ناڕازین لە پەرلەمانی ئێستا، ئـەوەش بەواتای ناڕازیبوون دێت لە یەکێتیو پارتی.

وەک باسکرا لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا پارتی ٣٧٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، یەکێتیش ٣٨٪، واتـە بەهەردووکیان ٧٥٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێنابوو، بەڵام ئەمجارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاماژانە پێشبینیدەکەم: پارتی تەنیا ٣٠٪ی ڕێژەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت و یەکێتیش ١٠٪ی دەنگەکان.


ئەگەر وردبینەوە لەم چارتەی لای خوارەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەدوو خولی پەرلەماندا ڕێژەی کورسییەکانی پارتیو یەکێتی ڕوو لەکەمییەو ڕێژەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕوو لە زیادبوونە.

لـەو بـەراوردو شیکردنەوانەی سەرەوەدا ڕووندەبێتەوە کە زەحمەتە پارتیو یەکێتی زۆرینە بەدەستبهێنن، ئـەوەش نهێنیی پارەبەخشینەوەو سەردانەکانی سەرانی دووپارتەکە ڕووندەکاتەوە بۆ قەزاو ناحیەکان.

وەک لە میدیاکانەوە دەبینین جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراقو د.بـەرهـەم ساڵحو هەموو سەرانی یەکێتی سەردانی قـەزاو ناحیەکان دەکەنو بەپەرۆشەوە داوادەکـەن لە خەڵکی کە دەنگبدەنە مەسعود بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمو لیستی کوردستانی.

لـێـرەشـەوە ڕوونـدەبـێـتـەوە کە فرسەتێکی زۆرگەورە هەیە لەبەردەم لیستەکانی دیکەدا، بۆئەوەی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبهێنن.

Hadi.ameen@yahoo.com




# ٢٥ی تەمموز، ڕۆژێکی چارەنووسازە

**عومەرمحەمەد**

هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێم لە ڕێگای خەڵکەوە لە ٢٥ی تەممووزی ئەمساڵدا، تێپەڕینی قۆناغێکی لەرادە بەدەر هەستیارو گرنگە، بۆیە ناشێت هاونیشتمانی بـەخـەم سـاردیـیـەوە تەماشای بکات، چونکە ئەم هەڵبژاردنە لەدەستی خەڵک خۆیدایەو ئەگەر کەمێک بیری بداتێ لە توانایدایە وەرچەرخانێکی مێژوویی دروستبکات، بە پێچەوانەشەوە لەپاش هەڵبژاردن پەشیمانی دادی کەس نادات، تا خولێکی دیکەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەگەر بەم ئەدا نادیموکراسیەی خۆیەوە بمێنێتەوە سبەی دەنگی خەڵک خراپ بەکاردەهێنێتەوە، دەتوانێت جێپێی خۆی قایم بکاتو تۆتالیتاریزم بکاتە ئەلتەرناتیڤی دیموکراسیەت، ئەگەر بۆ خەڵک ئەم قوناغە گـرنـگو چارەنووسسازبێت، ئـەوا بۆ دەسەڵاتی سیاسیش گرنگترە بەدەستهێنانەوەی خەڵک جا هەرچۆنێک بـەدەسـتـی بهێنێت بۆ ئـەو دەبـێـتـە دەستکەوتێکی گەورەو بەهۆیەوە دەتوانێت بەپێچەوانەی هەر ئاقارێکی دیموکراسیو پێشکەوتووخوازانە سوکانی دەسەڵات بـەلای تۆتالیتاریزمدا وەرچەرخێنێت، هـەر کەسێکیش دەنگی لێبەرزبێتەوە دەڵێت من دەنگی خەڵکی کوردستانم، ئەگەر لە ڕابـردوودا، بێگوێدانە هەستی جەماوەر دەسەڵات سووربوبێت لەسەر بەرهەمهێنانی وێنە دزێوەکانی خۆیو لە سەرگرتنی گردۆڵکەیەک درێژەی بە شەڕو ستەمکاریی دابێت، بێئەوەی باکی لە خەڵکی کوردستان هەبووبێت، ئەوا لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا هاوڵاتی دەتوانێت فشار بخاتە سەر قەوارە سیاسییەکان بۆ ئەوەی لەکاتی مومارەسەی دەسەڵاتدا پێ لەبەرەکەی خۆیان زیاتر ڕانەکێشنو ڕێز لە خۆیانو ئەو متمانەیە بگرن کە جەماوەر یان دەنگدەر پێیان دەبەخشێت، ئەگەر هاونیشتمانی ڕێز لەدەنگی خۆی بگرێت، با دەسەڵاتیش نیازی خراپ بێت، ئەوا دەتوانێت بە فشاری خۆی بیخاتەوە ناو قاڵبەکەی خۆیەوەو سنووری بۆ دیاریبکات، بێگومان ئەگەر خۆمان ناسی دەتوانین وێنە دزێوەکانی ڕابـوردووش بە مۆزەخانەی مێژوو بسپێرینو وێنەی داهاتوومان جوان بکەین، ڕووخساری دیموکراسیو دادپـەروەریـی خۆمان نیشانی دونیا بدەین، چونکە پێموانیە هیچ میللەتێک لە دنیادا هێندەی کورد زەرەری لە ستەمکارییو نادادپەروەریی کردبێت، چ نادادپەروەریی حکومەتەکانی دەوڵەتی عێراق بووبێ لە ڕابوردوودا چ ستەمکارییو نادادپەروەریی دەسەڵاتی کورد بووبێت لە میانەی هەژدەساڵی ڕابوردوودا.

هەڵبژاردنی ئەمجارە تەنیا لەبەر ئەوە گرنگ نییە کە قەوارەی سیاسیی زۆرترو لیستی جیاواز لە مەیدانو ڕکابەری یەکترین، بەڵکو لەبەر ئەوە گرنگە کە خەڵک ئەو ملاملانێیانە یەکلایی دەکاتەوە، هەردوو حزبی دەسەڵاتدار کە لە ڕابردوویاندا جگە لە ستەمکاریی شتێکی دیکەیان بۆنەهێناین، ئێستا پێکەوە بە لیستێک دادەبـەزنو بەرامبەر بە ڕکابەرەکانیان سەنگەرێکیان گرتووە، هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە جگە لە چوار حیزبەکە، لیستی گۆڕان ڕکابەرێکی سەرسەختو جدیترە لە قەوارەکانی دیکە، لەڕاستیدا ڕکـابـەری لیستی گـۆڕان بـەرامـبـەر بەهەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە لیستێکی هاوبەشدا مەسەلەیەکی سادەو ساکارنییە، چ لایەنگری ئەو لیستەو چ ڕەتکردنەوەی ناشێت بەهۆی مەسەلە لاوەکیەکانەوە بێ لە سۆزەوە یان لە ڕقەوە سەرچاوەی گرتبێت، گرنگە دەنگدەر ئەو ڕاستیەی لەلا ڕوونبێت کەوا بەلای کەمەوە بەهۆی ئەو کورسیانەی لیستی گۆڕان بەدەستی دەهێنێت پەرلەمانی داهاتوو لەخەو ڕادەچڵەکێنێتو دەیکەنە جێگای ململانێ، واتە ئەو کێبەرکێیەی ئەمڕۆ لەناو خیابان دەیبینین سبەی لەناو هۆڵی پەرلەمانە، خۆ ئەگەر بێتو کاندیدەکانی لیستی گۆڕان شایستەی ئەو دەنگانەبن کە پێیان دەدەن، ئەگەر بارەکە وا کەوتەوە، ئەوا پەرلەمانیش چالاک دەبێتو لانی کەمی ئیرادەی خەڵکی کوردستانی تێدا بەرجەستە دەبێت.

دوای هەژدەساڵ لە دەسەڵات مادام هێشتا پاساو بۆ ستەمکارییو غەدری ئاشکرا دەهێننەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سنوورێک بۆ ستەمکاریو گەندەڵی دابنرێتو گۆڕان بەسەر هەرسێ دەسەڵاتە هەستیارەکەی هەرێمدابێت، ئەمە دژایەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارنییە، ئەگەر بە لۆیکی دیموکراسیەت هەڵسوکەوت بکەن، بەپێچەوانەوە بەر لە هەر کەسێک ئەوان بەرپرسیارێتی مێژوویيان لە ئەستۆیە، چونکە ئـەوەی لەبەردەمیانە دەرفەتی دیموکراسیەنەک ڕێگای تۆتالیتاریزم،ئەوەی زەخیرەی ئەوانە خەڵکو دیموکراسیەتو مافەکانی مرۆڤە بەپێچەوانەی ئەم لۆژیکەوە دەرفەتی تۆتالیتاریزم بەرتەسکترە، چونکە دەنـگو ڕەنگی جیاواز ئەمری واقیعەو بەهەر نرخێک بووە پێی قایل بن بۆ خۆیانو کۆمەڵگەو ئایندەشمان سوودمەند ترە، تواناو ئیرادەی ئەوانی دیکە زەخیرەی کۆمەڵگایەو سبەی لە دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردندا، بەشداریی دەکەن، کوردیش بەشێکە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو لەپاش ڕاپـەڕیـنـەوە ئومێدەکانی دەکـوژرێـنو سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی ڕێگربووە لەوەی ئەم میللەتە مەینەتبارە، ژیانێکی نوێو قۆناغێکی نوێ دەست پێبکات، ئیتر ئەرکی دەسەڵاتی سیاسییە جا بە دەست هەر کەسو لایەنێکەوە بێت دەبێت دەرفەتی مومارەسەی دیموکراسیو هەڵبژاردنی ئازادانەو گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵکو گۆڕینی دەسەڵات بەشێوازی ئاشتیانەو پێشکەوتووخوازانە بدات، بەرهەمهێنانەوەو بە پیرۆز تەماشاکردنی نەریتو ڕەفتارەکانی بەعس شایانی کۆمەڵگای کوردستان نییە، ئەم دەورەش درێژەی هەبێت لە داهاتوودا هەوڵەکان بۆ کورتکردنەوەی دەستی بەعسیزم چڕتر دەبنەوە، بۆیە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، بە سەرکەوتنی ئەم هەڵبژاردنە، تەنیا دەستکەوتەکانی ناچنە گیرفانی ئۆپۆزسیۆنەوە، بەڵکو هەموو لایەک لێی سوودمەند دەبـن لە پێشدا دەسەڵاتی سیاسی دیار کە خاوەنی میلیشیاو پارەو سەرمایەیە، ئەگەر هەڵبژاردن بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوەبچێت، ئەوا بە کردەوە دەیسەلمێنن تا چەندە لەگەڵ دروشمو قسەی خۆیان دەرهەق بە ئایندەی کۆمەڵگا ڕاستگۆن، بەپێچەوانەشەوە بەرپرسیارن لە هـەرەسو ڕووخانی دیموکراسیەت لەم وڵاتـەدا، بێگومان دەبێت دان بەو ڕاستییەشدا بنێن کـەوا دکتاتۆریەتو تۆتالیتاریزم تاسەر بۆکەس ناچێتە سەر، کەواتە لە دوو ڕییانی ئەمجارەدا بەتایبەتی پارتی دیموکراتو یەکێتی نیشتمانی دەتوانن ئەوەی چەند ساڵە پروپاگەندەی بۆدەکەنو ئەو پێشێلکاریانەشی پاساوی بۆ دەهێننەوە بـەڕوونو شەفافی بیدەنە دەستەوە، لە ئێستادا هەرچی دەڵێن بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەژمێردرێت، پاش هەڵبژاردنو ئەنجامەکان بە قایلبوون یان ملنەدان سەنگی مەحەکە.

Omerm2006@yahoo.com

# تابوری پێنج...

**پشکۆ ناکام**



... هەڵبژاردنی ئایندەی پارلەمان و سـەرۆکـی هەرێم، چەندین دیـــاردەو ـ کـلـتـووری ـ تـازەی لێدوانی هێنایە کایەوە.. یەکێک لەو کلتوورە تازەیەی لێدوان کە لە داهێنانی (دەسـەڵات)ە، بریتییە لە لابردنی ئەتەکێتی لێدوان، کە زۆرجار قسەی سەرجادەو باونەماو، بنەمای دیاری قسەو لێدوانەکانە، تاوانبارکردن بـە «تـابـوری پێنج» تازەترین ئەلبومی لێدوانەکانی دەسەڵاتە.. بـەلـێ دەسـەڵاتو سەرچۆپی سیمینارەکانیان ئەو ڕەوتە مەزنە جەماوەرییەی «گۆڕان» بە ـ تابوری پێنج ـ لە قەڵەمدەدا.. لەوجۆرە «زۆڕنالێدانانەمان» زۆردەمێکە گوێ لێبووە، خوێندوومانەتەوەو لـەسـەری ڕاهـاتـوویـن.. بـەڵام ئەوەی پێویست دەکات ئەمجارە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین کە کام لەو زوڕناژەنانەن لەوجۆرە لێدوانانە دەدەن؟!

یەکێک لە سیفاتی «تابوری پێنج» بوونی فایلە، واتە دەبێت فایلدار بیت لە پەیوەندییە (نهێنیو ئاشکرا)کانی یەکێک لە دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، کە بەڕێزت خاوەنی ئەو فایلە سەوزەیت، چۆن دڵت دێت ئەو سیفەتە جوانەی ڕاستترین پێناسەی خۆتە، وەک (تـاوان) بیخەیتە پاڵ کەسان و گروپی گۆڕانخواز!! تۆ یەک کە سەرەڕای ئەوەی فایلداریتو لە پلینومێکی ئاهەنگی «عەزیز وەیسی»ئاسا بەچەپلە گـەڕایـتـەوە ـ الصف الوطني ـ دەبـوایـە تا ماویت لە ژیاندا، بست بە بستی ئەم خاکەی کوردستان مـاچ بکەیت، کەچی لەبری ئـەوە، هەستو هـاوارو پەرۆشی ئەو جەماوەرە زۆرەی داواکاری ـ گۆڕانن ـ بە ـ تابوری پێنج ـ لە قەڵەم بدەیت!

تۆیەک کە لە کاتێکدا هەڤاڵو هاوڕێکانی سەنگەری خۆت بۆ هێنانەدی ئازادیی گیانی خۆیان بەخت دەکـرد، ئەوکات کە ئەو هەڤاڵو پێشمەرگانە لە سەخترین بـاری ژیـانـدا، لـە چیاکاندا لە خەباتی شەڕفمەندایەتیدا بوون، تۆش سەرقاڵی پەیوەندییە نهێنییەکانی خۆت بویت، کاکی فایلدار!!

گەر ئێمە تابوری پێنج بوینایە، هەر بۆ پشتیوانی کردنی کەسانی وەک تۆ، ئەبوایە سەر بە لیستە دووجـەمـسـەریـیـەکـەی خۆتان بوینایە..

گەر ئێمە تابوری پێنج بوینایە، ئەو هەموو پشتگیرییەی قوربانیانی ئەنفال بۆ ئێمە، بۆ؟ ئەو هەموو پشتگیرییەی کەسوکاری شەهیدان بۆ ئێمە، بۆ؟

گەر ئێمە تابوری پێنج بوینایە، دەبوو ئەو لیستو لایەنەی بەهێزی (تابوری پێنج) تۆیان لە هەولێر وەدەرنا، ئێستا هاوکارو هاولیستی ئێمە بوونایە..

گەر ئێمە تابوری پێنج بوینایە، هەڵبەت سەربەخۆیی و ئایندەی ڕەوای کوردستانمان بە ـ خەونی شاعیرانە ـ ناو دەبـرد، چونکە تەنیا لە دیدی تابوری پێنجەوەیە کە کـورد نابێت قـەوارەی خۆی هەبێت...

تابوری پێنج دژایەتیکردنی خواستەکانی خەڵکی کوردستانە، خواستی خەڵکی کوردستان لە سەرکەوتنی ـ گـۆڕانـە ـ لەم بـەراوردەدا دەردەکـەوێـت کێ تابوری پێنجە...

# سەفین دزەیی: تەنیا پەرلەمان دەتوانێت بڕیاری یەکگرتن لەگەڵ تورکیا تاووتوێ بکات

**شالاو فەتاح**

دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی (گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی)و پێشنیازی لکاندنی هەرێمی کوردستان بەتورکیاوە لەکاتی کشانەوەی ئەمریکاو دروستبوونی ململانێو جەنگ لەنێوان هەرێمو حکومەتی ناوەندی عێراقدا، حکومەتی ئەنقەرەو میدیای تورکیا ئەم راپۆرتەیان بەجدی وەرگرت، هەربۆیە ئەنقەرە زۆر بەزوویی و بەڕەسمیی وەڵامی راپۆرتەکەی بە نەرێ دایەوەو باسی لە جێگیریی سنووری تورکیا کردو پێشنیازی راپۆرتەکەی ڕەتکردەوە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا وتی هیچ داوایەکی رەسمیی کوردی لەوبارەیەوە پێ نەگەیشتووەو ئەوانیش مامەڵە لەگەڵ خەیاڵدا ناکەن، تا کێشەکە نەبێتە کێشەیەکی سیاسیی راستەقینە، تورکیا مامەڵەی لەگەڵدا ناکات. هەرچی میدیای تورکیایە زیاتر بەدەم بابەتەکەوە چوون بە وەرگرتنی رای چەند بەرپرسێکی کوردیو خستنەڕووی چەندین راپۆرتی شیکاریی دەربارەی سوودو زیانەکانی ئەو پێشنیازە لەکاتی جێبەجێکردنیدا.

رۆژنامەی (میللییەت)ی تورکیا لەمبارەیەوە لێدوانێکی سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی وەک ئاماژە بە خواستی بەرپرسە باڵاکانی هەرێم دەربارەی پێشنیازی راپۆرتەکە بڵاوکردەوە، کە دەڵێت: «ئەگەر بەغدا زۆرمان بۆ بهێنێت ئەوا تورکیا هەڵدەبژێرین». بەڵام سەفین دزەیی لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی راگەیاند، کە ئەو لێدوانە «راست نییەو بەهەڵە بڵاوکراوەتەوە». ئەو لە لێدوانەکەیدا باسی هاوپەیمانێتیو دۆستایەتی کردووە، نەک یەکگرتنو زیندووکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ.

دزەیی وتیشی تورکیا تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپاو پەیمانی ناتۆو دیموکراتییەتو پێشکەوتنی ئابووریو چەندین تایبەتمەندی دیکەش، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە دەست لە واقیعی سیاسیی ئێستای خۆمان بەردەینو پەیوەندی بکەین بە تورکیاوە، تەنیا پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دەتوانن لەوبارەیەوە بڕیاربدەن. لەبارەی بوونی پەیوەندیی هەرێمو تورکیا دزەیی وتی: «پەیوەندییەکان رەسمییو ئاشکرانو هیچ هەوڵێک نە شاراوەو نە ئاشکرا لەبارەی یەکگرتنەوە نییە».

لەبارەی لێدوانی وەزیرێکی حکومەتی هەرێم بۆ «گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی» کە تێیدایەکگرتنی تورکیاو هەرێمی بەبژارەیەکی گونجاو زانیبوو لەکاتی دروستبوونی جەنگ لەنێوان حکومەتی ناوەندیو هەرێمدا، دزەیی وتی: «من ئەو وەزیرە ناناسمو نازانم کێیە، بەڵام وەک دەزانین چەند وەزیرێکی سەربەخۆمان هەیە لە حکومەتی هەرێمداو هەموو کەسیش ئازادە لە دەربڕینی رای شەخسی خۆی، بەڵام رای ئەو وەزیرە گوزارشت لە بۆچوونی شەخسی خۆی دەکات، نەک حکومەتو پەرلەمانی هەرێم، چونکە ئێمە ئێستا لە چوارچێوەی عێراقدا سیاسەت دەکەینو دەبێت واقیعی بین نەک پەنابەرینە بەر ئەو جۆرە پێشنیازانە».

دزەیی بوونی ئەو جۆرە لێدوانانە بە «نەشیاو» دەزانێتو پێیوایە وەک کەسێکی سیاسی دەبێت تەحەفوزاتی هەبێت لەو جۆرە لێدوانانە کە یارمەتی دۆخی سیاسیی ئێستای هەرێم نادات و پێویستە لەو جۆرە کێشانەدا تەنیا بۆ حکومەتو پەرلەمانی هەرێم بگەڕێینەوەو بیانکەینە مەرجەع، نەک جۆرە لێدوانێک بدەین کە یارمەتیدەر نەبێت بۆ پێشخستنی دۆخی سیاسیی ئێستا.


سەفین دزەیی

زریان رۆژهەڵاتی، شارەزای کاروباری تورکیا، لەبارەی ئەو پێشنیازەوە وتی، کە ئەو رایە زیاتر کارتی فشارەو هەڕەشەی حکومەتی هەرێمە لەدژی بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی بەکاردەهێنرێت. لەحاڵەتی کشانەوەی ئەمریکاو بەهێزتربوونی ناوەندو نەمانی هاوپەیمانێکی جدی بۆ کوردەکان لە عێراقدا، حکومەتی ناوەند فشاری زیاتر دەخاتە سەر کوردەکانو ئەوانیش ئەوە بەباش دەزانن کە لەگەڵ تورکیا هاوپەیمانێتی پێکبێنن تا ئەو فشارە کەمبکەنەوە. رۆژهەڵاتی پێیوایە، کە ئەوە «هەڕەشەیەکی گورچکبڕ»ە، چونکە حکومەتی ناوەند لە هەڕەشەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان ناترسێت بەحوکمی نالەباری بارودۆخی هەرێمیی ناوچەکە بۆ وەها کارێک، بەڵام لەم هەڕەشەیە دەترسێتو بەجدیش وەریدەگرێت، وەک دەبینین مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، سەردانی تورکیا دەکات بۆ گفتوگۆ لەبارەی هێڵی نابوکۆ، بەڵام دوورنییە کە لەبارەی ئەم دۆسیەیەشەوە بدوێت، بەتایبەت کە سەردانەکەی راستەوخۆ لەدوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتییەوەیە.

رۆژهەڵاتی، بوونی پرۆژەیەکی لەوجۆرە رەتدەکاتەوەو پێیوایە، گەر ئەو پێشنیازە لە «هەڕەشە»یەک بەدەر بوایە، ئەوا بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێم یان کەسایەتییەکی سیاسیی ناوداری کورد ئەو پێشنیازەی دەکرد، بەڵام لە راپۆرتەکەی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتییدا ناوی ئەو وەزیرە نەهاتووە کە پێیباشە کوردستان بلکێنرێت بە تورکیاوە.

# تێپەڕاندنی دەستوور ئاگری نێوان هەرێمو بەغدا خۆشدەکات

**جەمال ئیختیار**

تێپەڕاندنی دەستووری هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئاگری ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەرێم خۆشتر دەکاتو دژایەتییەکان لە بەرامبەر کورد زیاتر دەکات.

رۆژنامەی (دالاس مۆرنینگ) بڵاویکردەوە، تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی «بەسەرچووی» هەرێمی کوردستانەوە، ئاگری ئەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستاندا هەیە، خۆشتر کردووە، کە قورسایی زۆری ناکۆکییەکان لەسەر مەسەلەی کەرکوک رادەوەستێت.

دەستووری هەرێمی کوردستان کە پێویستبوو لە ریفراندۆمدا رەزامەندی لەسەر بدرێت، داهاتووی دیار نییەو دوای نارەزایی ناوخۆییەکانو نارەزایی چەند لایەنێکی دیکە، ریفراندۆم لەسەر ئەو دەستوورە دواخرا، بەڵام پەلەپەلی دوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ تێپەڕاندنی دەستوورەکە لەلایەن پەرلەمانێکەوە کە شەرعیەتی یاسایی نەمابوو سەرچاوەی کێشەکە بوو.

رۆشنبیران، نووسەرانو رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێوەیەکی بابەتیانە رەخنەیان لەدەستوورەکە گرتو پابەندبوونی خۆیان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان دووبارەکردەوە، ئەوەیان خستەڕوو کە «مەبەستی حیزبە دەسەڵاتدارەکان تەنیا ئەوە بوو مەرامەکانی خۆیان لەو دەستوورەدا جێبەجێبکەن، لەبەرئەوەی لە خولی داهاتووی پەرلەماندا کە چاوەڕواندەکرێت دەنگی جیاواز هەبێت نەدەکرا ویستەکانی خۆیان جێبەجێبکەن».

بەڕای شارەزایانیش هەر ئەو پەلەپەلە لە چەندین لاوە زیانی لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان داوە کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لێی بەرپرسن، یەکێک لەو مەسەلانەش وەکو دالاس مۆرنینگ باسیکردووە «توندترکردنی ناکۆکییەکانی نێوان بەغداو هەرێمە».

دالاس مۆرنینگ بڵاویکردووەتەوە، کە حکومەتی ناوەندی عێراق بە توندی دژی دەستوورەکەی هەرێمی کوردستانەو بە بڕوای چاودێرانیش مەبەستی سەرەکی ئەو ململانێیە لەنێوان هەرێمو بەغدا کۆنترۆڵکردنی ئەو شارەیە کە بە نەوتی زۆر دەوڵەمەندە، ئەگەرچی کوردەکان دەڵێن کە مەبەستی ئەوان مافی ئاوو خاکەو کەرکوک بە شێوازێکی مێژوویی، جوگرافیو دیمۆگرافی شارێکی کوردستانەو گەلی کوردستان لەو مافەی خۆیان چاوپۆشی ناکەنو هەموو هەوڵێکدەدەن ئەو شارەی کە لەسەر دەستی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ئازارو مەینەتی زۆری بینیوە، بگەڕێننەوە سەر سنووری هەرێمی کوردستان.

دەستووری هەمیشەیی عێراق مادەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکو ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان داناوەو لە کۆتاییدا خەڵکی ئەو ناوچانەن کە دەبێت لە ریفراندۆمدا چارەنووسی ناوچەکانیان دیاری بکەن، بەوەی کە خوازیاری ئەوەن کە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە بەڕێوەببرێن.

بەشی ئینگلیزی، رۆژنامەی عەرەبی ئەلزەمان دەنووسێت: لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی کەرکوک بلۆکێکی تازەیان دروستکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی کوردو کۆتاییهێنان بە باڵادەستی کورد لەو شارە.




شارەزایانی بواری سیاسیی کوردستان پێیانوایە بەرپرسیارێتی هەڵەکانی سەپاندنی دەستوورێکی نادیموکراتییانە لەو رووەوە دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتدارێتی ئێستای کوردستان، کە لە لایەک هەوڵیانداوە دەستوورێکی نادیموکراتی کە زەمینەی دیکتاتۆریەت خۆشدەکات بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێننو بەو پەلەپەلەش دەرفەتیان بۆ ئەو لایەنە شۆڤێنیانە کە بە هەموو جۆرێک دژایەتی کورد دەکەن رەخساندووە، کە ئاگری دژایەتییەکانیان لەبەرامبەر بەرژەوەندیو ویستەڕەواکانی خەڵکی کوردستان توندتر بکەن، لەکاتێکدا کە چارەسەرکردنی مەسەلە ئاڵۆزەکانی نێوان هەرێمو بەغدا پێویستی بە دیبلۆماسییەکی کارا هەیە کە لە پێش هەموو شتێکدا هەست بەوە بکات هێزی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لەپشتە، نەک بڕیاری تاکەکەس.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لایەنە باڵادەستەکانی کوردستان ویستویانە کە وا بە جەماوەری کوردستان بڵێن، ئەوان لەبەرەی نیشتمانپەروەریدانو ئەوانی دیکە هاوئاوازی نەیارانی کوردستانن، لەکاتێدا کە دژایەتی هەندێک لایەن بۆ دەستوورە نادیموکراتییەکەی پەرلەمانی (بەسەرچوو)ی کوردستان تەنیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستانو بەرەو پێشبردنی دیموکراتییەت لەم وڵاتەدا راوەستاوە، نەک شتێکی دیکە.

شارەزایانی بواری سیاسیی کوردستان پێیانوایە، کە پێویستە دەسەڵاتی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ خەڵکو چیتر بە پەلەپەلێک کە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی کۆمەڵێک خەڵکو لایەنی تایبەتە، زیان لەبەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان نەدات.

> **دالاس مۆرنینگ: تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی «بەسەرچووی» هەرێمی کوردستانەوە، ئاگری ئەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستاندا هەیە، خۆشتر کردووە، کە قورسایی زۆری ناکۆکییەکان لەسەر مەسەلەی کەرکوک رادەوەستێت**

# «دەبوو ئێمە پێشڕەو بین»



نەهرۆ ساڵح دەلۆیی

هەر کاتێک بڕوامان بە خۆمان هێناو خاکو وڵاتمان بە هی خۆمان زانی کە هەستمان کرد کە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران زادەو هەڵقوڵاوی جەماوەرو لە هەمانکاتدا هەڵگری مەشخەڵو پێشڕەوی بیروباوەڕو ڕێنیشاندەری فیکرو ڕووناکی چاوەکانی میللەتە، هەر وەکو چۆن سەردەمانێک سەنگەری پۆڵاین و بەگژاچوونەوەو هەڵوێست گرتنبوو لە دوژمنانی گەلەکەمان، دەکرێت ئێستاش لە جاران زیاتر یەک دەنگو یەک هەڵوێست بن لە بەرامبەر هەر زوڵمو زۆرێک کە دەرهەق بە میللەتو تاکی کۆمەڵگەکەمان دەکرێت... هەموو لەبیرمانە کە چۆن بە یەکگرتوویی، بە جیاوازی بیروڕامانەوە بەگشت سەرسەختترین زۆرداری سەدەی بیستەمدا دەچووینەوە، کەسمان لەوی دیکەمان نەدەترساین کەسمان بەرژەوەندیو ڕواڵەتەکانی ژیان هەڵی نەدەخەڵەتاندین، کەسمان بەسەر ئەوەی دیکەمانەوە جاسووسو سیخوڕ نەبووین، هەردەم سەر شانۆکان و تیپەهونەرییەکان جمەیان دەهات ڕێز، خۆشەویستی، ڕاستگۆیی، هیوا سیقەو وەفا پشتگرتنی یەکتر، هاوکاریو تەبایی هەموو ئەمانە لەژێر باڵی هونەردا لەسەر شانۆو لەسەر تابلۆکاندا دەبریسکانەوە.. ئەرێ لەبیرتانە لەدوای تەواوبوونی هەر شانۆگەرییەک جەماوەر بە سروودی هوتافکێشان چۆن هۆڵی شانۆکەیان بەجێدەهێڵێت، چۆن هونەرمەندانیان عەزیەت دەداو ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی بەعسیان دەکرد!! ئەی بۆچی ئێستا لەدوای هەژدە ساڵ ئازادییو سەرفرازیی، دوای هەژدە ساڵ لە حکومەتو دەسەڵاتی کوردی، دوای لەناوچوونی گەورەترینو سامناکترین ڕژێمی سەردەم، داخەکەم نە جوانیمان ما، نە خۆشەویستی، نە ڕاستگۆیمان ما نە تەبایی، هەر یەکەو بە جۆرێک سەرگەردانو لێرەو لەوێ بڵاوو غەریب بە شارانو بە هەندەرانەوە کەس لەوی دیکە ناپرسێت، کەس ئەوی دیکەی خۆش ناوێت، کەسمان یەکتری ناناسینەوە..

ئەم ئاهۆی بە نۆکەری فێربوونەمان ئەم خۆ بەکەمزانینەمان ماکی هەموو دەردو بەڵایەکمانە، درەختێک بووینو ئێستا دەنکە شقارتە، بڵندگۆیەکی بەهێزبووینو کەچی نە دەنگمان ماو نە ڕەنگمان، دەبێت بپرسین بۆچی وامان لێهاتو کێ وای لێکردین، ئەی خۆمان چینو هونەرەکەمان چییە؟ ڕێکخراوەکانمان بۆ بەرژەوەندی کێ دامەزراو لە پێناوی چیدا تێکۆشی؟ کێ بوون ئەوانەی دەم سپیمان بوونو چییان بۆ کردین؟ کێ ڕێزی لێناینو کێ بێڕێزی کردین؟

هەر کە بیری هونەرمەند بگاتە ئەو ئاستەی کە دەنگ هەڵبڕێتو بڵێت: ئێمە بووین لەگەڵ ئازارو خەمی هاوڵاتییاندابووین فێرمان دەکردن، فێریان دەکردین هەموو ساڵانی پڕمەینەت لێیان دانەبڕاینو لە ژوورانندا لەگەڵیاندا بووین، ئەوە هونەرمەندانی شێوەکاربوون کە بەردەرگای خوێناوییو نووسینەکانی سەر دیوارەکانی ماڵکەندیو جولەکانو سەرشەقامو چوارباغیان پیشاندەداین، ئەوە هونەرمەندانی موزیکبوون کە شیعرەکانی شێرکۆیان دەکردە کۆڕاڵو دڵو دەروونیان دەهەژاندین، ئەوە هونەرمەندانی شانۆبوون کە نەک لە شار، بەڵکو لە شاخیش سەدەهاو هەزارەها خەڵکو پێشمەرگەیان بۆ بەرگریو خەبات جۆش دەدا...

ئێمە بۆچیو لە پێناوی چیدا ڕێگەبدەین بە خائینی خوێندەوارو زاڵمی نەخوێندەوار ڕیزەکانمان تێکبدەنو بە مشتێ دۆلاری دزراو سوکمان بکەن.

دەبێت هەموو درک بە ڕاستیو حەقیقەت بکەین کە لە هەموو دەورو زەمانێکدا خەڵکی نۆکەرو خزمەتکار هەبووە، بێ ئەو کارە نالەبارە هیچ ئیشێکی دیکەیان پێنەکراوە، دیارە لەناو ئێمەی هونەرمەندانیشدا کەسانێک هەبوون کە ئەم نۆکەرایەتیەیان قبوڵبووە، بێ ئاغا نەیانتوانیووە بژین، دەڵێن جارێک (حەمەد ئاغا) ناوێکی موکریانی بە نۆکەرێکی پیرو (زورهانی) خۆی دەڵێت:

تۆ ریشت سپییەو پێم شەرمە لە پاشخانە بەرماوەی من بخۆی، لە دیوەخان دانیشەو با لەگەڵ مندا سینیت بۆ بێنن، مام خدری نۆکەریش لەوەڵامدا دەڵێت: ـ ئاغا، چیم هەیە پێشکەشتی دەکەم ژیانی چەند ساڵەم لێمەگۆڕە، دەنا ناچارم باردەکەمو دەچم لە پاشخانەی ئاغایەکی دیکەدا دەژیم، تازە بە سەری سپی دەستم لە بەرماوە خواردن پێهەڵناگیرێت.

بەڵێ ئەم چیرۆکە واقعیەتێکی زیندووی ئێمەیەو ئەوەتا مام خدرەکانمان دەستییان لە بەرماوەی خواردن پێهەڵناگیرێت.

خوێندەوارانی خۆشەویست، هونەرمەندان، ڕۆشنبیرانی دنیای ئێستامان بەرەو گۆڕانی چەرخێکی نوێ هەنگاو دەنێت، سەرنج بدەنو تەماشابکەن، بزانن چەرخی ئێمە چۆن پاشەو پاش دەگەڕێتەوە، ساڵانێکمان لە سەدەی بیستو یەک بڕیو کەچی عەقڵیەتی سەرانو فەرمانڕەواکانمان بەها جوانو مەزنەکانییان لێسەندینەوە، نازانین لەم مەزادخانەو هەڕاجەدا بە کێ بڵێن خائینو بە کێ بڵێن نیشتمانپەروەر؟ نازانین بێخاوەنین یان خاوەندار؟ نیشتمانمان هەیە یان بێ نیشتمانین؟ میوانین یان خاوەن ماڵ؟ دارێک بووینو ئێستا دەنکە شقارتە! تۆ بڵێی یەک بگرینەوە؟ دەکرێ بپرسینو بێینە وەڵام؟

وردبینەوە لەم سەرەنجامو ئاکامە خراپانەی ئێستای میللەتەکەمان! من دەڵێم ئێمە خۆمان بەرپرسیاری ئەم مەرگەساتەینو با کەسی دیکە تاوانبار نەکەین؟

ئێمەیەکگرتوونەبووینورواڵەتەکانیژیان هەڵیخەڵەتاندین؟ سەرەتای ئەم دەرەنجامەش دەگەڕێنمەوە بۆ ناتەباییو لێکهەڵوەشانی ڕیزەکانمان؟ دیارە خراپی بژێوییو ژیانو ڕاکردنمان بەدوای کەسانێک کە ئیحتیکاری دامودەزگا ئیعلامیو هونەرییەکانیان کردووە، ئەو دێوەزمە سیاسییانەی کە سەراپای وڵاتیان هەڕاجکردین!

پێدەچێت قۆناغێکی نوێ چاوەڕێمان بکات! با ئێمەش لەگەڵ گۆڕینی ئەو قۆناغەدا نوێ بینەوە، دەکرێت هوشیارتر سەیری ڕووداوەکان بکەین، با بە بیری تەسکو پێوانەی ناڕاست پێشهاتەکان هەڵنەسەنگێنین، ئیتر بەس بێت چاونوقانو خۆکەڕکردن، دەست بە کڵاوەوە گرتن شەرمەزارییو شورەییە! دەبێت بزانین کە وەیشومەو بەڵای سیاسیی هەڵیکرد سەری ڕووتو سەر بە کڵاو بەیەکەوە دەسووتێنێت، هەموو دەزانین پشتکردنە جەماوەر لە شەرمەزاریی زیاتر هیچی لێ سەوزنابێت...

ئەگەر هەموومان دەنگمان بەرزنەکەینەوە ڕاپەڕینی ڕۆشنبیرییو هونەری بەرپانەکەین، ئیدی دەبێت بۆ سەردەمێکی دیکەش هەروا کۆیلەو چاو لە بەرماوە بین.

# ١٨٢٠٠٠-١٠٠٠٠٠ = ٨٢٠٠٠ باقیات

# بە دەستوور وەهمی ئەنفالەکان ڕاستدەکەنەوە!

هیوا دۆمان

لە مێژووی هەموو ئەو نەتەوانەی کە تووشی لەناوبردنو بێسەرو شوێنکردنی خەڵکەکەی بوون بە دەست هێزە فاشستو مافیاو تۆقێنەرەوەکانەوە، وەک هەڵوێستێکی نەتەوەیی خۆیان هەمیشە لە هەوڵی بوونی بەجینۆسایدکردنی کارەساتە لەناو بردنەکەیان بەگوێی جیهانیانداوە وەک ئەرمەنیو بۆسنییەکان، ڕوۆندایییو لەناوبردنی جولەکەکانیشو سەدان کارەساتی

مرۆیی سەدەکانی ڕابردوو، لەناویشیاندا گەلی کورد لەقڕکردنی بەناو ئەنفال کە هەموو گوندو شارۆچکەکانی لەگەڵ خاکدا سوتماککرا لەلایەن دەسەڵاتی سەر دەستی عەرەبی ڕەگەزپەرست، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییو زمانو فەرهەنگو کلتووری تا بۆ جیهانی دەربڕن کە نەتەوەیەک نەبووە بەناوی کوردەوە لە وڵاتی عێراقدا، لەدوای ڕاپەڕینو ئازادکردنی ناوچە کوردنشینەکانو دەسەڵاتی بەڕێوەبردنو سیاسی کەوتە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە، لەساتی ڕووداوەکەو دوای ڕاپەڕین ئیتر ژمارەی مرۆڤە کوردەکانی لە کارەساتی ئەنفالدا بە پێوانە ژمارەی ( ١٨٢٠٠٠ ) مرۆڤو خاپورکردنی ( ٤٥٠٠ ) گوند هەژمارکران، ئەو ژمارە پێوانەییەبووە وێردی سەرزاری هەموو تاکێکی ئەم نەتەوەیەو هەر لە منداڵێکی زمان پژاوەوە تا مامە پیرەیەکی کەمەرچەماوە، خوێندکارێکی باخچەی ساوایان تا بەرزترین پلەی خوێندن ژمارەی (١٨٢٠٠٠) لەگەڵ پلە پلەی خوێندندا زیندوو دەبووەوە، تەنانەت لە سیستمی پەروەردەشدا تۆمارکرا، هونەرمەندانو نووسەرانو توێژەروان، لۆگۆو بەرهەمی هونەریو تەختەی شانۆییەکانو دەنگی سۆزی مۆزیکو هونەربێژانو چیرۆکنووسانو ڕۆمانەکان شایەتی پێوانەی ژمارەکەن، چەندین هونەرمەندی بەرزو خاوەن ویژدان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا وەک ناسنامەی نەتەوەیی کاریان بۆ ئەنفال ئەنجامداوە، چەندین نووسەری خاوەن خامەی دەوڵەمەند وێنەو هێمای تەلیسماویان بۆ کارەساتەکە لە چەندین گۆشەی جیاجیای پێش کارەساتو دوای کارەسات دەکردە حاشا هەڵنەگرتنی ونبوونی ئەو مرۆڤانە.

سۆزی دەروێشانەی دەسەڵاتە سیاسییەکانی کوردیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو تا کۆتایی بەڕەشنووسی دەستوور هات.

لە ٤/١٤ی ئەمساڵداو لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی ڕوفاتی (٨٧) مرۆڤی ئەنفالکراو بۆ ناوچەی گەرمیان ئەو ژمارەیە هیشتابوونی هەبوو، تەنانەت دادوەرە کوردەکانیش کە ئامادەبوونی دادگایکردنی سەرانی بەعسو شایەت حاڵەکانیش هەمان ژمارەبوون، دادوەری گشتیش کە بە ڕەگەز عەرەببوو هەمان ژمارەی ڕووبەڕووی تاوانباران دەکردەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی شۆکو سەرسامی کردینو لەم ساتەوەختی هەڵبژاردنەداو دەنگدانیش بۆ دەستوور لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی دەستووردا لە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمیی هەولێردا ڕۆژی ٦/٢٣ داو لە دیباجەکەیدا نووسراوە (چەندین هەڵمەتی بە کۆمەڵ قڕکردنیان ئەنجامدا، کە پتر لە هەشت هەزار بارزانی گرتەوەو پرۆسەکانی لەناوبردنی بە دوادا هێنا کە بە ئەنفال ناوبرانو قوربانی پتر لە هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی لێکەوتەوە).

من دەپرسم ئەم نووسینە خەڵکی کوردو کەسوکاری ئەنفال ناخاتە گومانو تووشی شۆکو لە هەمانکاتیشدا دەسەڵاتی کوردی ناخاتە ژێر پرسیارەوە بەوەی کە چۆن ژمارەی قوربانیانی بارزان (لەگەڵ سەری ڕێزم بۆ شەهیدانی بارزان) ئەمە ڕاستی مێژووییەو پێویستە هەموو تاکێکی کورد بە ئەماناتەوە بیگوازێتەوە دەپرسین چۆنو بە چ داتایەک ئەو ژمارەیەتان پشتڕاستکردووەتەوەو لە دیباجەی دەستووریشدا ژمارەکەی تۆمارکرا. پرسیار لەوەدایە، ئایا وەزارەتی شەهیدانو ئەنفال ئامادەبوونی نەبووە؟ یان بەشی یاسایی شەهیدانو ئەنفال لە پەرلەمانی کوردستاندا چۆن هێشتیان ئەو هەڵە مێژووییە بەسەریاندا تێپەڕێنرێت، ژمارەی کیمیابارانی تەنیا شاری هەڵەبجەش تۆمارنەکرا کە سمبولی کوردە ئێستا لە جیهاندا، ئەو سێ کارەساتە ناسنامەی نەتەوەییە، مانای دەستوور بۆ چەند ڕۆژێکی دەسەڵات نییە، بەڵکو نەوە لەدوای نەوە پەیڕەوی دەکات، وەک چەتری پاراستنی لێیدەڕوانێت، چی بە دەستووری عێراقو قەوارە سیاسییە هاوپەیمانو دژەکانتان دەڵێن لە پاش پاشگەزبوونەوەتان لە ژمارەی ڕابردوو کە میللەتەکەتان پشتو پەناتانن لەسەر وێردی ئێوەی دەسەڵاتەوە ئاماژەتان پێدا کورد وتەنی (سواربوون عەیبێکو دابەزینیش دوو عەیب) هەروەک خۆتان دەڵێن سیاسەت خۆگونجانی ڕۆژگارەو پێویستە پەیڕەویبکەین، چونکە لای ئێوە ڕاستگۆیی درۆکردنە. ئەگەر ئەوە بڕیارتان بێت، دەیسەلمێنن ئێوەش پشکی گرنگو ئەنفالکردنی خەڵکی کوردتان دەکەوێتە ئەستۆو پێویستە هاوشانی ئەوانیش دادگای ئێوەش داواکاری هاوسۆزانی کەسوکاری ئەنفال بێت، چونکە ئەنفال ناسنامەی هەموو تاکێکو نەتەوەیەکە.

لەم مینبەرەوە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی تاکێکی خاوەن ئەنفال هاواردەکەم کەسوکاری ئەنفال لە دەسەڵات خۆشمەبن، باوکو دایکو خوشکو براو کەسوکاری ئازیزتان لە چاوی ئەوانی بزانو داوای حەقی زیندووی ئەوان بکەنەوە، بەپێدانی چەند مەتریک زەوی یان چەند دۆلارێک نەبێتە هۆکاری کڕینی خۆشەویستانتان بەو شێوەیە کەسوکارتان هەزیلو بێتۆماری دەستووری بن، پرسیار لەڕاستییەکان بکەن کە چەندین ساڵە ئەم دوو حیزبەی دەسەڵاتە چۆنیان تۆمارکردوونو ئێستاش ئەم لاستیکی خەتکوژانەوەیان لە کوێوە هێنا تاکو ئەو ژمارە بێشومارەی ئەنفال بسڕنەوە، داوای ڕاستییەکان بکەن، لەڕێگەی ئەم دەستوورەوە خۆشەویستانو باوکو براو دایکو کەسوکارتان لەلاتان دەبێتە گومان بەوەی کامەیان تۆماری دەستوور دەکات لە ناسنامەی بوونی دیباجەی دەستووردا، یاساناسانی دەستووری هەرێم لە پەرلەمان بە چ زمانێکو کام پێوەر حەقی سڕینەوەی سەد هەزار مرۆڤی کوردتان داو چۆن وەڵامی خەڵکی دەدەنەوەو پێوەرتان چییە بۆ ڕاستییەکان.

وەزارەتی شەهیدانو ئەنفال بۆ ساڵیادی کارەساتی ئەنفال لە ئایندەدا چۆنو بە چ زمانێک لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو ناو ئاپۆرەی جەماوەری کوردستانو کۆمەڵگەی ڕزگاریو شۆڕشو ناوچەوکانی دیکەی کوردستان کام ژمارەیان دەنووسنەوە لەم حاڵەتەدا چانسی کام خێزان بەرچاو دەکەوێت، ئەوانی دیکە بە لاستیکی سڕینەوەی دەستی خوێندکارێکی باخچەی ساوایان دەیسڕنەوە، بەڵام دڵنیابن ئەوخوێندکارە لاستیکی خەتکوژانەوەکەی پیسناکات، چونکە چاوی لە بەرمبەر مێژووەو لەناو دڵیدا تۆمارکردووەو گەمە سیاسیەکانی ئێوەی لەلا بەرجەستە نابێت.

دەبێت ئەم دەستوورە لەدوای بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ڕاپرسیدا کەس بەدیبکات، یان لە گۆشە تاریکەکاندا توندی دەکەن تا گزنگی هەتاوی بەرنەکەوێت، دەسەڵات چی بەو کەسانە دەڵێت

کە پشتگیری کارەساتی لێدەکردن، چی بەو ڕۆژنامەو میدیایانە دەڵێن لە چاوپێکەوتنیاندا هەمیشە بە سنگێکی کراوەو بە دەنگی بەرز هاوارتان دەکرد سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی کوردمان لە ناوچوون هەرای بە ناساندنو جینۆسایدتان دەکرد، ئێستاش دەڵێن گەمەی سیاسەتەو وا پێویستی دەکرد، گەر لای ئێوە ڕاستی بێبەهابێت لای ئەوان ڕاستی ڕووی ئایندە بەدەردەخات، ئەوە مێژووەو دەبێتە سەرچاوەی کارکردن.

سووربوونی خۆتانە کە دەڵێن ئێمە چەتری هەمووانین دەبووایە لە دادگایکردنەکانی سەرانی بەعس داوای چۆنێتی لەناوبردنو قڕکردنی ئەو مرۆڤانەتان دەست بکەوتایەو سووربوونی خۆتان لەو بارەیەوە بەردەوام بووایە، هەر وەک چۆن هتلەریەکانی هاوڕێی (سەدام ) مێژوونووسان ئاماژە بەوەدەکەن، بەهۆی کورەی گازیو دروستکردنی سابوونو تواندنەوەیان لەناو تێزابدا جولەکەکان لەناوبران ئەگەر میللەتیش داوای سازشی بکردایە ئێوە سوورتربوونایە تا مافی چارەنووسین بە دیاردەکەوت، دادگایکردنی ئەنفالو هەڵەبجەت لە دادگای نێونەتەوەیی لاهای بووایە تاکو قورسایی کارەساتەکانمان بە جیهان پاسەنگ بکردایە، ئێمەش چیمان کەمتربوو لە بۆسنیەکان، بەڵام ڕاستە ئەوان خاوەنی دەسەڵاتێکی سووربووی داخوازییەکانی نەتەوەکەیانن، بەڵام ئێمەش خاوەن دەسەڵاتێکی ناکارامەین.

مریەم گەرمیانی تارای سوورو پریاسکەی بووکێنیت مەپێچەرەوە لەبەریبکە، کچە چاوەڕوانی شۆڕشی تۆش چاوەڕوانیەکەت بسڕەوەو گزنگی دەستوور ئەوانەی ئێوەی زیندووکردەوەو لەدوای ڕیفراندۆم دەسەڵات شادتاندەکات.

هونەرمەندانی بەڕێز بە کارە هونەرییەکانتاندا بچنەوەو ئەو لۆگۆ بەرهەمە هونەریانەی کە باستان لەو ژمارەیە دەکرد بیسڕنەوەو ئەم ژمارە نوێیە تۆماربکەن، شانۆکاران مۆزیک ژەنو ئاوازدانەران ئێوەش وەک ئێمە بە خۆتاندا بچنەوە، بەرهەمەکانتان تورهەڵدەنە ناو زبلخانەی مێژووی درۆزنی تۆمارکردنەوە، ڕێکخراوی هونەرمەندان ئێوەش ئەگەر ئەودیباجەی دەستوورە قبوڵبکەن، کەواتە هەژدە ساڵە ئێوەش وەک ڕێکخراو تووشی هەڵەی مێژوویی بوونو ڕاسگۆنین، لە هەڵسوکەوتی ڕێکخراوەیی لەگەڵ ئەندامانی خۆتاندا، بیرتان چوو هەموو ساڵێک لەکاتی نزیکبوونەوەی ڕۆژی کارەسات بانگەوازی هونەرمەندانتان دەکرد بۆ بەشداریکردنی ڕێو ڕەسمی ئەو یادە، چونکە هەمیشە هونەرمەند خۆی بە پێشەنگی یادکردنەوەکە دەزانیو ئەمەش لەو ڕوانگەیەی کە هونەر بێجودای زمان حالی گەیاندنی ڕووی ڕاستییەکانە لە ناخی مرۆڤدا، نووسەرانی خاوەن قەڵەمی بەهێز ئەگەر بە ئەرکی نازانن ئێوەش بە قەڵەمەکانتاندا بچنەوەو هەرچی زەخیرەیەکی تۆمارکراوی خۆتان هەیە بەو ژمارەیەی پێشوودا بکەونە دڕاندنیو بۆ تەنەکەی زبلخانەی مێژوو توری هەڵدەنو جارێکی دیکە هەستو ناخی خۆتان لەگەڵ ئەم ژمارە نوێیەدا بیلاوێننەوە. سەبوریمانی بە خۆماندا بهێنینەوەو کە خودا دڵی دەسەڵاتی نەرمکردو ڕۆژی تاریکی تەمی سۆزی وەهمان بۆ دەکاتە عەقڵو بەرەهای ڕاستییەکان ئاشنامان دەکەن، لە دەستووردا حەقی ئەنفالەکانمان بۆ تۆماردەکەنو تەرحو جەمعی نوێمان بە ئیسکو پروسکی ونبووی ئەنفالکراوانەوە بۆ دەکەنو لە هەرای سیاسی دوورمان دەخەنەوە.

# ململانێ هەر بەردەوامەو سەرکەوتنیش هەر بۆ هێزی گۆڕانە

منصور المندلاوی

ململانێ وزە دەبەخشێت بە جوڵاندنی گۆڕان کە سەرچاوەی داهێنان‌و پێشکەوتنە. فەلسەفەی نوێ دەڵێت: «سەرجەم شتەکان لە وەزعی بەیەکداچوون‌و کارلەیەککردن (تشابك وتفاعل)و دژایەتی بەردەوامن» لەمڕووەوە هێگڵ دەڵێت: «هەموو شتێک لە قووڵایی پێکهاتەی خۆیدا هەڵگری دژەکەیەتی، بۆیە بوونی شت لە بوونی دژەکەیەتی». بەهۆی کارلەیەککردن‌و ململانێ‌و دژایەتیکردنی یەکتری دژەکان ئەم سروشتە گەشەدەکات‌و بەرەوپێش دەڕوات‌و سەرچاوەی کارلەیەککردن‌و ململانێی جوڵاندنە، بۆیە جوڵاندن بنەمای سەرەکی هەموو گۆڕان‌و نوێکردنەوەیەکە. وەستانیش واتای بۆگەنیی‌و گەندەڵبوونی شتەکانی سروشتەو لەمڕووەوە نهێنی بەردەوامبوونی سروشت‌و ژیان‌و شارستانییەت بەندە بە جوڵانەوە.

ژیانی کۆمەڵایەتی لە ململانێی بەرژەوەندییە تایبەتەکان پێکدێت، بەڵام کۆمەڵگە بە گشتیی سوودمەند دەبێت لەم ململانێیە، سەروەت‌و سامانی کۆمەڵگە لەڕووی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و زانستی‌و ئابوورییەوە گەشەدەکات‌و بەرەوپێش دەڕوات، ململانێ بە گشتی لایەنی سلبی خۆی هەیە، بەرژەوەندیی هەندێک کەس دەبێتە قوربانیی ئەم ململانێیە، بەڵام کۆمەڵگە بەگشتی لە کۆتایی ململانێکەدا سوودمەندە.

کۆمەڵگە پێویستی بەدوو هێزی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ گۆڕانی بارودۆخەکە، هێزی یەکەم بەرەی پارێزگاران پێکدێنن‌و هێزی دووەمیش بەرەی پێشکەوتنخوازان پێکدێنن، هەردەم دەسەڵاتداران نوێنەرایەتی پارێزگاران دەکەن‌و راگرتنی بارودۆخەکەش لە بەردەوامبوونیان لەسەر کورسی دەسەڵات بەرجەستەدەبێت‌و نەیاران‌و بەرهەڵستکارانی دەسەڵاتداران هێزی گۆڕان‌و پێشکەوتنخواز پێکدێنن‌و هەڵەکانی دەسەڵاتداران‌و کورتهێنانی دامودەزگا حکومییەکان لە خزمەتکردنی هاوڵاتییان بیانووی سەرەکی بەرهەڵستکارانەو ئاگرخۆشکەری ململانێی سیاسییە لەنێوان جەمسەرەکانی سیاسیی وڵاتدا.

بڵاوبوونەوەی ئایینە ئاسمانییەکان لەنێو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا هەمان ڕێگەی لەبەر گرتبوون، دیانەتی جووەکان‌و دیانەتی مەسیحی‌و دیانەتی ئیسلامی، سەرجەم ئەم دیانەتە ئاسمانییانە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتییان کرد بە دوو پارچەوە یان دوو جەمسەرەوە، پارێزگاران‌و گۆڕانخوازەکان، سەبارەت بە دیانەتی ئیسلام پێغەمبەر محەمەد (د.خ) خاوەن نامەیەکی ئاسمانی خوایی بوو، لەهەمانکاتدا خاوەن شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقیی گەورە بووە، ئەم نامەو شۆڕشە گەورەیە جەمسەری بەرهەڵستکاران‌و نەیارانی دەسەڵاتی قوڕەیش بە سەرۆکایەتی ئەبو سوفیان بوو کە جەمسەری خاوەن بەرژەوەندیی گەورەو دەسەڵاتی خێڵەکیی قوڕەیش نواند.

مێژووی ئەم گۆڕانکارییە گەورانە دەریانخستووە کە سەرکەوتن‌و ئایندە هەردەم بۆ هێزی گۆڕانەو هەر کۆمەڵگەش سودمەندبووە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکان، سەرەڕای قوربانیدان‌و خوێنڕشتن. هەندێک لە مێژونووسەئیسلامییەکان دەڵێن لەکاتی دەرچوونی ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە مەدینەوە بەرەو عێراق بە مەبەستی بەرپاکردنی شۆڕش دژ بە حوکمی یەزیدی کوڕی موعاویە، تووشی بوو بە تووشی کوڕەکەی عومەری کوڕی خەتاب، کوڕەکەی عومەر ڕوویکردە حوسێن‌و پێیوت: «أناشدك يا أبا عبدالله أن لا تفرق جماعة المسلمين»، حوسەینیش وەڵامیدایەوەو وتی: «والله يا ابن عمر لو كان أبوك حيا لنصرني». لەم قسەو وەڵامدانەوەیە دوو بۆچوونی ئیسلامیمان بۆدەردەکەوێت، یەکەمیان ئاین تەفسیر دەکات کە شۆڕشێکی بەردەوامە دژ بە چەوسێنەرو زاڵمەکان‌و بۆچوونەکەی دیکەش ئاین تەنیا بە خواپەرستن‌و یەکێتی کۆمەڵگەی ئیسلامی تێدەگات.

لە هەموو سەردەمەکاندا ئەم دوو بۆچوونە هەبووە، شۆڕش دژ بە زاڵمی ستەمکارو پارێزگاریکردن لە یەکێتی کۆمەڵگەو هەردەم پێغەمبەرانی خوای تەعالا سەرۆکی جەمسەری شۆڕش دژ بە ستەمکاران بوون. قورئانی پیرۆز بەڕاشکاوی ئاماژە بەم واتایە دەکات «كان الناس أمة واحدة فبعث الله النبيين مبشرين ومنذرين وأنزل معهم الكتاب بالحق ليحكم بين الناس فيما اختلفوا فيه وما اختلف فيه إلا الذين أوتوه من بعد ما جاءتهم البينات بغيا بينهم...» سورەتی (البقرە) – ئایەتی ٢١٣ – بەم شێوەیە خوای تەعالا وەڵامی قوڕەیشی دایەوە کە محەمەد (د.خ) بەوە تاوانبارکرابوو لەلایەن قوڕەیشەوە کە تێکدەری قوڕەیشەکانە. بەهەمان شێوە ئینجیل لە زمانی عیساوە (سڵاوی خوای لەسەربێت) دەڵێت: «أتحسبونني أتيت لأمنح الارض سلاما؟ كلا انما هو الصدام والانقسام...» سەبارەت بە ململانێ لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەگشتی خوا لە قورئاندا دەفەرموێت: «... ولولا دفع الله الناس بعضهم ببعض لفسدت الارض ولكن الله ذو فضل على العالمين» سورەتی (البقرە) ئایەتی ٢٥١. ئەم ئایەتە پیرۆزە سروشتی ململانێ لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکات‌و ئەم سروشتە نەبوایە دانیشتووانی سەر زەوی لە گەندەڵیدا دەژیان‌و کۆتایی گەندەڵییش لەناوچوونی ژیانە لەسەر زەوی. بۆیە سروشتی کۆمەڵگە پێویست دەکات بونیاتنراو بێت لەسەر ململانێ‌و دژایەتیکردنی دژەکان، ئەم فەلسەفە ئاسمانی‌و سروشتییە فەلسەفەی جەبری ئومەوییەکان‌و عەباسییەکان ڕەتدەکاتەوەو ئازادیی مرۆڤ ئاشکرادەکات، چونکە سروشتی ململانێ پێویستی بە ئازادیی بڕیاردانی عەقڵی مرۆڤ دەکات یان دەبێت مرۆڤ جێگەی پرسینەوە نەبێت لەو کارانەی ئەنجامیاندەدات، ئەم بۆچوونەشی گونجاو نییە لەگەڵ پرسینەوەی دونیاو ئاخیرەت.

مرۆڤ بەبێ ئازادیی بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوون ڕوودەکاتە کۆیلەیەتی، تاعەتی بێ بیرکردنەوەو بەم شێوەیە دەچێتە دۆخی ئاژەڵ، چونکە تاعەتی بێ بیرکردنەوە پێویست بە بەکارهێنانی عەقڵ نییەو ئەم جۆرە تاعەتەش تایبەتمەندە بە ئاژەڵ نەک بە مرۆڤ، ئەگینا لەکاتی بەکارهێنانی عەقڵ بەبێ ئازادی بیربۆچوون بەڕێگەی ئاشتییانەی دیموکراسییەوە مرۆڤ ناچاردەکرێت ڕێگەی توندوتیژی هەڵبژێرێت بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی، ئەم ڕێگەیەش لەکۆتاییدا بە لابردنی دەسەڵاتی زەوتکەری ئازادیی کۆتایی دێت.

> **پێویستە هاوڵاتییان زۆر هۆشیارو وریابن لە ریکلام‌و پروپاگەندەو دەبێت بە ڕاگەیاندنی ڕۆژانی پێش هەڵبژاردن هەڵنەخەڵەتێن، بەڵکو پێویستە هەڵوێستەکانی ڕابردوو بەشێوەیەکی زانستی‌و عاقڵانە هەڵبسەنگێنن‌و بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و نیشتمانی کورد بکرێت بە پێوانەی دەنگدانیان بۆ لیستەکان**

ئازادیی بەردی بناغەی ململانێی کۆمەڵایەتییەو بەرپرسێتی مرۆڤ لە ئەنجامدانی کارو جوڵانەوەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی لە ئازادی عەقڵ‌و بڕیارو ڕەفتار سەرچاوەدەگرێت، بۆیە سەرجەم ئاینە ئاسمانییەکان‌و فەلسەفە دانراوەکان ئازادیی مرۆڤ بەمەرجی سەرەکی پێویست بۆ هەڵگرتنی بەرپرسێتی دادەنێن‌و لەمڕووەوە مرۆڤ بەرپرس نییە لە وتنی هەر وتەیەک یان ئەنجامدانی هەر کارێک ئەگەر ئەو وتەیە یان ئەو کارە هەڵقوڵاوی بڕیاری عەقڵی ئازادو هوشیاری مرۆڤ نەبێت، چونکە ئازادیی مەرجی پێشەکی دروستبوونی بەرپرسێتی مرۆڤە بەرامبەر یاساو ئەخلاق‌و خوای تەعالاو ویژدانی خودی مرۆڤ‌و کۆمەڵگە، ئازادیی بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو کارە ئازادانە دەگرێتەوە کە لە ئیرادەی هۆشیارو بەئامانج لەلایەن خاوەن عەقڵێکی ئازاد بڕیاری لەسەردرابێت، بکەری ئەو کارە هۆشیارە بە ئامانجی کارەکەی، بۆیە ئازادی بنەمای دروستبوونی ڕەوشت‌و بەهای بەرزی مرۆڤایەتییە، ئازادی دژە بە سەپاندن (الحرية ضد الجبر)، چونکە بەرپرسێتی سەرچاوەی ڕاستەوخۆی ڕەوشتەو ئازادییش بنەمای بەرپرسێتییە، بۆیە ئازادیی بنەمای ئەخلاقەو فەلسەفەی جەبری بنەمای کۆیلەتی‌و بەدڕەوشتی مرۆڤەو ئەم فەلسەفە جەبرییە مرۆڤایەتی مرۆڤ‌و عەقڵ پوچەڵدەکاتەوەو بەدڕەوشتی بڵاودەکاتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە ئازادیی بنەمای مرۆڤایەتییە، هەروەها مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بۆیە چەسپاندن‌و بەرجەستەکردنی پێویست بە خەبات‌و تێکۆشانی تاکەکانی کۆمەڵگەیەو سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی، چونکە بەبێ ئازادیی مرۆڤ ناتوانێت سوود لە تواناکانی خۆی‌و کۆمەڵگەو سروشت ببینێت، زەوتکردنی ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی پوچەڵکردنەوەی تواناکانی عەقڵ‌و پەککەوتنی توانای داهێنان، ئەگەر داهێنانیش نەبێت کۆمەڵگە ڕوودەکاتە گەندەڵی‌و پوکانەوە.

لەبەر ئەو هۆیانە شۆڕشە گەورەکانی جیهان وەکو شۆڕشی فەرەنساو شۆڕشەکانی ئینگلیزەکان‌و شۆڕشی سەربەخۆیی گەورەی ئەمریکا هەڵگری دروشمی ئازادیی بوون، چونکە ئازادیی بنەمای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت، بەدیهێنانی ئەم بنەمایە پێویستی بە سیستمێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و ڕۆشنبیرییە کە مرۆڤ لە سایەیدا بتوانێت سەرجەم تواناکانی بەکاربهێنێت، بەمەرجێک نەبێتە هۆی پەکخستنی توانای مرۆڤێکی دیکە. لە ئەنجامی تێکۆشانی سیاسیی‌و ڕۆشنبیریی درێژخایەنی مرۆڤایەتی‌و قوربانیدانی بێسنووری گەلان، عەقڵی سیاسیی مرۆڤ گەیشتە داهێنانی سیستمی دیموکراسی، واتە حکومەتی گەل‌و ئەم سیستمە ئەو حکومەتە دەگرێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵیانبژاردووە لەڕێگەی دەنگدانی سندوقەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل لە ئەنجومەنی نیشتمانی وڵات، کە لە ئەرکە سەرەکییەکانیدا دانانی حکومەت‌و بەخشینی متمانەی گەلە بەو حکومەتە، هەروەها هەستان بە لێپرسینەوەی حکومەتە بەشێوەی تاک یان کۆ (لێپرسینەوە لە وەزیرێک یان ئەندامانی حکومەت بەکۆ، واتە سەرجەم وەزیرەکان بە سەرۆک وەزیرانیشەوە) جگە لە دانانی یاساکان‌و پێشنیازکردنی دەستوور یان دانانی دەستوور بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە ئەنجومەنی نوێنەران هەیەتی.

سیستمی دیموکراسی هەر تەنیا هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی‌و سەرۆکی وڵاتان نییە، بەڵکو سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ لەخۆدەگرێت، وەکو پارێزگاریکردن لە بەکارهێنانی ئازادییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ‌و مافە بنەڕەتییەکانی وەک ماف‌و ئازادیی بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیریی‌و بوون بە ئەندام یان پێکهێنانی سەندیکاو پارتی سیاسی‌و دەنگدان‌و خۆپاڵاوتن بۆ سەرجەم پۆستە سیاسی‌و ئیداریی‌و هونەرییەکان بەپێی مەرجە یاساییەکانی خۆپاڵاوتن‌و وەرگرتنی پۆست.

سیستمی دیموکراسی ململانێی سیاسی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەو پارتە سیاسییەکانی‌و مافی نەیاران‌و بەرهەڵستکارانی حکومەت لەنێو ئەنجومەنی نوێنەران مسۆگەردەکات، لەبەرئەوەی پرۆسەو سیستمی دیموکراسی بەگشتی بەرجەستە دەبێت بە بوونی هێزی بەرهەڵستکارانی حکومەت لەنێو پەرلەمان، لێپرسینەوەو بەدواداچوونی کاروباری حکومەت‌و چاودێریکردنی چۆنێتی ئەنجامدانی ئەرکە حکومییەکان‌و دەوڵەت بە گشتی ئەرکی سەرەکی نەیارانە لە پەرلەمان هەروەها ڕەخنەگرتن لە یاساکان‌و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی بەندەیاساییەکان یان پێشکەشکردنی پرۆسەی یاسایی نوێ ئەرکی سیاسیی نوێنەرانی بەرهەڵستکارانە لە پەرلەمان، تەنانەت سیستمی دیموکراسی ڕێگەدەدات بە ئەندامانی پەرلەمان کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریی ئەنجامبدەن بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی نوێنەران لە پەرلەمان، بە مەبەستی دروستکردنی هەڵوێستێکی جەماوەریی گشتیی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە چارەنووسسازەکان لەڕووی نەتەوەیی‌و نیشتمانییەوە.

پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تووشی شکست بوو بە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنجا بە پەنجا لەنێوان (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)دا، ئەمجۆرە دابەشکردنە بوو بەهۆی بڕینی لاقی دووەمی سیستمی دیموکراسی، ئەویش لاقی بەرهەڵستکارانە یان نەیارانی حکومەتە لە پەرلەمان، چونکە هەردوو حیزبی سەرەکی هەرێمی کوردستان ڕازینەبوون هیچیان ببن بە بەرهەڵستکار لە پەرلەمان، بەڵکو هەردوو لایان ئارەزووی توندیان هەبوو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، بۆیە پرۆسەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان بە شەلیی لەدایکبوو، بە شەڕی ناوخۆییش ئەو لاقەی دیکەیش شکاو بۆ خۆی دانیشت، جووڵەی لێبڕا، بێ ئەوەی هەردوو لایەنی خاوەن دەسەڵات‌و شەڕکەر بەزەییان بەم پرۆسە نوێ‌و بێچارەیە بێتەوە کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق پتر لە هەشتا ساڵە تێدەکۆشێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

بارودۆخی لەباربردنی پرۆسەی دیموکراتییەت‌و جووتە ئیدارەکەی کورد بەردەوامبوو تاکو ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حسەین بە بەشداریکردنی کورد لە پرۆسەی کۆتاییهێنان بە ڕژێمی دیکتاتۆرییەت‌و بونیاتنانی دەوڵەتی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای سیستمی دیموکراسی. کورد زۆر دڵخۆش بوو بەم وەزعە نوێیەو چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ڕەنج‌و تێکۆشانی گەلانی عێراق بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی نوێ لە عێراق بەشێوەیەک کە سەرجەم پێکهاتە مافخوراوەکان بگەن بە ماف‌و هەقی خۆیان بە ڕێگەی ئاشتی‌و برایانەو دیموکراسییەوە. لەژێر چەتری هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکاو بەریتانیاو هەندێک وڵاتی دیکەو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە بارودۆخی عێراق ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێکهات‌و حکومەتی عێراقی نوێ بە بەشداربوونی حیزبە کوردستانییەکانی عێراق‌و زۆربەی هەرە زۆری حیزبە عەرەبییە عێراقییەکان‌و بەهەمانشێوە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستانیش ئەنجامدرا، لەپاش ئەوەی دەستووری نوێی عێراق دانی بە فیدراڵییەتی عێراقدا ناو هەرێمی کوردستانی عێراقیش ئیعترافی ڕەسمیی پێکرا. ئەمجارە هەردوو حیزب بە لیستی یەکگرتوی هاوپەیمانیی کوردستان بەشداری هەردوو هەڵبژاردنی عێراق بە گشتی‌و هەرێمی کوردستانیشیان کردو حکومەتی هەرێمیش بە هاوبەشی پێکهێنرا بەبێ بوونی نوێنەرانی بەرهەڵستکاران لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، واتە گەڕانەوە بۆ پرۆسە کۆنەکەی پێش شەڕی ناوخۆی کوردستان‌و عەرەب وتەنی (العودة الى المربع الاول)و بە کوردیش پرۆسە دیموکراتییە شەلەکەی جاران، کە شەڕی ناوخۆی کوردستان دەرئەنجامەکەی بوو.

> **پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تووشی شکست بوو بە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنجا بە پەنجا لەنێوان (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)دا، ئەمجۆرە دابەشکردنە بوو بەهۆی بڕینی لاقی دووەمی سیستمی دیموکراسی، ئەویش لاقی بەرهەڵستکارانە یان نەیارانی حکومەتە لە پەرلەمان، چونکە هەردوو حیزبی سەرەکی هەرێمی کوردستان ڕازینەبوون هیچیان ببن بە بەرهەڵستکار لە پەرلەمان، بەڵکو هەردوو لایان ئارەزووی توندیان هەبوو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، بۆیە پرۆسەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان بە شەلیی لەدایکبوو، بە شەڕی ناوخۆییش ئەو لاقەی دیکەیش شکاو بۆ خۆی دانیشت، جووڵەی لێبڕا، بێ ئەوەی هەردوو لایەنی خاوەن دەسەڵات‌و شەڕکەر بەزەییان بەم پرۆسە نوێ‌و بێچارەیە بێتەوە کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق پتر لە هەشتا ساڵە تێدەکۆشێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە**

سەبارەت بە باری حیزبایەتیکردن لە هەرێم، کادیرە حیزبییەکانی هەردو حیزب هەر وەک فەرمانبەری حکومییان لێهاتووە، بوون بە مووچەخۆری حیزب نەک بە تێکۆشەر لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد، فەرمانبەرو تێکۆشەر جیاوازییان زۆرە، لەلایەکی دیکەوە ململانێی کۆنی ژێربەژێری ساڵی شەستەکان هەر بەردەوامە لەنێوان کاربەدەستانی حکومەت‌و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی‌و ڕێکخستنە حیزبییەکان. سەرجەم ئەم بارودۆخەو سروشتی خێڵەکی سەرکردایەتی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بەدەردەخات کە هیچ کامیان قبوڵناکەن دەستبەرداری حکومەت بن‌و ببن بە بەرهەڵستکاری حکومەت لە پەرلەمان‌و پرۆسەی دیموکراتیەت لە هەرێم زیندووبکەنەوە یان ڕزگارییبکەن لە ئیفلیجی بێ بەرهەڵستکاریی‌و بێ ڕەخنەگرتن‌و بێ لێپرسینەوە، ئەم بارودۆخە سیاسیی‌و ئیداریی‌و حیزبیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و ڕۆشنبیرییە نەک تەنیا پرۆسەی دیموکراتییەت لە کوردستان لەباربردووە، بەڵکو بووەتە مایەی شێواندنی سروشت‌و ئەخلاقیەتی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردایەتی‌و پارێزگاریکردن لە مافە ڕەواکانی گەل بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هاوڵاتییان لەژێر چەتری دەزگا موخابەراتییە حیزبییەکان بۆ پاراستنی مانەوەی سەرکردە حیزبییە گەورەکان لەسەر کورسی دەسەڵاتی حیزبی‌و حکومیی. هەموو وڵاتانی دونیا بە خاوەن سیستمی دیموکراسی‌و نادیموکراسییەوە خاوەن دەزگای ئەمنیی ناوخۆیی نەتەوەیی‌و هێزی پاراستن لە خاکی نیشتمان‌و گەل دژ بە هەر هێزێکی داگیرکەر سەربە چ دەوڵەتێک بێت، ئەم دەزگاو هێزانە بێلایەنن لەڕووی حیزبی‌و ئایدۆلۆژیای سیاسییەوە فەرمان‌و ڕێنمایی دەسەڵاتی سیاسی وڵات بەجێدەهێنن، لەڕووی پاراستنی سنووری وڵات‌و خاکی نیشتمان‌و پارێزگاریکردن لە ئاسایشی کۆمەڵگەو ئازادیی‌و مافەکانی هاوڵاتیان، بێئەوەی ئایدۆلۆژیای خاوەن دەسەڵاتی سیاسی کاربکاتە سەر ئیشوکاری ئەم دەزگاو هێزانە، بەڵکو سەرجەم گروپ‌و حیزبە سیاسییەکانی وڵات ئەم دەزگاو هێزانە بە هی خۆیان دەزانن، چونکە پارێزگاری لە بەرژەوەندیی هەمووان دەکات بەبێ جیاوازی.

لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە کارکردن بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی حیزبایەتی هەردوو حیزبی خاوەن دەسەڵات کارێکی دیکەیان ئەنجامنەداوە کە خزمەت بە پرۆسەی ئازادیی‌و سەربەخۆیی گەلی کورد بکات. (ئەم قسانە پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوەو لایەنی ئابووری ناگرێتەوە، چونکە ئەم دیراسەتە تەنیا پەیوەندی بە لایەنی پرۆسەی دیموکراتییەت‌و پرۆسەی سیاسیی‌و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیی‌و ئیدارییە)وە هەیە.

پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات‌و سیاسەت بەگشتی لە هەرێمی کوردسانی عێراق پێویستی بە گۆڕانکارییەکی جدی‌و بنەڕەتی هەیە، ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە ئەرکی سەرشانی جەماوەری کوردە نەک حیزبەکانی خاوەن دەسەڵات، چونکە هیچ کەسێکی دەسەڵاتدار بە کەسانی دیکە ناڵێت وەرن دەسەڵاتم لێوەرگرن، چونکە من ناتوانم وڵات بەڕێوەبەرم، هەموو تاقمێکی دەسەڵاتدار خۆی بە دڵسۆزو بەتوانا دەزانێت بۆ گەل‌و نیشتمان‌و کارە حکومییەکان‌و سیاسییەکانی بەسەرکەوتن لەقەڵەمدەدات‌و بە هاوڵاتییان ڕادەگەیەنێت کە سەرکەوتووانە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بە هاوڵاتییان کردووەو داوای متمانەی نوێیان لێدەکات. بەڵام پێویستە هاوڵاتییان زۆر هۆشیارو وریابن لە ریکلام‌و پروپاگەندەو دەبێت بە ڕاگەیاندنی ڕۆژانی پێش هەڵبژاردن هەڵنەخەڵەتێن، بەڵکو پێویستە هەڵوێستەکانی ڕابردوو بەشێوەیەکی زانستی‌و عاقڵانە هەڵبسەنگێنن‌و بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و نیشتمانی کورد بکرێت بە پێوانەی دەنگدانیان بۆ لیستەکان. لە کاتی دەنگدان‌و هەڵبژاردنی لیستەکان تەنیا هاوڵاتییانی دەنگدەر خاوەن بڕیارن نەک کەسانی دیکە، گۆڕانکاریی سیاسیی‌و دەسەڵاتی حکومیی هەر لەسەر بنەمای دەنگەکانی هاوڵاتییان دەگاتە ئەنجام، بۆیە پرۆسەی دەنگدان پرۆسەیەکی گرنگە بۆ گۆڕانکاریی‌و بونیاتنانی ئایندەی نوێی هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٢٩ – R٣

پرۆژە: گەیاندنی هێڵی کارەبا بۆ (٧) بیری ئاو لە ناحیەی رزگاری.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبرِی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە برِی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤١٢ – R١

پرۆژە: دروستکردنی سیاج و لێدانی بیر بۆ بینای بەڕێوەبەری ناحیە لە سێوسێنان (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبرِی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە برِی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٥ – R١

پرۆژە: دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقی بۆ گوندی قولەرەیسی لە راپەڕین.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبرِی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە برِی (٢٠٠٠٠٠٠٠) بیست ملیۆن هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

---

راگەیاندن

بە گـوێـرەی بـریـاری ژمـــارە (٣) لە کۆنوسی ئاسایی لە بـەرواری ٢٠٠٩/٧/٨ دا ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاریدا بە سەپاندنی غەرامەی دارایی بەسەر لیستی کوردستانی بە بری (٢,٠٠٠,٠٠٠دینار) تەنها دوو ملیۆن دینار بە هۆی هەڵسانی پێگەی ئەلیکترۆنی/ناوەندی رێکخستنەکانی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بانگەشەی هەڵبژاردن بەر لە وادەی دیاریکراویدا بەپشت بەستن بە برگەی ب/ی سێیەم لە بەشی حەوتەمی پەیرەوی سکاڵاو تانەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٧)ی سالی ٢٠٠٩.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥

ژمارە: ١٠٨٢/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٢

ئاگاداری

داواکار/ فەرەیدون جعفر سلیم
داوا لەسەرکراو/ هاوژین زین الدین فرج

بۆ داوا لەسەرکراو داواکار داوای ژمارە ١٠٨٢/ب/٢٠٠٩ تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥ کە تێیدا داوای گەڕانەوەی برِی (٣٦٢٠٠)$ سیو شەش هەزارو دووسەد دۆلاری أمریکی کە داوا لەسەرکراو وەری گرتووە لە داواکار بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی داواکارو منالە کەم ئەندامەکەی، بەڵام داوا لەسەرکراو هەڵنەساوە بە ئەنجامدانی التزاماتەکانی. بۆیە داواکار داوای گەڕانەوەی ئەو برە پارەیە دەکات و لەبەر ئەوەی شویچنی نیشتەجێبوونی داوا لەسەرکراو نادیارە دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەی لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە بە مەبەستی ئامادەبوونی لە رۆژی دادبینی ٢٠٠٩/٨/١٦ کاتژمێر ٩ سەرلەبەیانی بە پێچەوانەوە داواکە بە نائامادەیت دەبینرێت.

دادوەر
عبدالله اسماعیل أمین

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی
ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی هەڵەبجە

اقليم الكردستان/ العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف
منطقة السليمانية
محكمة بداءة حلبجة

ژمارە/ ٤٧٢/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٢

ئاگانامە

داواکار/ خلیل حیدر رشید
داوالێکراو/ راستگری تۆماری شارستانی سیروان/ وێرای کارەکەی

داواکار (خلیل حیدر رشید) داوایەکی بەو ژمارەیەی سەرەوە لەم دادگایە تۆمارکردووە کە دژی راستگری تۆماری شارستانی (سیروان) وێرای کارەکەی بۆ (گۆڕینی ناوی خۆی) لە (خلیل)ەوە بۆ (خەبات) وە بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی دادگا بریاریدا بە بڵاوکردنەوەی داواکەی لە رۆژنامەیەکی ناوخۆدا جا هەرکەسێک مافی رێگرتنی هەیە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لەپاش بڵاوکردنەوەی لەم رۆژنامەیەدا بە پێچەوانەوە دادگا داواکە دەبینێ بە گوێرەی یاسا.

لەگەڵ رێزدا...
دادوەر
قادر محمد نوری

---

راگەیاندن

بە گوێرەی بریاری ژمارە (٨) لە کۆنوسی ئاسایی (٥٦) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٨دا ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاریدا بە سەپاندنی غەرامەی دارایی بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە برِی (٢,٠٠٠,٠٠٠دینار) تەنها دوو ملیۆن دینار بەپشت بەستن بەبرگەی دووەم لە بەشی حەوتەمی پەیرەوی سکاڵا و تانەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی سالی ٢٠٠٩ بە هۆی هەڵسانی بەرێز عارف رشدی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ناوزراندن و خراپەکاری نواندن بەرامبەر بە لیستی گۆڕان لە گۆڤاری (رێگا) ژمارە (١٢) لە بەرواری (٢٠٠٩/٦/٥)دا.ئەم بریارە شیاوی تانە لێدانە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی (سێ) رۆژدا لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم راگەیاندنە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

---

راگەیاندن

بە گوێرەی بریاری ژمارە (٢) لە کۆنوسی ئاسایی(٥٦) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٨ دا ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاریدا بە سەپاندنی غەرامەی دارایی بەسەر هەریەک لە قەوارەی گۆڕان و قەوارەی حزبی پارێزگارانی کوردستان بە برِی (٢,٠٠٠,٠٠٠دینار) تەنها دوو ملیۆن دینار بە هۆی سەرپێچیکردنیان لە مەرجەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن کە لە یاسای هەموارکراوی پێنجەم لە یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق بریاری لەسەر دراوە هەروەها بە پێی بنەماکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە دەرچووە لە وەزارەتی شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق و پەیرەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ژمارە (٤)ی سالی (٢٠٠٩)،ئەم بریارە شیاوی تێهەڵچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم راگەیاندنە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

---

راگەیاندن

بە گوێرەی بریاری ژمارە (٤) لە کۆنوسی ئاسایی لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٨ ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاریدا بەرەتکردنەوەی سکاڵای پێشکەش کـراو لەلایەن بـەرێـز عبدالرحمن عثمان عبدالعزیز بەهۆی ئەوەی بابەتی سکاڵاکە لە بنەرەتدا روویندداوە لەبەرئەوەی هیچ حاڵەتێکی دراندنی وێنەی باوکی و فرێدانی لەسەر زەوی تۆمارنەکراوە، هەروەکو باوکی سکاڵاکار رابەری رۆحی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دەنوێنێت،ئەم بریارە شیاوی تێهەڵچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم راگەیاندنە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستــەی نووســەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# فۆبیای گۆڕان‌و دەسەڵاتی کوردی

## پێشکەشە بەوانەی وێرایان بڵێن نا بۆ پاوانخوازیی‌و ستەم



**ڕەشاد حسەین**

ترس زادەی ژینگەیەکە دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان وەک ئامرازێکی فریودەرو دۆخێکی ترسناک لەنێو فەزا گشتیەکەی کۆمەڵدا بەرهەمی دەهێنن، ئەوەش ئەو هەستە زاڵەیە کە دەیانەوێت کۆمەڵ بە پاشکۆیەتی خۆیان بۆ ناو سەرجەم ڕەهەندەکانی خۆسەپاندن‌و پاوانخوازیی کێش بکەن‌و وێنەیەکی نورانی (ئاهو ڕەمەزدایانە)ی خۆیان بەردەوام بە خەڵکی بناسێنن، دیارە مەبەستی دەسەڵاتیش ئاشکرایە کە هەوڵێکە بۆ گێل‌و نەفام‌و بە کۆیلەکردنی کۆمەڵە، تا زیاتر کلتووری خێڵ ببوژێنێتەوە، لەو ڕێگایەشەوە تاکزالی خۆی مسۆگەرترو درێژتر بکاتەوە بەڕووی مێژوودا دەسەڵاتی زاڵی خێڵ کە ئیدارەی وڵاتی بەدەستەوەیە بەبێ دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی‌و برژواو فتواکانی ئەوان نەبێت کاری مەیسەر نابێت، کەواتە ئەم دوو جەمسەرە پێکەوە دەتوانن ڕۆشنبیریی ترس لەلای خەڵکی بە تەواوی مەحکەم‌و ڕاوەستاو بکەن، لە بەرژەوەندی خۆیان، هەر بۆ نموونە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا (محمد شلتوت) کە پێش نوێژو ئیمامی جامیعەی ئەزهەر بوو فتوای دا هەموو ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئیسرائیل حەرامە، دیارە فتوای پیاوێکی وا گەورە کاری کردە سەر هەموو نەتەوەی عەرەب ئالەم کاتەدا ڕژێمەکانی عەرەب پێویستیان بە فتوایەکی لەو جۆرە بوو تا ململانێی ئیسرائیل داچۆڕێننە ناو گیان‌و هەست‌و ئەندێشەی تاکی عەرەبەوە، کەچی لە حەفتاکانی هەمان سەدە دوای پەیماننامەی (کامپ دیڤید) شێخی ئەزهەر (عبد الحليم محمد) وەزیری ئەو قاف (محمد متولی الشعراوی) فتوایان دا بۆ چارەسەری کێشە لەگەڵ ئیسرائیل ڕێگاکان والایە.

بۆیە دەسەڵاتی کوردیش فێری جۆرێک لە بڵاوکردنەوەی ترس بووە بەپاساوی تا هەنوکە ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی مەترسی دەرەکی‌و کێشە لەگەڵ سەنتەرو ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە بڵاودەکاتەوە، بەردەوام ئەو ترسە لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەو میدیاکانەوە لەسەر زاری سیاسییەکان ئامادەبوونی هەیە، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە کە بوونی هەیمەنەی دەسەڵاتی ئەوان دوورخستنەوەی ترس‌و دوو دڵی‌و دروستبوونی ئارامی‌و ئاسایشەو مانەوەشیان گەلێک زەرورو پڕ بەپێستی بارودۆخەکەیە.

### ترس چییە؟

ترس لە نەبوونەوە دروست نابێت، بەڵکو پەچەکردارێک یان لە دەرکەوتنی ڕووداوێکی کاریگەر یان چاوەڕوان نەکراوەوە پەیدادەبێت، ترسی خەڵکی کورد لە ئەنجامی ڕووداوە تراژیدییەکانی دەست داگیرکەران‌و سوتماککردنی نشتمان‌و لەناوبردنی مرۆڤەکانیەتی، دوای ڕاپەڕینیش زوڵم‌و زۆری دەسەڵاتی لۆکالی‌و فریودان‌و وازهێنان لە هەندێک ستراتیژی گرنگی نەتەوەیی‌و بەفیڕۆدانی ماڵ‌و سامانی گەل‌و تەشەنەکردنێکی ترسناکی گەندەڵی‌و بوژاندنەوەی خێڵ، پەکخستنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان‌و گوێنەدان بە بوژاندنەوەی گوندو نەڕەخساندنی بارودۆخی جێگیربوونی جوتیاران‌و خەڵکی کردن بەمشەخۆرو ئیعتیمادکردن لەسەر پارەی وشک‌و پڕۆژەی ئیستیهلاک‌و زیادبوونی بێکاریی‌و ڕەوی بە کۆمەڵی گەنجان‌و نەبوونی پلانی جێگیرکردن‌و خستنەگەڕی تواناو بەهرەو شارەزاییان‌و دروستکردنی ئینتیما بە خاک‌و نشتمانەوە شەڕی خوێناویی ناوخۆ..... هتد ئەو ترسەی خەملاندووە کە دەسەڵاتی کوردی دەستەوستانە بەرامبەری، یان مەبەستی نییە چارەسەریان بکات، بۆیە لێرەدا پرسی گۆڕان دەبێت بە ئەمری واقیع‌و حەتمیەتی جێبەجێکردنی. لە بارودۆخی ئاوا مەترسیداردا ئەگەر ئەم تەرزو شەقلی ترسە لەمەڕ چارەسەرکردن ببەیتە لای پزیشکێکی دەروونی، ڕیک پێت دەڵێت مەگەر کۆمەڵگەی کوردی بگەڕێنیتەوە بۆ منداڵی‌و لەوێوە بە پەروەردەیەکی دروست بنیاتی بنێیتەوە، دیارە ئەم کارەش مەحاڵە، بۆیە ڕووخاندنی دیواری ترس‌و خوێندنەوەی سەردەمانەو مەعریفی‌و نوخبەی هوشیارو نەفەس درێژو بە ئیرادە دەبێت شان بخاتە ژێر ئەو تەوژمە پەهێزەی گۆڕان، بە باوەڕهێنان بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات‌و قبوڵکردنی ڕای جیاوازو پێکهێنانی پەرلەمانێکی ڕاستەقینەی نوێنەرایەتی خەڵکی هەنگاوی جدی‌و کارای بۆ بنێین، ئەمەش لەکاتێکدا دروست‌و ئاکتیف دەبێت کە فاکتەرەکانی دەرەکی‌و ناوەوە هاوسەنگیەکی تێدا دروست بکرێت کە سەرتابەر تەواوکەری پرۆژەکەی ئەمریکا بێت، لەمەڕ پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و هەمئاهەنگیش بێت لەگەڵ سیاسەتی نوێی جیهانی لە بەرامبەر ماف‌و ئازادییەکانی مرۆڤ‌و بەپیرەوەچوونی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی فکرو فەلسەفەو ڕۆشنبیریی‌و هاوکاری‌و دۆستایەتی گەلان،

لە کوردستانی خاوەن قەوارەی سیاسیی لای خۆمان پرسی گۆڕان لە بەردەم ترسدا، خولاندنەوەیە لە بازنەیەکی بۆشداو هەموو جومگەکانی گۆڕانیش چەندین لەمپەرو گرفتی بۆ دانراوە، دەسەڵاتی تۆتالیتاری کوردی لە بریتی بۆ ئایندەو ستراتیژی نەتەوایەتی هەوڵ بدات، خۆی بکاتە ئامانج‌و هەرچی توانای مادی‌و ئیعلامی‌و هێزی چەکداری هەیە وەک ئامرازێکی گوشارو ترساندن لە بەرامبەر هەستی چاکسازیدا تەیارو لە ئامادەکاریدایە بۆ هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان، دژ بە لیستی گۆڕان‌و دەرکردن‌و نانبڕینی باشترین کادیرو هوشیارترین تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی.

### ترس وەک نەخۆشی

ترس بەجۆرە باوە ئاسایەکەی دۆخێکی دژوار نییە٠٠ بۆ نموونە ترسان لە مردن.. لە پیری لە نەبوونی، لە بێکاری، بەڵام کاتێک دەبێتە نەخۆشیی ڕەنگدانەوەی بە مرۆڤەکانەوە دیارە.. کەسی نەخۆش وەک مرۆڤێکی سروشتی دەرناکەوێت، ئەگەر باس لە کەسی ترساو بکەین دەبینین زووهەڵدەچێت، تورەبوونی بەردەوامی هەیە، هەمیشە بۆ نادیار دەڕوانێت، دڵە ڕاوکێی بەردەوامی هەیە. شەرمنە. لە کەسانی بەرپرس سڵدەکاتەوە حەزی بە تێکەڵاوی نییە، دوورە پەرێزە بەگشتی لەنێو کۆمەڵگا زۆرێک لەم کەسانە گیرۆدەی ئەو بارە دەروونیەن، بۆیە فەراهەمکردنی ئاساپش بۆیان مانای ڕەواندنەوەی دوو دڵی‌و ترس‌و دڵەڕاوکێ، کەواتە گەر ترس جەمسەری گەرم بێت، ئەوا ئاسایش جەمسەری ساردە کەواتە پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد لەنێو کلتووری ترس‌و خورافەی داستانە خوێناوییەکانی خێڵ‌و چیرۆکی تۆڵەسەندنەوەو بەکارهێنانی هیز، بێگومان گرفتارە بە ڕێژەیەک لەو نەخۆشیە دەروونییانە، مرۆڤی ترساو لەکاتی هەڵچووندا کۆمەڵێک ڕووداوی فسیولۆژی لە ناوەوەی ڕوودەدات کە دەبێتە ڕژاندنی هەندێک هۆرمۆنات‌و لەگەڵیدا زیادبوونی لێدانی دڵ‌و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن‌و دروستبوونی پەستان لەسەر گەدەو بۆری میزو گەشبوونەوەی نائاسایی چاو وشکبوونی قورگو لێو زەرد هەڵگەڕانی سیمای، تەنیا بۆ باسەکەمان هێندە بەسە کە لە خەسڵەتی مرۆڤی ترساو بە سادەیی تێبگەین، هێندە هەیە ترس‌و ئاسایش تەواوکەری یەکترین‌و یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی

هەرچەندە باسەکەی ئێمە باسکردنی ترس‌و دەسەڵاتە، بۆیە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر کاریگەری ترس لەسەر دەسەڵات‌و جەماوەریش کە هەردووکیان پەیوەستی یەکترن.

### ترس لەسەر شێوەی ئەمریکی

ئەمرۆ ئەمریکیەکان بەگشتی (٢٠) ساڵ تێدەپەڕینێت بەسەر کۆتایهێنانی ململانێیان لەگەڵ سۆڤیەت‌و تاک جەمسەرانە جیهان لەژێر ڕەحمەتی هەیمەنەی خۆیدایە، بەڵام لە پاش (١١)ی سێپتێمبەرەوە جارێکی دیکە جۆرێکی دیکە لە ترس ڕووبەڕووی بووەتەوە کە ترسە لە تیرۆریستان گەلی ئەمریکا پاش (٣) ساڵ جەنگکردنیان لە عێراقدا بە ڕێژەی ١٠٪ دژی ئەو جەنگە بوون، بەڵام ئێستا ئەو ڕێژەیە هەڵکشاوە بۆ ٦٠٪ ئەوەش پەیوەندی بە دوو پرسیارەوەیە؛

١- ئایا ئەم جەنگە ڕێگایەکی ڕاستە بۆ تێکشکانی تیرۆر؟ چەند ساڵ دەخایەنێت تا کۆتایی دێت؟

٢- ئایا بەڕاستی تیرۆریستەکان مەترسین لەسەر ئەمریکا؟ ئایا (بۆش) موبالەغەی نەکرد لە وێناکردنی ئەو جەنگە.. بۆیە لای ئەمریکیەکان بەردەوام ڕاپرسی‌و پرسیار لەسەر ڕووداوە گەرمەکان لەلایەن سەنتەرەکانی ڕاپرسی‌و تەلەفزیون‌و ڕادیۆ ناوخۆییەکانەوە دەکرێت.. ڕادیۆی (ئەیر ئەمریکا) لەسەر گرفتی تیرۆرو هەڵوێستی (بۆش) پرسیاری لە ئەمریکیەک کرد لە وەڵامدا وتی: «بۆش موبالەغەی کرد لە ترساندنمان لە تیرۆریستەکان، چونکە بۆش بەم ترسە نغوسی خۆی زیاترکرد تا بۆ جاری دووەم چانسی هەڵبژاردنی مسۆگەربکات». واتە ویستی بمانترسێنێت تا بمانپارێزێت، دیارە پاراستنیش بە هەڵبژاردنەوەیەتی، کەواتە ڕۆشنبیری ترس لای ئەمریکیەکان تێکەڵ دەبێت بە کاروباری سیاسی، وەک هەموو کارتێکی دیکەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا ڕۆڵی کارای هەیە.

دواجار ( توماس فریدمان ) نووسەری ستوونی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز ) دەڵێت (گرفتی تیرۆریستەکان لای ئەمریکیەکان نەفسیە نەک سیاسی)، بۆیە ئێمە کە خاوەنی پرەنسیپی ئازادیی‌و یەکسانین، پێویستە لەو پێناوەدا تێبکۆشین.

### ترس‌و دەسەڵات

ڕەهەندەکانی ئەمجۆرە لە ترس، پەیوەستە بەو ڕەغبەتەوە کە دەسەڵات گەرەکێتی لەڕێگەی ترساندنەوە مرۆڤەکان لغاوگیرو ڕام بکات، دەسەڵات لەم وێستگەیەدا پشت بەو پەیامە نابەستێت بەڵکو پشت بەو پەیامە دەبەستێت کە دەڵێت (بۆ ڕزگاربوون لە ترس پێویستە گرفتەکانی ترس چارەسەربکەین)، بۆیە کۆمەڵ لەسەر ڕیتمی بەردەوام ترسان ڕادەهێنێت‌و خۆشی بە چارەسازی ترسەکە دەردەخات، بۆیە لە زۆر کاتدا بۆ کوشتنی ترسە تایبەتەکانی یان ئەو فشارانەی لە ناوەوەدا سەرچاوەی ترسن بۆی، لەناو ترسە دەرەکیەکاندا دەتوێنێتەوەو ئامانجەکانی بۆ ڕەوینەوەی ترسی ناوخۆ لەپاڵ ترسە دەرەکیەکە وندەکات، بۆ نموونە دەوڵەتی شەڕفرۆشی عێراق کاتێک تووشی جەنگێکی خوێن لەبەر ڕۆشتووی هەشت ساڵە دەبێت فرسەتێکیش دەدۆزێتەوە بۆ کوژانەوەی شۆڕشی کورد، لەناو ئەو جەنگە کاولکارەی نێوان عێراق‌و ئێران، ڕژێمی عێراق چەکی قەدەغەکراو دژ بە بزووتنەوە ڕەواکەی کورد بەکاردێنێت‌و دەیەوێت هەڵی ئەو جەنگە لە کیس نەدات، کێومالی کوردیش بکات، بەبێ ئەوەی ڕای گشتیی جیهان هیچ ڕەخنەو سەرزەنشتی بکەن، چونکە بەرەکانی جەنگ لەنێوان هەردوو جەمسەرە دژەکەدا هاوبەشەو دۆخەکە دەرفەت نادات بزانرێت بەرامبەر بە کورد کامیان تاوانبارن، لەکاتێکدا خەڵکی کورد کە گەورەترین زیانی لێکەوتووە لەنێو خاکی عێراقەوە تووشی ئەو کارەساتە بووە، کەواتە ئەمە چەواشەکاریە، کێشەکە پرسیار دەکرێت خۆ قابیلە عێراق بەو درندەییە لە گەلەکەی خۆی بدات.

کەواتە ترسی دەسەڵات ترسێکی مانادارو خاوەن نەخشەسازییەکی وردە، کاریگەریە نێگەتیفەکانی زیانگەیاندنە بە چەمکی دیموکراتی‌و شەفافیەت‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات

بوونی ترس لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی پاشکەوتە بەزویی ئامانجی خۆی دەپێکێت، دەسەڵاتی پاوانخوازیی فەرمانڕەوا لە هەموو هەڵوێستەی تاکێکی کراوەو پێشکەوتوودا گەر بیەوێت پەردە هەڵماڵێت لەسەر سیمای دزێوو نادیموکراسی دەسەڵات. کارتەکانی زیندووکردنەوەی ترسە جەماعیەکە دەردەهێنێت‌و ڕەنگێکی نشتمانی‌و نەتەوەیی‌و پێشکەوتن‌و دادوەری دەکات، هەموو جوڵەکان لە کاردەخات وەکو دەسەڵاتی کوردی لەبەردەم پرسی گۆڕاندا، پڕوپاگەندەی گێرەشێوێنی‌و تێکدانی ڕیزەکانی کوردایەتی‌و هاندانی خەڵکی ناهۆشیار بۆ دژایەتی‌و ترساندنی خەڵکی لە نان بڕین‌و پێنەدانی خۆراک‌و دەرکردن لەسەر وەزیفەو تارادەی گرتن‌و سزاو ئیرهابی فیکری‌و جەستەیش، لەپەنا ئەم دەسەڵاتە نادیموکراسیەش کۆمەڵێک جاش قەڵەم‌و کارمەندی پڕوپاگەندەی دامودەزگا تۆقێنەرەکان لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکە زۆر شەرمەزارانەو جاهیلانە دەکەونە پیاهەڵدان بە شان‌و باڵای سەرۆکی کارێزماو سەرسامی دەربڕین بەرامبەر چاکەخوازان‌و دروستکردنی ناوو ناتۆرەی ناشیرین‌و نامرۆڤانەو هەوڵدان بۆ خەفە کردنەوەی هەر تەوژم‌و جوڵەو هەنگاوێکی گۆڕان بەرامبەر بەخشیشێک یان پلەو پۆستێک یان ئیمتیازێک٠

### دوا بەش

ئێمە لەم بابەتەماندا نەمان ویستوە ترس وەک نەخۆشیی دەروونی‌و حاڵەتیکی شازی نەخۆشێک لێکبدەینەوە ئەوەندەی مەبەستمان بووە وەک دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی چەند کاریگەری هەیە لە سەر ڕیتمی گۆڕانی کۆمەڵ، بەرەو شوڕشێکی پرتەقاڵی ئامادەگی ئەو ترسە جەماعیە لەناو ڕۆحی مرۆڤی کوردا کە دەبێتە گەورەترین بەربەست لە بەردەم گۆڕان‌و پێشکەوتن‌و بە دیموکراتیزەکردنی سیستمی حوکم‌و داهێنانێکی نوێ لە مۆدێلی ئاستی یەکتر قبوڵکردن‌و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات‌و دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو گەڕانەوە بۆ لای جەماوەرو کردن بە خاوەنی بڕیارو دروستکردنی ئینتیما بۆ نشتمان‌و نەتەوەو بە دامەزراوەکردنی ئیدارات‌و فەراهەمکردنی ئازادیەکان‌و مافی مرۆڤ، ئێمە ترس بە غەریزەیەکی بۆماوە نازانین وەک نەخۆشیەکی موزمین لە چارەنووسی تاکەکانی کۆمەڵ نەبێتەوە، هەر وەک چۆن بە خاڵی نێگەتیفی تاکەکانیشی نازانین، ئەوەی مەحکومە بەم دیاردەیە پێش هەموو شتێک سیستمی پەروەردەیە جا چ لە ماڵەوە چ لە قوتابخانە چ لەناو بازنەی کۆمەڵایەتی، ئەم واقیعەش بەپلەی یەکەم کۆمەڵ تێیدا زەرەرمەندو دەسەڵات پێی ئاسودەو مسۆگەرە، ئەو تارماییەی کە هەمیشە تووشی ڕاڕایی‌و گومانت دەکات چۆن ڕزگار دەبیت لە دەستی‌و؟ نەوەیەکی تەندروستی چالاکی بەهرەمەندی کارا بەرهەم دێنی؟ چۆن ململانێی نەوەکان ئاکتیف دەبن ڕایەڵەی پێکەوە گرێدانیان دروست دەبێت؟ چەندە دەتوانین سوودمەند بین بە ئەزموون‌و شارستانیەتی پێشکەوتووی جیهان؟ پرسیارگەلێک لەڕوماندا دەوروژێ‌و هەریەکە چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی پێویستەو بە چەندین ڕێگای جیاماندا دەبات، بەڵام ئەوەی لە لامان ڕوونە هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر گۆڕان کە پێویستییەکی حەتمی مرۆڤگەلەکانە.

> **ڕەهەندەکانی ئەمجۆرە لە ترس، پەیوەستە بەو ڕەغبەتەوە کە دەسەڵات گەرەکێتی لەڕێگەی ترساندنەوە مرۆڤەکان لغاوگیرو ڕام بکات، دەسەڵات لەم وێستگەیەدا پشت بەو پەیامە نابەستێت بەڵکو پشت بەو پەیامە دەبەستێت کە دەڵێت (بۆ ڕزگاربوون لە ترس پێویستە گرفتەکانی ترس چارەسەربکەین)، بۆیە کۆمەڵ لەسەر ڕیتمی بەردەوام ترسان ڕادەهێنێت‌و خۆشی بە چارەسازی ترسەکە دەردەخات**



From famous Bany khelan spring 07480124442: بنكەی فرۆشتنی راستەوخۆ



+ رۆژ ستی - لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیك مەحموود ( نزیك سەنتەری بۆلینگ ) .
+ ( ژووری میوان . چێشتخانە . ( 3 ) نوستن . حەمام . توالیت . شوێنی غەساله و مەغسەل . بالكون ) .
+ هیچ مانگانەیەكی خزمەت گوزاری نادەیت .
+ نرخی یەكەیەك ( 50 000 $ ) پەنجا هەزار دۆلارە , ( 25000 $ ) لە لایەن سندوقی نیشتەجێ بوونەوە دەدرێت بۆ هەموو هاوڵاتیەك , تەنها بری ( 25000$ ) دەدرێت بە چوارقیست - پێشەكی 6500$ .
ئۆفیسی كۆمپانیا - فرۆشتنی یەكەكان : ئیوری مەلیك - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تاهیر - ت: ( 0750 152 1717 - 0770 152 93932 - 0771 016 5555 )

# تیشكێك لەسەر دەنگدانی تایبەت ٢٠٠٩/٧/٢٣

## بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق



**دەنگدانی تایبەت:**

پرۆسەی دەنگدانە بۆ چەند كۆمەڵێك لە دەنگدەران كە ناتوانن بەشداری لە رۆژی هەڵبژاردنی گشتی لە (٧/٢٥) دا بكەن. بنكەكانی تایبەت بە دەنگدانی ئەم كۆمەڵانەی خوارەوە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٣ لە كاتژمێر هەشتی بەیانی تاكو شەشی ئێوارە دەكرێنەوە.

**یەكەم:**

هێزەكانی ئاسایش و سوپا لە پارێزگاكانی هەرێم.

**بەڵگەنامە پێویستەكانی ئەم كۆمەڵەیە :**

- ناسنامەی باری شارستانی یان رەگەزنامەی عێراقی یان ناسنامەی فەرمی پۆلیس و ئەوانەی كە سەربازن.

**دووەم:**

- گیراوەكانی ئەو گرتوخانە و بەندیخانانەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرێوەیان دەبات (ئەو گیراوانەی هێشتا حوكم نەدراون ، ئەوانەی حوكمدراون بە كەمتر لە پێنج ساڵ) هەروەها ئەو فەرمانبەرانەش دەگرێتەوە كە لەو دەزگایانەدا كاردەكەن كە لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا ناتوانن دەنگ بدەن .
- نەخۆشەكانی ئەو نەخۆشخانانەی كە ژمارەی قەرەوێلەكانیان لەسەد زیاترە، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی كە لەو نەخۆشخانانەدا كار دەكەن و ناتوانن لە رۆژی دەنگدانی گشتیدا دەنگ بدەن.
- ئەو فەرمانبەرانەی لە رۆژی دەنگدان لە دەزگا حكومیەكان و ناوچەی نێو دەوڵەتی لە بەغدا خۆیان و خێزانەكانیان لە كاردان، بەڵام لە هەرێمی كوردستان تۆماركراون.
- ئەوانەی لە ناو سوپادان بەڵام وەكو دەنگدەر لە هەرێمی كوردستان تۆماركراون و لەچەند پارێزگایەكی دەرەوەی هەرێم ئەركێكی فەرمیان پێ راسپێردراوە.

**بەڵگەنامە پێویستەكانی ئەم كۆمەڵەش:**

- ناسنامەیەك بۆ سەلماندنی كەسایەتی و زانینی ژمارەی پسولەی خۆراكی خێزان و ژمارەی ناوەندی خۆراك. یان هێنانی پسولەی رەسەن یان كۆپی كراو.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆڕاییانەوە بكە:
اسیاسیل ٧٧٧٧ كورەك ٢٠٢٠

المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات
كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

١٠ ڕۆژی دیکە دەیگۆڕین

گۆڕان التغيير CHANGE

بەرەو گۆڕ ٥٧

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 17 Date. 15-7-2009 ٢٠٠٩-٧-١٥ ژمارە: (١٧)

# جەماوەریبوونی لیستی گۆڕان دەسەڵاتی تووشی شۆک کردووە

بۆ ل٣



فۆتۆ: سامان حەمە کەریم

لەسنوری پارێزگای سلێمانی کەرنەڤاڵی جەماوەری بۆ لیستی گۆڕان تا دێت لە زیادبوونەدایە

## عوسمان بانیمارانی:

## لەهەولێر هەزاران دەنگی شاراوەی ناو حیزبو خەڵک دەنگ بەگۆڕان دەدات

پشتیوان سەعدوڵڵا

عوسمان بانیمارانی، کاندیدی لیستی گۆڕان رایگەیاند لیستی گۆڕان لە سنووری پارێزگای هەولێر خاوەنی جەماوەرێکی زۆر فراوانەو لەو رووەوە هیچی لە سلێمانی کەمترنییەو دەڵێت: «لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتیدا دەسەڵاتداران خەلک دەترسێنن‌و ئیهانەی لایەنگرانی لیستی گۆڕان دەکەن، ئەوەش وایکردووە کە شێوەی هاتنەمەیدانی خەڵکی هەولێر جیاوازبێت لە خەڵکی سلێمانی.

بانیمارانی،کەیەکێکەلەبەرپرسانی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر، بە بەرەوگۆڕانی راگەیاند: «بۆ خەڵکی سلێمانی‌و گەرمیان لەدەسەڵاتی یەکێتی توورەن، لە ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی پارتی خەلک لە پارتی تووڕەیە، دیارە ئەو شێوە تووڕەییە لە سلێمانی باشتر بەرهەمهێنراوەو خەلکەکەی لەئێستادا دەریدەبڕن‌و دێنە سەر شەقەمەکان، لەناو پارتیشدا موعانات‌و ناڕەزایی‌و دەنگی شاراوە زۆرە، بەڵام لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتیدا فشار لەسەر هاوڵاتیان زۆرەو دەسەڵاتداران خەڵک دەترسێنن‌و ئیهانەی هەواداران‌و لایەنگرانی لیستی گۆڕان دەکەن، ئەوەش واپکردووە کە شێوەی هاتنەمەیدانی خەڵکی هەولێر جیاوازبێت لە خەڵکی سلێمانی.

وتیشی: « لەگەڵ ئەو هەموو زەخت‌و ئیهانەکردن‌و لێپرسینەوانەدا لە سنووری پارێزگای هەولێر لیستی گۆڕان خاوەنی جەماوەرێکی زۆرەو لە دەنگدا هیچی لە سلێمانی کەمترنییە..

## دەسەڵاتداران دەتوانن حاشا لەو راستییە بکەن؟

## شەهیدانەی مامەڕیشە نیو هێندەی «شەهیدانەی» بکوژەکەیەتی

بەرەو گۆڕان

لیستی مووچەی شەهیدانی کوردستان ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بکوژی پێشمەرگە بوون، بە شێوەیەک مووچەو پلەو ئیمتیازی بکوژی پێشمەرگە لە هی پێشمەرگەیەکی شەهید زیاترە. نموونەی ئەو کردارەی دەسەڵاتیش مووچەی شەهیدی قارەمان مامەڕیشەو بکوژەکەیەتی کە بکوژو شەهید لە یەک وەزارەت مووچەیان بۆ سەرفدەکرێت، سەرباری ئەوەش مووچەی مامەڕیشە کەمترە لە نیوەی مووچەی بکوژەکەی.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان ئەمە بە ناڕاستو بانگەشەی هەڵبژاردن هەژمار دەکەن با بە بەڵگەوە رەتیبکەنەوەو مووچەی ١٢ مانگی ساڵی رابردووی مامەڕیشەو بکوژەکەی بڵاوبکەنەوە.

## بانگەوازێک لە لیژنەی باڵای راگەیاندنی لیستی گۆڕانەوە

لە کاتێکدا کە تەنیا چەند رۆژێکی کەم ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان‌و پەنابردن بۆ سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی گەلی کوردستان گوزارشت لە ئیرادەی راستەقینەی خۆی بکات، کەسانی نامەسئول لە دەسەڵات دەیانەوێت کەشی هێمنی‌و ئارامیی بانگەشەکانی هەڵبژاردن تێکبدەن، ئەوەتا ئەمڕۆ لەلایەن بەرپرسیارانەوە هەموو ئاسایشی سلێمانی ئاگادار کراوە کە بەجلی مەدەنییەوە بچنە سەرجادەو کەرنەڤاڵی بانگەشەی لیستی گۆڕان بشێوێنن، وەک دەردەکەوێت ئەو کەسانە لە ئێستاوە دەیانەوێت رێگە لە هاوڵاتییان بگرن لەوەی بە ئازادی‌و ئاشتی‌و ئارامی گوزارشت لە ئیرادەو خۆشیی خۆیان بکەن، کێشەی ئەم جۆرە کەسانە ئەوەیە کە دەیانەوێت خوشک‌و براکانتان لە ناو پۆلیس‌و هێزەکانی ئاسایش بۆ ئەم کارە سەرکوتکەرو تێکدەرانە بەکاربهێنن، ئێمە لە کاتێکدا کە داواتان لێدەکەین بەهەمان ئارامی‌و رەوشتی بەرزی خۆتانەوە درێژە بە هەڵمەتی خۆتان بدەن، داواشتان لێدەکەین بەوپەڕی رێزو حورمەتەوە لەگەڵ پۆلیس‌و هێزەکانی ئاسایشدا مامەڵە بکەن، چونکە ئەوان خوشک‌و براو کەسوکاری خۆتانن‌و ئەرکی راستەقینەیان پاراستنی هێمنی‌و ئاسایشی کوردستان‌و هاوڵاتییانە.

لەهەمانکاتیشدا داوا لە کوڕو کچ‌و کەسوکارەکانی خۆمان لە پۆلیس‌و هێزەکانی ئاسایش دەکەین کە لە ژێر فشاری هیچ هێزو لایەکدا لە ئەرکی ئەخلاقی‌و نیشتمانیی خۆیان لانەدەن‌و تەنیا پابەندی ئەرکی ئەخلاقی‌و رەسمیی خۆتان بن کە پاراستنی هێمنی‌و ئاسایش‌و ئارامیی هاوڵاتییانە، جەماوەری لیستی گۆڕان کەسوکارو کچ‌و کوڕو خوشک‌و باری ئێوەن، ئەوان بە چاوی حورمەتەوە لە ئێوە دەڕوانن، دەی ئێوەش بەخۆشەویستی‌و رۆحی هاوکارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، ئێمە تەنیا چەند رۆژێکی کەممان ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن‌و سەرخستنی ئەم جەژنی هەڵبژاردنە، ئەرکی هەموو لایەکمانە لە ئاستێکی بەرزی لێپرسراویدا بەشداریی سەرخستنی هەڵبژاردن بکەین‌و ڕوویەکی گەشی گەلەکەمان پیشانی جیهان بدەین.

٢٠٠٩-٧-١٣

## بنەماڵەی نەقشبەندی پشتگیریی لە لیستی گۆڕان دەکەن

بۆ ل٣

## ئاسۆس هەردی: پێویستیمان بە گۆڕانی ریشەیی هەیە لە هەموو دامودەزگاکاندا

بۆ ل٥



# گۆڕان دەسەڵات تووشی شۆک دەکات

دلێر عەبدولخالق

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، د.شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕان لەسەر دوایین پرسەکانی هەڵبژاردن‌و ئەو بارگرژییەی چەند شەوێکە وتووەتە نێوان بەشێک لەهێزە ئەمنییەکان‌و هاوڵاتییان لە شەقامی تووێمەلیکی سلێمانی، وەڵامی رۆژنامەنووسانی دایەوە، هاوکاتیش بەگەشبینییەوە دەیڕوانییە ئایندەی لیستی گۆڕان وەک رەوتێکی گەورەی سیاسی‌و خۆڕسکی ناو جەماوەری کوردستان‌و ئاماژەی بەوە کرد «جەماوەرییبوونی ئەو لیستە دەسەڵاتی تووشی شۆک کردووە».
لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردندا، جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی دیکەی هەرێم ئەو پرۆسەیە گەرموگوڕییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت لەلایەن جەماوەری ئەو لیستانەی بەدەر لە لیستی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دابەزیون‌و بە بەرنامەیەکی نوێوە داوای گۆڕان دەکەن، لە کاردانەوەی ئەو دۆخەشدا ئامرازەکانی راگەیاندنی دوو حیزبەکە چەندین ناوناتۆرەیان لە جۆری بانگەشەی ئەو لیستانە ناو بەوە تۆمەتباریان دەکردن کە هێمنی شاریان شێواندووە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی ئەوانەی خولقێنەری دۆخەکەن هاوشاریانی شارەکانن.

## دەسەڵات یاسا پێشێلدەکات

بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی ئەمجارە بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەهەموو ئاستەکاندا شۆڕبووەتەوە، تا گەیشتووەتەوە ئەوەی هەموو بەرپرسە باڵا حکومی‌و حیزبییەکانی تێخزاوە، بەشێوەیەک لەسەر ئاستی عێراق سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و وەزیرە کوردەکان، لە هەرێمیش سەرۆکی هەرێم‌و جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان‌و جێگرەکەی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و جێگرو وەزیرەکانی هەر یەکەی بەقۆڵێکدا پەرتبوون، بەئامانجی هێشتنەوەی هاوسەنگیی هێزی خۆیان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چاودێرە سیاسییەکان ئاماژە بە گۆڕانی «هاوکێشەکە» دەکەن.
لەوبارەیەوە شاهۆ سەعید ئاماژەی بەوەکرد، بەکارهێنانی پۆستی دەولەت یەکێکە لەپێشێلکارییەکانی لیستی کوردستانی‌و جگەلەوەش لیستە رکابەرەکانیان بەوە تاوانباردەکەن کە خائینن‌و بەکرێگراوی بێگانەن، واتە بەر لەهەر کەسێک خۆیان یاسا پێشێلدەکەن، بەڵام ئێمە هەرچەند لەپێگەی دەسەڵاتدانین، بەڵێندەدەین بە هاوڵاتییان وەکچۆن لە بانگەشەی هەڵبژاردندا رێز لەیاسا دەگرین، لەکاتی چوونە دەسەڵات‌و پەرلەمانیش یەکەمین کارمان ئەوەیە یاسا بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێببێت بێ جیاوازی، بەرلەوەی یاسا بەسەر رکابەرەکانماندا جێبەجێببێت بەسەر خۆماندا جێبەجێی بکەین.


جەماوەری خۆڕسکی لیستی گۆڕان بەردەوام لە فراوانبووندان

## جەماوەریی گۆڕان‌و تاسانی دەسەڵات!

وتەبێژی لیستی گۆڕان لەبارەی جەماوەرییبوونی ئەو رەوتەوە رایگەیاند: جەماوەری لیستی گۆڕان لەسەرەتای بانگەشەدا زۆربەی شەقامە گشتییەکانی سلێمانیان تەنی، لەبەرامبەریشدا هێزە ئەمنییەکان ئەو شەقامە گشتییانەیان دەگرت، بەڵام لەگەڵ گرتنی شەقامێک، شەقام‌و گەڕەکێکی دیکە دەکرایەوەو دەبووە بلندگۆی کۆکەرەوەی هەوادارانی گۆڕان. وتیشی: «دەسەڵات تووشی شۆک بووە، تاساون بەرامبەر ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی لیستی گۆڕان کە رۆژانە بەشێوەیەکی خۆڕسک لەشەقام‌و کۆڵانەکاندا هەڵدەقولێن، جەماوەرییبوونی لیستی گۆڕان هەموو چاودێرانی دەرەوەو ناوەوەی تووشی سەرسامی کردووە، لەکاتێکدا ئێمە رێکخراوێکی سیاسی نین‌و ئەو جەماوەرە بەشێوەیەکی عەفەویانە دەرژێنە سەر جادە، واتە ئێمە رێکخستنمان نییە خەڵک ئاراستە بکەین، بەڵکو خەڵک وەکو گوزارشتکردن بۆ ئاهەنگگێڕان دەرژێنە سەر جادەکان، لەهەموو دنیای دیموکراسیدا کاتێک لایەنگرانی حیزبێک یان لایەنێک دەرژێنە سەرجادە لایەنگرانی لیستەکانی دیکە رێزیانلێدەگرن، ئێمەش داوا لەدەسەڵاتداران دەکەین رێز لە ئیرادەی جەماوەری گۆڕان بگرن، بەنموونە کاتێک دەبینن ئەو جەماوەرە ئاهەنگدەگێڕن با وازیانلێبێنن‌و لەشوێنێکی دیکە ئاهەنگبگێڕن، واتە ئیستفزازی لایەنگرانی ئێمە نەکەن، دەبێت دەسەڵات دان بەوەدابنێت کە زۆرینەی شەقام لەگەڵ ئەواندا نین، ئەمەش دیاردەیەکی شارەستانییەو مافی گوزارشتکردنە لەبیروباوەڕی جیاواز.

## پەرشوبڵاوکردنی جەماوەری گۆڕان

د. شاهۆ سەعید لەکۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەدا هێمای بۆ بڵاوەپێکردنی جەماوەری گۆڕان کردو وتی: ئەوەی لەسلێمانیدا دەژی‌و چاودێری دۆخەکە دەکات، دەزانێت هەموو شەقامە گشتییەکان‌و فلکە گشتییەکان گیراون، واتە رێگە نادەن هەوادارانی ئێمە بەشێویەکی تەندروست گوزارشت لەبیروڕای خۆیان بکەن، بۆیە ئێستا جەماوەر لەکۆڵانە تەسکەکاندا دێنە دەرەوەو ئاڵای ئێمە هەڵدەکەن، هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس خەڵک ناچاردەکەن بە کۆڵانە تەسکەکاندا برۆن، زۆرینەی ماڵەکان بە ئاڵای نیلییەوە دێنە دەرەوە، بەمەش دەسەڵات ناتوانن بەر لە خۆشی خەڵک بگرن، لایەنگرانی لیستی گۆڕان خەڵکی ئەم وڵاتەن، تکایە تەنگەتاویان مەکەن‌و هێز بەکارمەهێنن بۆ لێدانیان، تەزووی کارەبا بەکارمەهێنن، ئەشکەنجەیان مەدەن. هەر کاتێک لایەنگرانی ئێمە یاسایان پێشێلکرد، سکاڵایان لەسەر تۆماربکەن، چونکە لایەنگرانی خۆمان بە (فریشتە) نازانین‌و هی خەڵکی دیکە بە (شەیتان).

# دوولایەنگری لسیتی گۆڕان دەستبەسەردەکرێن

فەلاح نەجم

بەبیانوی بانگەشەکردن بۆ لیستی گۆڕان دو لایەنگری لیستەکە لەناحیەی سەرو چاوە لە لایەن پۆلیسەوە دەسگیر دەکرێن .
واحید کاکەمەلا، بەرپرسی کەمپینی گۆڕان لە سەرو چاوە دەڵێت « ئەو دوکەسە سەربە لیستی گۆڕانن ، شەو لە لایەن پۆلیسەو ئاسایشی حاجی ئۆمەرانەوە هەڵدەکوترێتە سەر مالیان، پاش لێدانێکی زۆر دەسگیر دەکرێن و رەوانەی بەندینخانەکانی هەولێر دەکرێن «
وەستا ئەرسەلان و فایەق قادر رۆژی ١١ /٢٠٠٩/٧ سەرقالی بانگەشەکردن بون بۆ لیستی گۆرن ، پاش چونەوەیان بۆ مالەوە دەسگیر کراون ، تا ئێستاش ئازاد نەکراون.
ئەو بەرپرسە لە لیستی گۆڕان وتیشی: «زۆرێک لە لیستەکان نیگەرانن لە پشتگیرییە جەماوەرییەی لە لیستی گۆڕان دەکرێت بە تایبەت لە ناو چەی رانیەوە سەروچاوە بە هەرجۆرێک بێت بەرپرسە حیزبیەکان دەیانوێت لە پەرلەبەردەم لیستی گۆڕاندا دروستبکەن».

# بنەماڵەی نەقشبەندی پشتگیریی لیستی گۆڕان دەکەن

بەرەو گۆڕان

لەدرێژەی پشتیوانیکردنی هاوڵاتییانی خەڵکی کوردستان بەسەرجەم چین‌و توێژەکانەوە بۆ لیستی گۆڕان، ئەندامانی بنەماڵەی نەقشبەندیەکان پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو لیستە راگەیاند.
بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بنەماڵەی نەقشبەندییەکان کە دانەیەکیان بۆ سبەی ناردووە، ئاماژە بەوە کراوە: مەخابن پاش تێپەڕبوونی (١٨) ساڵ، دەسەڵاتی هەرێم‌و وەگەڕخستنی پەرلەمان لەسەر میتۆدو خواستی بەرژەوەندیخوازانەی دەسەڵاتی (٥٠ بە ٥٠)و خنکاندنی دەنگی گەل‌و بەرەی ئۆپۆزسیۆن‌و چاندنی تۆوی هەرەوەزی نایاسایی دژ بە پرەنسیپە دیموکراتییەکانی گەل‌و بنەماکانی مافی مرۆڤ، جارێکی دیکە درک‌و داڵ کرایە خەرمانی سووری بەرهەمی خەباتی سوور، خەڵاتانی وڵات‌و هیواو ئاواتی رزگاریخوازان درایە دەم رەشەبای بەرژەوەندیخوازان، ئازادی بووە بە خەون‌و سەرابێکی چاوەڕواننەکراوی پڕ تراژیدی لە بەڕێوەبردنی سیستمی ئیداری‌و سیاسی‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی، دادپەروەری‌و یاسا بووە بە خەنجەرێکی ژەهراوی بۆ داپاچینی لەشی هەموو چین‌و توێژەکان، خزمەتگوزاری‌و پەروەردەو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری کەوتە ژێر کۆنترۆڵی فەرهەنگی دوژمنان، هەڵسوکەوتی نا وشیارانەی سیاسی‌و لاوازی هەستی نەتەوەیی دەسەڵاتی هەرێم هەر لە سەرەتاوە بوو بە دەمجەرو بەربەستی سنووری جوگرافیای کوردستان، ئەمانە قەترەیەکن لە دەریای لێڵی ماسیگرانی پاوانخواز لە سیستمی گەندەڵ سالاریدا.
هەر بەم بۆنەیەوە وەک ئەندامانی بنەماڵەی نەقشبەندی بەناوی خوای یەکتاو بەپشتیوانی هێزی گەل، دەنگی خۆمان ئاراستەی رەوەندی مێژوویی لیستی گۆڕان دەکەین‌و دەڵێین بەڵێ بۆ گۆڕان بۆ خەبات‌و بەرخۆدان تا یەکسانی مافەکان، داواکارین کە رۆڵەکانی ئەنفال‌و کیمیاباران‌و سەرجەم گەلی کوردستان بەتایبەت زانایانی ئایینی‌و رێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی کە هەمیشە رێپێوی مەنزلگەی حەقیقەت‌و خێرخوازی گەل‌و نیشتمان، بە ئاوی مەعریفەتی خودایی‌و شەریعەتی غەرای محەمەدی لاپەڕە رەشەکانی گەندەڵی‌و نا بەرابەری‌و حەیف‌و مەیلکردنی سەروەت‌و سامانی (١٨) ساڵەی هەرێمی کوردستان بەهەوێنی ئامانج‌و ئاواتە نەتەوەییەکان بسڕینەوەو بەرپرسانەو دڵسۆزانە رێبازی خاسانی خواو خزمەتگوزارانی گەل‌و نیشتمان رەچاو بکەن.
لە بەشێکی دیکەی راگەیەندراوەکەدا هاتووە: گەلێک مسوڵمانی کورد، شۆڕشگێڕان‌و خەباتکارانی رێبازی درێژخایەن، لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی، رێبەران‌و مورشیدانی تەریقەتی نەقشبەندی، هەرگیز ملکەچی ئەو دەسەڵاتە نین کە بەرژەوەندی گەل‌و نەتەوە دەکەن بە فیدای دەسەڵاتی تاکەکەسئ ئامانجی بەرتەسکی حیزبایەتی.

**ئەحسەن جەمال شێخ عوسمان سراجەدین نەقشبەندی سوید**

**رەوف شێخ غەریب نەقشبەندی ئەمریکا**

# بزە لەجێی شەرمکردن

ئەرسەلان عەلی

(سەرکردە)یەکم بینی لە ماڵی یەکێک لە قارەمانترین پێشمەرگە شەهیدەکانی کوردستان دانیشتبوو، ئەو سەرکردەیە نەک هەر شەرم نەیگرت لەوەی ئەو هەموو ساڵە بێئاگابوون لە کەسوکاری ئەو کەڵە شەهیدەو سەدان‌و هەزاران شەهیدی دیکە. نەک هەر شەرم نەیگرت لەو بێئاگاییەیان لە شەهیدەکانی ئەو حیزبەی ئەو (سەرکردە)یە هاتووەتە سەر خوانی حازری، شەرم نەیگرت لەو هەموو جیاوازییەی لە نێوان مامەڕیشەو هەزاران شەهیدی دیکەی قارەمان کراوە لەم چەند ساڵەی حوکمڕانی خۆی‌و حیزبەکەی لە کوردستان، هەر لە جیاوازی دروستکردنی خانوو بۆ شەهیدی سەرکردەو ئەوانەی شەهیدبوون بواری نەدان بگەنە ئەو پلەیەی کە لەناو حیزبەکەیاندا بە «سەرکردایەتی» ناودەبرێت. بەڵکو لە هەموو وێنەکانیدا بزە لە لێوی دەبارێت.
بزەیەک کە رێکوڕەوان گاڵتەهاتنە بە عەقڵی ئەوانەی بڕوا بە خۆی‌و حیزبەکەی دەکەن. بزەیەک گاڵتەکردن بوو بە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان کە سەرباری ئەو هەموو سوکایەتییەی پێیاندەکرێت نارژێنە سەر شەقام، لە کاتێکدا دەبینن مووچەی پیاوێکی بەعس کە تا ٢٠٠٣ پلەی وەزیری هەبووە لە بەغدای سەدام حسێن، دواتر لە سلێمانی راژەی حکومەتەکەی سەدامی لە حکومەتەکەی سلێمانی بۆ تەواوکراوەو بە پلەی وەزیر خانەنشینکراوە کە مووچەی وەزیرانەکەی دوانزە هێندەی مووچەی هەزاران پێشمەرگەی شەهیدی دیکەو پانزە هێندەی پێشمەرگەیەکی خانەنشین‌و پانزە هێندەی مووچەی زیندانێکی سیاسیی ئیفلجکراوە لە زیندانەکانی بەعسدا کە لە رۆژگارە هەرە سەختەکاندا گیان‌و جەستەی خۆیان کردە قەڵغانی پاراستنی کەرامەتی خەڵکی کوردستان‌و ئازادیی خەڵکی کوردستان، بەو کەسانەشەوە کە ئەمڕۆ هاتوونەتە سەر جادەی تەختکراوو بێشەرمانە بە خەڵک دەڵێن «دەنگ مەدەن بەوانەی لە تەنگانەکاندا جێتاندەهێڵن» وەک ئەوەی خۆیان جگە لە دواکەوتنیان لە شەمەندەفەرو میترۆکانی لەندەن‌و واشنتۆن هیچ تەنگانەیەکیان لەم کوردستانە دیبێت، بە تەنگانەکانی دوای راپەڕینیشەوە.
ئاخر چۆن ئەو «سەرکردە»یە بزە نایگرێت، هێشتا خەڵکانێک بە دەوری خۆیەوە دەبینێت کە بڕوا بە بەڵێنەکانی ئەوو حیزبەکەی دەکەن پاش ئەو هەموو بێئاگایی‌و بێخزمەتگوزاری‌و گەندەڵی‌و راووڕووتەی ١٨ ساڵی رابردوویان کردوویانە، بۆچ بزە نەیگرێت کە لە حکومەتەکەی ئەواندا مووچەی مامەڕیشەکەی فەخری کوردان ناگاتە نیوەی شەهیدانەی بکوژەکەی، لە کاتێکدا ئەو «سەرکردە»یە هاوپلەو هاوپیشەکانی بەشەقامدا دەڕۆن خەڵک هۆیهایان ناگاتێ.
بزەیەک تەواو پڕە لە گاڵتەکردن بەوانەی بەدوای خۆیەوە دەیانبینێت‌و هێشتا باوەڕی پێدەکەن، بزەیەک کە پڕە لە شکاندنی شکۆی شەهیدو پڕە لە ئیهانەکردنی خوێن‌و کەسوکاری شەهیدان‌و بەخشینی شکۆی شەهیدە بەوانەی کە دەستیان بە خوێنی مامەڕیشەکانی ئەم وڵاتە سوورە!

# کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

## هاوار شێخ رەئوف، شارەزای ئابووری:

# هەتا ئەم دەسەڵاتە لەسەر حوکم بێت، با خەڵکو دڵسۆزان لەوە دڵنیا بن کە وردەکارییەکانی بودجە بە چاوی خۆیان نابینن

محەمەد شێخ فاتح

**لە دیدارێکدا هاوار شێخ رەئوف، کاندیدای لیستی گۆڕانو شارەزای ئابووری، باس لەوە دەکات کە خەڵک مافی خۆیەتی بزانێت، پارەی گشتی کە موڵکی ئەم میللەتەیە لە چیدا خەرجکراوەو چۆن خەرجدەکرێت، چونکە شاردنەوەی ئەو وردەکارییانە مافی تاکەکانی کۆمەڵگەیە.**

**کاندیداکەی لیستی گۆڕان ئاماژە بەوەشدەکات کە لە ئەگەری سەرکەوتنی لیستی گۆڕان هەموو ئەو پارانەی کە ئێستا بە هەدەر دەدرێن، دەیگێڕنەوە بۆ ناو بودجەی گشتیو لەو بوارانەدا خەرجیدەکەین کە پێویستن.**



**بەرەو گۆڕان: نەبوونی شەفافیەت یەکێکە لە کێشە گەورەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان، هۆکار چییە کە بەرپرسانی هەرێم بەو جۆرە مامەڵە دەکەن؟**

* پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە دووپاتبکەینەوە کە لە ئامادەکردنو گفتوگۆکردنی پرۆژەیاسای هەرێمدا ناڕۆشنییەکی زۆر هەیە، داتاو زانیاریو وردەکاریـیو چۆنێتیی دابینکردنی سەرچاوەکانی داهاتو چۆنێتیی خەرجکردنیان دیار نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک عەیبو عاری زۆر هەیە، پارەی ئەم میللەتە بە شێوازێک لە شێوازەکان بە هەدەردەدرێت، ئەگەر ئەم بەهەدەردانە ئاشکرا بکرێت، دووچاری نارەزاییەکی زۆری خەڵک دەبنەوە.

**بەرەو گۆڕان: دەبێت کێ ئەمە روون بکاتەوە؟**

* بە پلەی یەک ئەرکی وەزارەتی داراییە کە دەبێت وردەکاریی بودجەی هەر وەزارەتێک روون بکاتەوە، خەڵک مافی خۆیەتی بزانێت، پارەی گشتی کە موڵکی ئەم میللەتەیە لەچیدا خەرجکراوە، مافی هەموو تاکێکی ئەم میللەتەیە ئاگاداری وردەکارییەکانی بێت، شاردنەوەی ئەمە خواردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

**تا ساڵی رابردووش لە چوارچێوەی هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان دوو بەڕێوەبەرێتی هەبووە بە ناوی بەڕێوەبەرێتیی کاروباری رێکخراوەکان، کە مووچەی تەواوی کارمەندانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستانی دابینکردووە**

**بەرەو گۆڕان: لایەنێکی دیکە هەیە بەرپرس بێت، لەم ئاشکراکردنە؟**

*دەبێت شارەزایانو ئابووریناسان بە دەنگبێن لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەردەوام گللەییشیان کردووە، بەڵام رەنگبێت هەموو ئەم گللەییانە نەبوبێتنە فشارێک کە حکومەتو پەرلەمان، ناچار بکات وردەکارییەکان بڵاوبکەنەوە، من دڵنیاشم هەتا ئەم دوو دەسەڵاتو حکومەتە لەسەر حوکم بمێننەوە وردەکاریی خەرجیو داهاتەکانی بودجە ناخەنە بەرچاوی خەڵک.

**بەرەو گۆڕان: ئەوە چییە وا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکات کە بەڕوونی مامەڵە لەگەڵ بودجەدا نەکەنو ئاشکرای نەکەن؟**

* با هەموو ئەمانە بە نموونە وەڵام بدەینەوە، بەپێی تازەترین راپۆرتی یەکێک لە ماڵپەڕە ئەمریکییەکان، ساڵانە یەکێتیو پارتی (٨٤٠)ملیۆن دۆلار، واتە نزیکەی یەک لەسەر شەشی کۆی خەرجییەکانی ئەم هەرێمە بۆخۆیان دەبەن، بە چ حەقێک ئەم پارەیە دەبەن.

تا ساڵی رابردووش لە چوارچێوەی هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان دوو بەڕێوەبەرێتی هەبووە بە ناوی بەڕێوەبەرێتیی کاروباری رێکخراوەکان، کە مووچەی تەواوی کارمەندانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستانی دابینکردووە ، واتە هەرچی کارمەندانی حیزب هەیە بە پلەی وەزیفی حکومی مووچەیان بۆ بڕراوەتەوە، دیارە ئەمە بەبێ ئەو ٨٤٠ ملیۆن دۆلارەی کە پێشتر باسمانکرد، کە لە ئێستادا ئەم دوو بەڕێوەبەرێتییە هەڵوەشێنراونەتەوە، بەڵام پێموایە مانگانە وەزارەتی هەرێم ئەم پارەیە هەر بنێرێت بۆ مەکتەبەکانی رێکخستنی ئەم دوو حیزبە، واتە ئێستا ئەو کادیرانە مووچە هەر بەو شێوەیە وەردەگرن، بەڵام تەنیا ئەوەیە بەڕێوەبەرێتییەکە نەماوە. ئەمانە هەمووی دەچنە بواری بەهەدەردانی پارەی میللەتەوە، شاردنەوەشی بێگومان لە خزمەتی دەسەڵاتدایە.

بۆیە هەتا ئەم دەسەڵاتە لەسەر حوکم بێت، با خەڵکو دڵسۆزانو شارەزایان لەوە دڵنیا بن کە ئەم وردەکارییانە بە چاوی خۆیان نابینن.

**بەرەو گۆڕان: هیچ هیوایەک هەیە بۆ ئەوەی کە هاوڵاتییان ئاگاداربن لە وردەکاریی چۆنێتیی خەرجکردنی بودجە؟**

* ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشێوازێک بوو کە ئەو دوو پارتە نەچوونەوە دەسەڵاتو لایەنی دیکە هاتە دەسەڵاتەوە، لیستی گۆڕان بە نموونە وەربگرین، ئەو٨٤٠ ملیۆن دۆلارەی کە ئەوان دەیبەن، لیستی گۆڕان نایبات، لەبەرئەوەی ئەم حیزب نییە، رەنگە پێویستی بە مینحەیەکی مەعقول هەبێتو تەواو، بەڵام دەبێت بە یاسایەک رێکبخرێت، بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە چووینە حکومەتەوە، نیسبەتێکی زۆری ئەو پەنجا هەزار پاسەوانە لادەبەین، چونکە ناکرێت مووچەی ئەو پاسەوانانە لەسەر پارەی گشتی بێت.

بۆیە لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم لیستە هەموو ئەو پارانەی کە ئێستا بە هەدەر دەدرێن، ئێمە دەیگێڕینەوە بۆ ناو بودجەی گشتیو لەو بوارانەدا خەجیدەکەین کە پێویستن.

**بەرەو گۆڕان: ئەو بودجەیەی کە هەیە بە رای شارەزایانی ئابووری بودجەیەکی ناتەواوە، کێ بەرپرسیارە؟**

* حکومەت بە پلەی یەک، پاشان پەرلەمان، پار هەڕەشەیان کرد کە بۆ ساڵی داهاتوو پرۆژەی بودجە دوانەکەوێتو خەرجییەکانی بەکاربردن کەمتر بێت لەخەرجییەکانی وەبەرهێنان، بەڵام ئەمساڵیش بەهەمانشێوەی پار بوو کەچی شەرعییەتیان دایەوە بە بودجە.

**بەرەو گۆڕان: لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧دا ئەو بڕەی کە تەرخانکراوە بۆ کڕینی کاڵاو کەرەستە ١٢٪ی خەرجکراوەو ئەویتری گەڕێنراوەتەوە بۆ بەغداو خەرجنەکراوە، بەڵام لە بڕگەی ئیعاناتاتو سوودی کۆمەڵایەتی ١٣١٪ خەرجکراوە؟**

* لەڕووی یاساییەوە وەزیری دارایی دەسەڵاتی گواستنەوەی هەیە لە نێوان بودجە تەرخانکراوەکاندا، بەڵام ئەم گواستنەوەیە بەپێی پێوەرە زانستییەکان دەبێت بەپێی پێویست بێتو رێژەکەشی گونجاو بێت، نەک بەو جۆرە، بە داخەوە دیارە لێرە مینەح بۆ کڕینی وەلائە

ئێستا کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنە، بە دڵنیاییەوە پێتدەڵێم حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو لەسەر سێی ئەو پارەیەی لەسەرەتای ساڵەوە لەبەر دەستیدایە خستویەتییە ئەم مانگەوە، ئەوەش دیارە بۆ کڕینو خەڵەتاندنی هەندێک دەنگە، بۆ ئەو قەوارە سیاسییەی کە ئێستا نمایندەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەکات.

**بەرەو گۆڕان: زۆرێک لە بەرپرسان دەڵێن پرۆژەمان زۆرەو پارەمان نییە، بەڵام لەم چەند رۆژەی دواییدا بە بڕی زیاتر لە ٤ملیار دۆلار جێگری سەرۆکی حکومەت بەڵێنی پرۆژەی داوە، ئەوە لەکاتێکدایە ئەوان دەڵێن ئەوە هی حکومەت نییەو هی حیزبە، ئایا ئاساییە حیزبێک ئەوەندە بەتواناو دەوڵەمەند بێت؟**

* شتی وا زۆر نا ئاساییە، لە دونیای پێشکەوتوودا نموونەی نییە، ئەمە حاڵەتێکە زۆر سەیرە حیزبێک ئەو تواناو دەسەڵاتە گەورەیەی هەبێت، ئەمە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حیزب تەواوی کایە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتەی پاوانکردووە، ئەگینا ئەم هەموو بودجەیەی لە کوێ بوو، لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە یاسا سەروەر بێت تێیدا، دەبێت هەر لەسەر ئەمە دەزگای داواکاری گشتی داوا تۆمار بکاتو بەرپرسانی ئەو حیزبە راپێچی بەردەم دادگا بکات، ئەمە حاڵەتە تەندروستەکەیە، ئێمە کە دەڵێین حیزبێک پێویستی بەوەندە پارەیە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی خۆی، مەرج نییە حکومەت تەواوی ئەو پارەیەی بۆ دابین بکات، دەبێت بەشی زۆری ئەو پارەیە لە ئابوونەی ئەندامانو لایەنگرانی خۆی بێت.

ئەمان پارەی کەڵەکەبوویان هەیە، بەڵام لەکوێیان بوو، دیارە ئەو مینحەیەی کە حکومەت داویەتی بە حیزب ئەوەندە زۆر بووە، ئەو هەمووەی لێماوەتەوە کە ئێستا بەکاریدەهێنن، بۆیە بەڕاستی من هیچ پێوەرێکی زانستیم پێشکنایەت کە لە دونیادا ئاماژەی بەوەکردبێت مینەحی حیزبەکان لەسەر بنەمای شۆڕشگێڕی تەرخانبکرێت، شتی وا لە دونیادا نموونەی نییە.

یەکێتیو پارتی ٧٨کورسییان هەیە لە پەرلەماندا، هەریەکەیان مانگانە نزیکەی ٣٢بۆ ٣٣ملیۆن دۆلار مینحەیان هەیە، جگە لەو پارانەی کە پێشتر ئاماژەمانپێکرد، کورسییەکی ئەمان نزیکەی ٨٠٠هەزار دۆلاری بەردەکەوێت، حیزبی دیکەش وەک یەکگرتوو کە ٩ کورسی هەیە، مانگانە ٤٠٠ملیۆن دیناری هەیە، ئەمە چ پێوەرێکەو چۆن لەناو زانستی داراییدا جێگەی ئەمە دەکەیتەوە.

**بەرەو گۆڕان: لەم ماوەیەدا بڕێکی زۆر لە پارە خەرجکراوەو دابەشکراوە بەسەر هاوڵاتییاندا، ئایا ئەمە جۆرێک نییە لە بێبەرنامەیی؟**

* لە راستیدا خستنەڕووی بڕێکی زۆر پارە لەم ماوەیەدا مەترسیدارە، بەتایبەت کاتێک ئێمە کێشەی هەڵاوسان(ئەو دۆخەیە کە خواست زۆر زیاترە لە خستنەڕوو)ی ئابووریمان هەیە، کاتێک ئەو هەموو پارەیە دەخەیتە بازاڕەوە ئەوەندی تر خواست زیاد دەکەیت، کەواتە رێژەی هەڵاوسان چەند قات زیاد دەکەیت، بۆیە لە جیاتی ئەوەی چارەسەری کێشەی هەڵاوسانەکە بکەن لە پێناو هەڵمەتی هەڵبژاردندا بڕی خستنەڕووی دراو ئەوەندەی تر زیاد دەکەیتو ئەمەش زۆر مەترسیدارە.

**بەرەو گۆڕان: یەکێکی دیکە لەو شتانەی کە بودجەی هەرێمی کوردستانی پێدەناسرێتەوە، ئەو لاسەنگییەیە لە نێوان خەرجییەکانی بەکاربردنو وەبەرهێناندا هەیە، راتان لەمبارەیەوە چییە؟**

* حاڵەتی تەندرووستو ئاسایی ئەوەیە کە لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەدا، خەرجییەکانی وەبەرهێنان زۆر زیاتر بێت لە بەکاربردن، کە ئەم حاڵەتە لە هەرێمی کوردستاندا بە پێچەوانەوەیە، ستانداردی جیهانی بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن ٣٣٪ە، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستاندا ئەم رێژەیە ٦٣٪ی تێپەڕاندووەو دەرئەنجامە خراپە ئابوورییەکانیشی بە ئاشکرا دیارە لە سەر واقیعی کوردستان.

**بەرەو گۆڕان: زۆرێک لە بەرپرسانی حکومیی باس لەوە دەکەن کە بڕێکی زۆری بودجەی هەرێم بۆ مووچە دەڕوات کە لە راستیدا بەو رێژە زۆرە نییە؟**

* ئەگەر مووچەخۆریش زۆر بێت ئەوە دەرەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە ساڵانێکە یەکێتیو پارتی کێبڕکێی یەکتری پێدەکەن، پاشان ئاماژەدان بەوەی کە رێژەیەکی زۆری بودجە بۆ مووچە دەڕواتو قەبەکردنی بەو جۆرە، بۆ پەردەپۆشکردنی کۆمەڵێک حاڵەتی ناتەندروستی دیکەیە وەک ئەو مینحە زۆرەی کە دەدرێت بە حیزب، بۆئەوەی خەڵک درک بەو راستییە نەکاتو بەرچاوی روون نەبێت.

**پرۆفایل:**
**هاوار شێخ رەئوف**
**لە ساڵی ١٩٧٩ لە دایکبووە**
**دەرچووی کۆلیژی بازرگانی بەشی ژمێریارییە لە زانکۆی سلێمانی**
**جێگری بەڕێوەبەری بانکەو کاندیدای لیستی گۆڕانە.**

# ئاسۆس هەردی: پێویستیمان بە گۆڕانی ریشەیی هەیە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا

سازدانی: سەنگەر جەمال

**ئاسۆس ئەحمەد هەردی، ڕۆشنبیرو چاودێری سیاسی، لە دیدارێکی ڕۆژنامەدا باس لە بارودۆخی سیاسی کوردستان دەکاتو ڕەخنە لە سیستمی سیاسی کوردستانو یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو هەڵبژاردن دەگرێت بەشێوەی زۆرینەی سادە.**

**هەروەک ئاماژە بە سەرهەڵدانو پێویستی گۆڕان لە کایەکانی ژیاندا دەکاتو دەڵێت: «پێویستیمان بە گۆڕانی ریشەیی هەیە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا لە هەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەری».**

**بەرەوگۆڕان: وەک ڕۆژنامەنووسو ڕۆشنبیر چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پێتانوایە نەخشەی سیاسی کوردستان بە چ جۆرێک دەگۆڕێت، لەکاتێکدا هەندێک چاودێر لەوبڕوایەدان گۆڕانی نەوعی بەدیبێنێت؟**

* پێموایە هەر ئێستا گۆڕان لەکایەی سیاسی کوردستاندا ڕوویداوە، ئەوەی کە دەیبینین، ئەو ململانێ مەدەنیانەی لەنێوان لیستە ڕکابەرەکاندا هەیە بۆ خۆی دەلالەت لە زیندوویی‌و گیان بە بەرداکردنەوەی کایەی سیاسی کوردستانە.

ئەگەر بیرت بێت لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا هەستت نەدەکرد لە ڕۆژانی پێشوو جیاوازە، هەستت نەدەکرد ململانێ‌و حەماسییەتێک هەیە بۆ بەشداریکردن‌و دەنگدان لە هەڵبژاردندا، بە پێچەوانەی ئەمڕۆوە.

ئەمڕۆ کایە سیاسییەکە بەجۆرێک جوڵاوە، بۆ هەر کوێیەکی کوردستان دەچیت باس باسی هەڵبژاردن‌و لیستە جیاوازەکانە، ئەوەش بۆخۆی دەلالەت لەوە دەکات، کە گۆڕانێک لە فەزای سیاسی کوردستاندا ڕوویداوە، ئەوەش لە ئەنجامدا بەبڕوای من گۆڕانێکی دیکەش لە سیستەمەکەشدا دروست دەکات.

کێشەی هەرە گەورەی ئێمە بە درێژایی (١٨) ساڵی ڕابردوو ئەوەبووە، کە لە وڵاتێکدا بووین کە دەسەڵاتداری تێدا بووە، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبووە، من بڕوام وایە دەرەنجامی ئەم گۆڕانەی ئێستا تێیدا دەژین ئەوە دەبێت کە لە پەرلەمانی داهاتوودا ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەو زیندوومان دەبێت، ئەوەش مانای وایە پەرلەمانەکەمان لە پەرلەمانی دەستبەرزکردنەوەو چەپڵەو خەوتووەوە دەبێتە پەرلەمانێک کە لانی کەم گفتوگۆو ململانێی تێدا دەبێت. ئەوەش بارە تەندروستەکەی سیستمی دیموکراتییە کە بیرو بۆچوونەکان، جیاوازیی‌و ناکۆکییەکان لەناو پەرلەماندا ڕەنگ دەدەنەوەو لەوێ ململانێی ڕاستەقینە لەنێو ئەو بیرو بۆچوونە جیاوازانەدا دەکرێت.

**بەرەوگۆڕان: کەواتە پێش وادەو ئەنجامی هەڵبژاردن، دەرکەوتەکانی گۆڕان سەری هەڵداوە؟**

* بێگومان، وەک باسمکرد بە بەراوردی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ڕابردوو، لەگەڵ کاتی ئەم بانگەشەیەی ئێستادا ئەوە دەردەکەوێت.

**بەرەوگۆڕان: باسی بوونی ئۆپۆزسیۆنی کارات کرد لە پەرلەماندا، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە هەمان ڕۆژدایە کە دەنگ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دەدرێت، ئایا ئەوە کاریگەریی نابێت لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و بە سەرۆکایەتی کردنی سیستمی سیاسی؟**

* کێشەکە لەو شوێنەوە دەستپێدەکات، کە یەکەمجار یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دانرا، کە دەڵێت: «یەکەمجار سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت‌و جاری دووەم ڕاستەوخۆ خەڵک هەڵیدەبژێرێت»، ئەوە یاساکە وایە‌و خەلەلێکە کە پێشوەخت دروستبووەو ئێستا ڕێگەیەکی یاسایی نییە بۆ چارەسەری ئەو کێشەو مەسەلەیە، وەک دەبینرێت ئەو هەموو ململانێی ڕکابەرێتییەی لەنێو لیستەکانی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەماندا هەیە، هەست ناکرێت بە هەمان ئەندازە لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمدا هەبێت.

بەڵام بۆچوونم وایە پەرلەمانی داهاتوو ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە هەموومان چاوەڕێی دەکەین دەتوانێت زۆر گۆڕانکاری بکات لە سیستمی سیاسی کوردستاندا، چونکە بەپێی یاسا ئەو کاتە شەرعیەتی یاسادانان لە پەرلەماندایەو دەکرێت تەنانەت ئەو یاسایەش هەڵبوەشێنرێتەوە کە دەڵێت: «دەبێت سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێدرێت»، چونکە مادەم وڵاتەکەمان سیستمی پەرلەمانییە دەبێت سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردێت. ئەوە لە دەستووری عێراقیشدا وایە، کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان‌و لە پێش هەموویانەوە یەکێتی‌و پارتی بەوپەڕی هێزیانەوە داکۆکیان لێکردووەو ئێستاش داکۆکی لەوە دەکەن کە سیستمی سیاسی عێراق بە پەرلەمانی بمێنێتەوە، کە مالیکی باس لەوە دەکات پێویستمان بە سیستمێکی سەرۆکایەتییە بە گژیدا دەچنەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بانێک‌و دوو هەوا نییە پێویستە لە کوردستانیشدا وابێت‌و بەپێی دەستووری عێراقیش سیستمی سیاسی ئێمە پەیوانەی سیستمی سیاسی عێراق نەبێت.

**بەرەوگۆڕان: سەرباری ئەوەش بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم سەرۆک بە زۆرینەی سادە هەڵدەبژێدرێت، ئایا ئەوە کارێکی شیاوە کەسێک بۆ پۆستێکی وا گرنگ بەو شێوەیە دەسەڵات بگرێتە دەست‌و بە زۆرینەی ڕەهاو دەنگی زۆرینەی خەڵک نەبێت؟**

* ئەوە بێ ماناترین ڕێوشوێنە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک، تەنانەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا ئەگەر چەند کەسێک ململانێ بکەن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمارو هیچ یەکێک لەوانە (١+٥٠٪)ی دەنگەکان نەهێنێت، ئەو دووانەی زۆرترین دەنگیان هێناوە دەچنە خولی دووەمی هەڵبژاردن‌و دەبێت یەکێکیان ئەو ڕێژەیەی دەنگ بهێنێت.

لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە، نە لە سیستمی پەرلەمانی‌و نە لەسیستمی سەرۆکایەتی‌و دیموکراتیدا سەرۆکی هەرێمێک یا وڵاتێک بە زۆینەی سادە هەڵنابژێردرێت، ئەگەر بێت‌و لە کوردستاندا کە (٤) کاندیدی سەرۆکایەتی هەیە کاندیدەکان (٣٥٪، ٢٠٪، ٣٠٪، ١٥٪) ئەو کەسە دەبێتە سەرۆک کە (٣٥٪)ی دەنگەکانی هێناوە ئەوە لە کاتێکدایە بەپێی ئەو ئەنجامە (٦٥٪)ی خەڵک پێی ڕازی نییەو دەشێت شتێکی وا ڕووبدات، ئەوە لە هیچ شوێنێکدا نییە کەسێک (٦٥٪)ی دانیشتووانی پێی ڕازی نەبێت، بەڵام بکرێتە سەرۆک.

**لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە، نە لە سیستمی پەرلەمانی‌و نە لەسیستمی سەرۆکایەتی‌و دیموکراتیدا سەرۆکی هەرێمێک یا وڵاتێک بە زۆینەی سادە هەڵبژێردرێت**



**بەرەوگۆڕان: بەرژەوەندی کێ لەوەدایە، لە کوردستان بۆ پەنا براوەتە بەر زۆرینەی سادە؟**

* بێگومان ڕوونە کە بۆ وایە، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم‌و سیستمی سیاسی کوردستان بە بەری پارتی‌و یەکێتی‌و بەو ڕێکەوتنە نووسراوەتەوە کە لەنێوان هەردووکیاندایەو سەرۆکی یەکێتی لە عێراق سەرۆک دەبێت‌و سەرۆکی پارتی لە کوردستان سەرۆک دەبێت.

**بەرەوگۆڕان: ئەوە تا چەند زیان بە هاوڵاتییان‌و سیستمی سیاسی کوردستان دەگەیەنێت؟**

* سادەترین شت ئەوەیە، کە ئاماژەم پێکرد، ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرۆکێکت هەبێت تەنیا (٣٥٪)ی خەڵک دەنگی دابێتێ کە مانای وایە شەرعیەتی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکەو ئەو هەموو دەسەڵاتەشی لەدەستدا بێت ئەوە نوکتەیە پێی بلێیت دیموکراتیەت‌و هەڵبژاردن‌و دەنگدانی خەڵک، چونکە ئەو سەرۆکە کە دەشێت بەو ڕێژە دەنگە ببێتە سەرۆک، بەڵام مافی هەیە پەرلەمانێک هەڵبوەشێنێتەوە کە هەموو میللەت هەڵیبژاردووە.

**بەرەوگۆڕان: کەواتە بە بڕوای ئێوە ئەو یاسایە پێویستی بە گۆڕانکارییە؟**

* پەرلەمانی داهاتوو ئەرکێکی گرانی دەکەوێتە سەرو دەبێت لە ئەولەویاتی خۆیدا دایبنێت کە چاو بە زۆرێک لەو یاسایانەدا بخشێنێتەوە کە لە پەرلەمانە دەستەمۆکانی پێشوودا دانراون، دەبێت بە ڕوونی ئەم سیستمەی وڵاتی ئێمە بکرێت بە سیستمێکی دیموکرات‌و شەفاف کە ئەوەی ئێستا هەمانە بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە.

بەڕای من ئەوەش تاقیکردنەوەیەکی گەورە دەبێت بۆ ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە پەرلەماندا دروست دەبێت، کە ئایا ڕاستگۆن لەگەڵ ئەو دروشمانەی کە تائێستا بەرزیان کردوونەتەوە، دەبێت چاوەڕێبکەین‌و ببینین.

**بەرەوگۆڕان: بەڕای ئێوە گۆڕان وەک چەمکێکی فیکری‌و بزاوتێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی تا چەند بۆ واقیعی ئێستای سیاسی کوردستان گرنگە، لە کاتێکدا ئەوە یاساو سیستمەکەیە کە هەمانە؟**

* لە ڕاستیدا ئەوەی هەمانە سیستم نییە، ڕێککەوتنێکە لەنێوان دوو حیزبدا بۆ ئەوەی هەرکەس لەشوێنی خۆیانەوە وڵاتەکە بە ئارەزووی خۆیان بەرن بەڕێوە، سادەترین شتی سیستم ئەوەیە، کە دەڵێت: (دەوڵەت یا حکومەت، دامەزراوەیەکە لە دەرەوەی حیزب‌و گرۆپە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ناوچەکان)، ئەوە موڵکی هەمووەو موڵکی کەسیش نییە.

بەو مانایەی هەموو گروپ‌و حیزب‌و کەسێک دەتوانێت بچێتە حکومەت‌و دەسەڵات بگرێتە دەست بەمەرجێک دەنگی خەڵک بەدەست بێنێت، بەڵام سیستمی دیموکراتی لەوەدایە کە هیچ کەسێک ناتوانێت تاپۆی بکات لەسەرخۆی.

ئێمە موئەسەسەیەکی وامان نییە بەناوی حکومەت، ئەوەی هەمانە دابەشکردنی دامەزراوەکانی حکومەتە لەنێوان دوو حیزبی سیاسیداو بە ڕوونی دەبینین کە ئەو وەزیرەی سەر بە پارتییە کەس لە سلێمانی گوێی لێناگرێت‌و ئەوەش کە سەر بە یەکێتییە لە هەولێرو بادینان کەس گوێی لێناگرێت.

حکومەت بە بودجە، هێزی چەکدارو بڕیاری سیاسی دەبێت بە حکومەتی وڵات، بەڵام لێرە بودجە دابەشکراوە، هێزی چەکدارە دابەشکراوە، بڕیاری سیاسیش لە دەرەوەی حکومەتەو لە دەستی دوو سەرکردەکەو مەکتەبی سیاسیدایە، لەبەر ئەوە ئەوە سیستم نییە ئەوە ڕێکەوتنێکە بۆ ڕاییکردنی ئیشەکانی خۆیان بەپێی بەرژەوەندی.

**بەرەوگۆڕان: کەواتە پێویستیمان بە گۆڕانی ریشەیی هەیە لە هەموو کایەکاندا؟**

* پێویستیمان بە گۆڕانی ریشەیی هەیە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا لە هەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن‌و دادوەری.

کێ دەتوانێت بڵێت دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا سەربەخۆیە، من باسی کەسەکان ناکەم، دەزانم دادوەری بەڕێزمان هەیە بەپێی پیشەکەی کار دەکات، بەڵام سیستمەکە وانییە، سادەترین نموونە ئەوەیە کە زۆرێک لە دادوەرەکان بە تەزکییەی حیزبی دادەنرێن نەک لەسەر بنەمای کەفائەت، کەسێک کە حیزب دایناببێت بە دادوەر چۆن دەتوانێت بێلایەن بێت لە قەزییەیەکدا کە حیزب تەرەفێکی بێت، ئەوە موستەحیلە.

لەبەر ئەوە ئێمە موئەسەساتێکمان نییە بەو مانایەی لە سیستمە دیموکراتییەکاندا هەیە، بەڵکو کۆمەڵێک دامودەزگایە، کە بەپێی ڕێکەوتنێک بەیەکەوە لکێنراون بۆ ئەوەی وڵاتەکە بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەبەرن.

**بەرەوگۆڕان: لە نووسینێکدا ئاماژە بە ڕۆڵ‌و ڕای ڕۆژنامەنووس دەکەیت لەکاتی کارو پرۆسەی هەڵبژاردندا، لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەمریکاو ئەوروپا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا پشتگیری لەلایەنێک دەکەن، ئەوە تاچەند بۆ کوردستان‌و ڕۆژنامەنووسی ئێمە ڕەوایە؟**

* لەو ستوونەدا کە باسی دەکەیت، نوسیبووم محاسەبەی ڕۆژنامەنووس لەسەر مەوقیفە شەخسییەکانی ناکەوێت، چونکە ڕۆژنامەنووس تاکێکی کۆمەڵگەیەو قەڵەم بەدەستەو خوێندەوارەو مافی خۆیەتی وەک هەموو کەسێکی دیکە بەشتێک بڵێ لەگەڵیدام، یا دەنگ بدات بە لایەک‌و نەیدات بە لایەکی دیکە، ئەوە مافێکی شەرعییەو مەگەر دیکتاتۆرو ئەقلییەتە تۆتالیتارەکان بیانەوێت ئەوە زەوت بکەن.

لەبەر ئەوەشە کە نابێت بە عەیبە، چونکە لێپرسینەوەی ڕۆژنامەنووس لە کارە ڕۆژنامەنووسییەکەی دەبێت، کە یەک لایەنە کارنەکات‌و ڕەچاوی ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووس بکات‌و بێ لایەن بێت، ئەگینا کەسی بێ لایەن کەسێکە کە وجودی نەبێت، کەسێک نییە مەوقیفی نەبێت، بەتایبەت ئەگەر مەسەلەکە چارەنووسی وڵاتەکەی بێت.

دەسەڵاتی سیاسی ئێمە دەیەوێت ئەم دوو شتە تێکەڵ بکات، بۆ نموونە بڵێت فلانەکەس لە وتارێکیدا تەئیدی فلانە ڕا دەکات کەواتە جەریدەکەشی وایە، ئەوە چاوبەستکردنە لە خەڵک‌و خەڵک هەڵخەڵەتاندنە.

**بەرەوگۆڕان: ئێستا لەکاتی بانگەشەی ئەم هەڵبژاردنەدا زۆرجار دەسەڵاتداران‌و لێپرسراوانی باڵای حیزب‌و حکومەت، وا پیشانی خەڵک دەدەن، کە ڕۆژنامە ئازادەکان بە ئاراستەی لایەنی بەرامبەر یا بۆ لایەنێکی دیاریکراو دەکەن یا داردەستن، لێکدانەوەت بۆ ئەوە چییە؟**

_ ئەوە شتێکی تازە نییە، لە هەر شوێنێکدا هەستیان کردبێت ئەو ئیشانەی کە ڕۆژنامەنووسنی سەربەخۆ دەیکەن، زەرەر لە بەرژەوەندییان دەدەن یەکەم شتە کە حازرە، بۆ ئەوەی نەتوانم بە مەنتیقی جوابی بدەمەوە زۆر ئاسانە دەڵێم جاسوسە.

ئەوە مەنتیقێکە هی ئەقڵییەتی جەنگی ساردو بلۆکی شیوعی‌و ڕەئس مالیە، چونکە ئەگەر ئێمە داردەستین بڵاوی بکەنەوەو بماندەنە دادگا، ئەگەر جاسوسین چۆنە نامانگرن؟ کەواتە ئێوەش شەریکن لەگەڵماندا لە جاسوسییەکەدا، ئەگینا ئەوە دادگاو پۆلیس‌و ئاسایش‌و دەزگای زانیاری‌و پاراستن‌و فەرموو بەڵگەکانتان بێنن‌و پێشکەشی دادگای بکەن‌و ئێمەش بگیرێین‌و ئیعدام بکرێین بە حوکمی جاسوسی.

من پێموایە خەڵک زۆر لەوە زیاتر ئەقڵ‌و چاوی کراوەتەوە کە بەم شتانە هەڵبخەڵەتێت، دەیەوێت بڵێت ئەو ڕەخنانەی ئەوان دەیگرن قیمەتی نییە، چونکە دوژمنمانن‌و هەردەبێت ڕەخنە بگرن، بەڵام بۆچوونم وایە خوێنەرو خەڵکی کوردستان لەو هۆشیارترن ئەو جۆرە چاوبەستی‌و هەڵخەڵەتاندنەیان بەسەردا تێپەڕێت.

## ڕێنمایی لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان (٥٧)

**هاوکارانی بەڕێزی لیستی گۆڕان.**

وەک ئاگادارن لەم ڕۆژانـەدا هەڵمەتی هەڵبژاردنو بەتایبەتیش هەڵمەتی ڕاگەیاندن بـۆ هـەڵـبـژاردنـەکـانـی (٢٠٠٩/٠٧/٢٥) دەستپێدەکات، پێویستە هەموو لایەک بەتایبەتیش ئێوەی هێژا بە تەواویی پابەندبن بەم ڕێنماییانەوەو بەوردیی پەیڕەویان بکەن:

١. پابەندبوونی تەواو بە یاسای پەرلەمانی کوردستانی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوەو، بەتەواوی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هـەڵـبـژاردنـەکـانـی عـێـراق/ هەرێمی کوردستانەوە، لەوانەو بۆ وەبیرهێنانەوە:

• پابەندبوون بەو شوێنانەی کۆمسیۆنی باڵا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن دیارییان دەکات.

• پۆستەرو دروشـــمو لافیتەو هیچ کەرەستەو شتێکی دیکەی هیچ قـەوارەو کاندیدێکی تر لێناکەنەوەو دەستیان بۆ نابەن.

• بینای حکومییو شوێنی کارکردنی ڕەسمیتان بە هیچ جۆرێک بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکار نابەن.

•توندوتیژییوناوزڕاندنوپێداهەڵشاخانو تۆمەتدروستکردنو هێرشکردنی بێبنەما بۆ سەر هەموو کاندیدو قەوارەکانی دیکە، قـەدەغـەنو دوورن لە ئەخلاقی بـەرزی هەوادارانی لیستی گۆڕانەوە.

• خۆ دوورگرتن لە پڕوپاگەندەو هەواڵی چەوتو ناڕاستو بێ سەرچاوەو بێ بنەما.

• دیاردەی چەکداریی نەک هەر نەشیاوو ناشارستانییە، بەڵکو بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیەو خۆتان لە هەر دیاردەیەکی لەو جۆرە بەدوور بگرن.

• لە هەر سەرپێچیەک کە بەرامبەرتان دەکـرێـتو یـان پـەلامـاری بنکەکانتان دەدرێت، یان دروشمەکانتان دەدڕێنرێنو دەشێوێندرێن، یان هەر سەرپێچییەکی دیکە، کە لە یاساو ڕێنماییەکاندا هەن بەرامبەرتان کران، هیچ کاردانەوەیەکتان نابێتو ڕاستەوخۆ لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕانو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، ئاگاداردەکەنەوەو یاسا پارێزەرو داکۆکیکار دەبـێـت، نـەک هەڵوێستو کـاردانـەوەی کەسییو کەس بۆی نییە لە هەوادارانی لیستی گۆڕان تۆڵە بەدەستی خۆی دوور لە یاسا بسێنێتەوە.

٢. جەخت بکەنەوە لەسەر ڕاڤەکردنو شیکردنەوەو باسکردنی پەیامو بەرنامەکەی لیستی گۆڕان.

٣. خەڵک بێزار نەکەنو ڕێـزی زۆرو تـەواوی خەڵکی بگرن، دەرودراوسـێـی بنکەکانتان بێزار مەکەن.

٤. بەهیچ شێوەیەک لەسەر دیوارەکان نانووسن.

٥. ژینگەی شارو ناوچەکانتان ڕابگرنو نموونەی شارستانیانەی خۆتان لە پاراستنی پاکوخاوێنیدا بنوێنن.

٦. بەخێرایی لە هەر لادانو سەرپێچییەکی خۆمانو بەرامبەرەکانیشمان ئاگادارمان بکەنەوەو هەرکەسێک زانیارییەکانی لەم بارەیەوە دەیـدات ڕاسـتو دروسـت نەبن، خۆی بەرپرسیار دەبێت.

٧. ئاشتییانەو مەدەنییانەو شارستانیانەو هۆشیارانە لەگەڵ نەیارانی لیستی گۆڕانو بەرنامەکانیاندا مامەڵە بکەن.

٨. گیانی بەگروپ کارکردن بپارێزنو ڕێز لە ڕاو هەڵوێستی یەکتر بگرن، دووربن لە خۆپەرستییو خۆویستییەوە.

٩. تایبەتمەندیی ناوچەیی ناوچەکانتان بەهێند وەربـگـرن، ڕێـز لە دابونەریتو سیستمی گشتیی بگرن.

١٠. هەر کەسێک لێدوان دەدات، وەک ڕای خۆی ڕا بدات، تەنیا وتەبێژیی ڕەسمیی لیستی گـۆڕان گوزارشتی یاساییانە لە لیستەکە دەکات.

١١. بە وردیی ڕێنماییەکانی لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان پەیڕەو بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا..

**لیژنەی باڵای**
**ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان**

# ڕۆشنبیرانی هەڵەبجە: لیستی گۆڕان بە بناغەی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی دادەنێین

**سەباح عوسمان**

گەنجانو ڕۆشنبیرانی هەڵەبجەی شەهید دەنگدان بە لیستی گۆڕان بەپێویستییەکی حەتمی ئەم قۆناغەی ئێستای گەلەکەمان دەزانـنو لەو بڕوایەشدان هاوڵاتییانو جەماوەری کوردستان بەپەرۆشەوە هەولی سەرخستنی کارنامەی لیستی گۆڕان دەدەن.

یوسف حەمەتاڵ، مامۆستاو ڕۆژنامەنووس، لەبارەی هەڵبژاردنی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـانـەوە بۆ پاشکۆی بەرەوگۆڕان دواو وتی: «مـن وەک هـاوڵاتـیـیـەک دەنـگ بەلیستی گۆڕان ژمارە (٥٧) دەدەم، چونکە لەو بڕوایەدام سەرکەوتنی لیستی گۆڕان دەستەبەری بەشێکی زۆر لـە مـافـو ئـازادیـیـەکـانـی هاوڵاتیانەو سەرکەوتنی لیستەکەش سەرەتاو بناغەیەکی پتەو بۆ بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنێت، هەروەها لیستی گۆڕان بناغەیەکی باش بۆ سەربەخۆیی دادگاکان دادەنێت، لیستی گۆڕان، گۆڕانێکی هەمەچەشنە لەکۆی سیستمی سیاسیو ئـیـداری ئەم هەرێمەدا کە لە ئێستادا هاوڵاتییانی بـەتـەواوەتـی گـیـرۆدەکـردووە، لیستی گۆڕان بناغەی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی دادەنێت.

بـەبـڕوای یـوسـف حەمەتاڵ گـۆڕانـی ئـەمـجـارە گـۆڕانـە لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەم هەرێمە زولملێکراوە، گۆڕانە لە سیاسەتو ستراتیژو کارنامەی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان، گۆڕانە لە قۆناغێکی دواکەوتوو بۆ قۆناغێکی نوێو دانانی سیستمێکی دیموکراسیو ڕەخساندنی هەلی کاریشە بۆ هەموو ئەو بێکارانەی کە ئەمڕۆ زۆرینەی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە بە ئەنقەست چەوسێنراوە پێکدەهێنن، بۆیە من لەو بڕوایەدام هاوڵاتیانو جەماوەری کوردستان بە شانازییەوە دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن، هاوڵاتیانی کوردستانو بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدان گەیشتوونەتە ئـەو بـاوەڕەی کە دەنگدان بە لیستی گۆڕان کۆتاییهێنانە بەهەموو ئەو نایەکسانیو گەندەڵیو کـەمـوکـوڕیـیـانـەی کـە ئـەمـڕۆ سەرتاپای ئەم هەرێمە بە ئەنقەست چەوسێنراوە داپۆشیوە.

لەلایەکی دیکەوە دارا عوسمان، مامۆستاو ڕوناکبیر، لـەبـارەی لیستی گۆڕانو لیستەکانی دیکەی بـەشـداربـووی هەڵبژاردنەوە بۆ پاشکۆی بەرەوگۆڕان دواو وتی: «لە گەڕەکەکەی ئێمەدا هەتا ئێستا وەک پێویست ئاوی خواردنەوە دەست هاوڵاتیان ناکەوێت، ئاوەڕۆمان نییە، کـارەبـامـان نییە، جـادەو کۆڵانەکانمان ڕێگەی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلی نییە، خانوەکانمان لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروستکردووەو هەموویان تەقیون، هێڵی تەلەفۆنمان نـیـیـە، نـەخـۆشـخـانـەمـان نییە، خوێندنگەمان نییە، گەڕەکەکەمان دووڕە لە بازاڕو شوێنەگشتییەکانو هێڵی پاسو گواستنەوەمان نییە، بنکەی پۆلیسمان نییە.

ئەو هاوڵاتییە هەڵەبجەییە ئاماژە بەوەدەکات کە دوای (٢١سـاڵ) لە ڕووداوی کیمیابارانی هەڵەبجە هێشتا جێگەی نیشتەجێبوونمان نییە، بەرپرسەکانو کەسوکاریان دەیـان کۆشکو تـەلاری گـەورەو هـاوچـەرخـیـان لـە شـارەکـەدا دروستکردووە، ئێمەی کەسوکاری شەهیدان کە خاوەنی قەزیەکەین ئەوە بارودۆخەکەمانە، ئیتر نازانم بەچ حەقێک ئەم حکومەتە بەحکومەتی هەمووان بزانم.

دارا عوسمان لەبارەی لیستی گـۆڕانـەوە وتـی: «بـەمـاڵو گیانم هـەولـی گۆڕینی ئـەم بـارودۆخـە دەدەم، شانازی پێوەدەکەم ئەگەر لیستی گـۆڕان قبولی بکەن من دەنگیان پێبدەم، داواکاریشم لە کەسوکاری شەهیدان، لە بریندارو کەسە پشتگوێخراوەکان بەهەموو تـوانـایـەکـی خـۆیـانـەوە هـەولـی سەرخستنی زیاتری لیستی گۆڕان بدەن.

یەکێکی دیکە لە مامۆستاکانی هەڵەبجەی شەهید، سروە جەلال، کە ڕەخنەی توند لە بواری پەروەردە لەو شارە دەگرێتو وتی: «لە هەڵەبجەی شەهید هەندێک لە قوتابخانەو خوێندنگەکان دوو دەوامو سێ دەوامیان تێدادەکرێت، لەهەندێک شوێن ژمـارەی مامۆستاکان لە قوتابیەکان زیـاتـرن! لە هەندێک قوتابخانەی دیکەدا مامۆستایەک وانە بە (٢٠٠) خوێندکار دەڵێتەوە، فـەلـسـەفـەی خـوێـنـدن ئـەوەیـە کەدەیبینین، ئاستی خوێندەواریی ڕۆژبەڕۆژ ئەگەر دانەبەزیبێت هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیوە.

سـروە جـەلال لەبارەی لیستی گۆڕانەوە باسی لەوەکرد «بەهەموو بڕوایەکی خۆمەوە دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەم، دەنگ بە لیستێک دەدەم کە سەرۆکەکەیو ئەندامەکانی لە خەڵکەو پاکو ڕاپەڕدوو خاوێنەکانی ئەم هەرێمە زولملێکراوەن، دەنگ بە لیستێک دەدەم کە بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانی وازیـان لەپۆستو دەسەڵاتو پارەوپولی زۆرو زەوەند هێناوەو ئەمڕۆ لەبەرەی میللەتدا هەولی گۆڕانکارییو پێشخستنی ئاستی بژێویی هاوڵاتییان دەدەن، دەنگ بە لیستێک دەدەم کە هەولی جدی دەدات بۆ سەربەخۆکردنی دادگاکانو دوورخستنەوەی دەستی حیزبەکان لـە حـەرەمـی زانکۆو پەیمانگاکانو بنیاتنانی بـازاڕی ئـازادو کۆتاییهێنان بە سیاسەتی پاوانکاریی حیزبەکان، ئەو لیستەش لیستی گۆڕانە.

تـوانـا جـەلال، مـامـۆسـتـاو ڕۆژنامەنووس، بۆچوونی خۆی لەم دیدارەی بەرەوگۆڕاندا خستەڕوو، توانا لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە وتی: «خاڵی بەهێزی لیستی گۆڕان لەوەدایە کە زۆرینەی هاوڵاتیانی کوردستانو کەسوکاری شەهیدانو هاوڵاتییە بـەشـخـوراوەکـانـی کـوردسـتـان لیستەکە بەلیستی خۆیان دەزانن، ژنـانو گەنجانو وەرزشـکـارانو ڕۆژنامەنووسانو ئەندازیارانو خەباتکارانی ئەم هەرێمە لیستی گـۆڕان بە لیستی خۆیان دەزانـن، کرێکارو خوێنکارو مامۆستاو دلسۆزانی ئەم هەرێمە لیستی گۆڕان بە لیستی خۆیان دەزانـن، ئەوانە چینو توێژی سەرەکی هەرێمی کوردستاننو هەموویان بێبەشن لە بەشەداهاتو مافو ئازادیەکانی خۆیان، خەڵکی کوردستان هەتا ئەمڕۆش نازانێت داهاتو سەروەتو سامانی وڵاتـەکـەی چـۆنو بەچ مەبەستێک بـەکـاردێـت، بۆیە پێویستە لەسەر چینو توێژەکان ئەم دەرفەتە مێژووییە لە دەست نەدەنو بەجۆشو خرۆشەوە ڕووەو سندوقەکانی دەنگدان بڕۆنو دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، چونکە تەنیا لیستی گۆڕانە زەمانەتی ئایندەیەکی ڕوون دەداتە خەڵکی کوردستان.

لەبارەی کێشە نەتەوەییەکانەوە وەهبی ساڵح یەکێک لە ڕوناکبیرەکانی شاری هەڵەبجە وتی: «هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێک بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان نەنراوە، مەسەلەی فیدراڵی تەنیا قسەیەو دەسەڵاتی ئێستای عێراقو زۆرێک لە عەرەبەکان بە گاڵتەجاڕییەوە باسیدەکەن، مەسەلەی بودجە هەتا ئێستا ڕوون نییە بڕی بودجەی هەرێم چەندە، چۆن سەرفدەکرێت، کێ سەرفی دەکـات، هەتا ئێستا خاوەنی دەستوورێکی باوەڕپێکراو نین، کەس نازانێت پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر لەسەر چ بنەمایەک بنیاتنراوە، کەس نازانێت پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکاو دەوڵەتە زلهێزەکان لە چ ئاستێکدایە، کەس نازانێت چارەنووسی کورد لە هەفتەیەکی دیکەدا چۆن دەبێت.



فۆتۆ: سامان حەمەکەریم

# ...دی بە لیستی گۆڕانەوە دەکەن



بەدەست دەهێنێت، ئەگەر ئەو گەرمیەی جەماوەر بەردەوام بێت».

## بەرپرسی بنکەی ئەسحابەسپی: «ساڵی ئایندە گەندەڵی لەم وڵاتەدا ناهێڵین»

بنکەی ئەسحابەسپی یەکێکە لە بنکە جەماوەرییەکانی لیستی گۆڕان، کە رۆژانە سەدان پۆسەرو بڵاوکراوەی لیستی گۆڕان لەلایەن هاوڵاتییانەوە وەردەگیرێت.

خۆشناو عومەر، سەرپەرشتیاری بنکەی ئەسحابەسپی لیستی گۆڕان، پێیوابوو کە بنکەکەیان جێگەیەکی ستراتیژیی هەیە لەناو جەماوەرداو جەماوەرێکی زۆر روویان تێدەکاتو وتی: «ئەم بنکەیە سەرچاوەی بزووتنەوەیەکی تازەیەو بنکەیەکی زۆر گرنگە لەناو جەماوەردا، جموجولێکی زۆری لەنێو کاسبکارو پیشەوەراندا دروستکردووەو گۆڕان بووەتە مەشخەڵێکی نوێ لەناو ئەو میللەتەدا».

خۆشناو وتی: «لەو باوەڕەدام بەو متمانەیەی کە جەماوەر داویەتی بە لیستی گۆڕانو ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێی دەکرێت، ساڵی ئایندە گەندەڵی لەم وڵاتەدا نامێنێت».

دەستپەکاربوونماوەو گەرموگوڕیەکمان لە خەلکی ئەم ناوچەیەدا بینیو هیوادارین کە بەردەوام بێت، خەڵکی زیاتر روو لە بنکەکەمان بکات». هەروەها وتیشی: «لیستی گۆڕان لیستی پێشکەوتنو دیالۆکەو لەو باوەڕەدام کە دەنگی باش

### سەرپەرشتیاری بانگەشەی لیستی گۆڕان، لە گەڕەکی ئاوبارە:

# زۆرینەی خەڵکی سنوورەکەمان دەنگ بەلیستی گۆڕان دەدەن

**سازدانی: بەرەو گۆڕان**

ئامینە محەمەد حەسەن، سەرپەرشتیاری بنکەی بانگەشەی لیستی گۆران لە (ئاوبارە) کە گەڕەکەکانی (ئاوبارە، خەلیفاوا، ئاشە سپی، شەکرەکە) دەگرێتەوە، لەم دیدارەدا باس لەوەدەکات کە رۆژانە پۆل پۆل لەخەڵکی گەرەکی ئاوبارەو سنورەکەی پەیوەندی بەلیستی گۆرانەوە دەکەن و خەلک ئومێدێکی زۆریان بەلیستی گۆران هەیە.

**بەرەوگۆڕان: چۆن بڕیارتدا کار بۆ لیستی گۆڕان بکەیت کە تۆ کادیری (ی.ن.ک) بوویت؟**

* (٢٩) ساڵ بوو کارم دەکرد بۆ رێکخستنەکانی یەکێتی، (٨) ساڵیشم پێشمەرگایەتی کردووەو کچی شەهیدم، هەموولایەک دەزانن کە (ی.ن.ک) زادەی کۆمەڵێک فیکری جیاواز بوو، هەر لەسەر ئەو ئەساسەش گەشەی کردووە، منیش وەک ژنێک خۆم لەم حیزبەدا بینییەوە ئەوکات بڕیاری سەرکردایەتی بە کۆمەڵو رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن، ئەوانە بەرنامەی ئەم حیزبە بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ساڵ لەدوای ساڵو رۆژ لەدوای رۆژ ئەم گیانە لەناو ئەم حیزبەدا خەفەکراو بڕیارەکان بوونە بڕیاری تاکە کەسو رەخنەو رەخنەگرتن هیچ بەهای نەماو لە کەس قبوڵ نەکرا، زۆر دەمێکە لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بووین، بەڵام بەداخەوە کە گوێمان لێنەگیرا، هەرچەندە داواکانمان زۆر رەوابوونو لە بەرژەوەندی (ی.ن.ک) بوون.

أ ـ شەفافیەتی دارایـیو ئاشکراکردنی سەروەتو سامانی (ی.ن.ک).

ب ـ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت.

ج ـ کاراکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

د ـ نەمانی گەندەڵیی دارایـیو سیاسیو ئەخلاقی.

هـ ـ عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

بەڵام بەداخەوە کار گەیشتە ئەوەی کە دەرمان بکەنو مووچەکانمان ببڕن، هەربۆیە ئێمەش بڕیارماندا زۆر بە دلسۆزی کار بۆ لیستی گۆڕان بکەین.

**بەرەوگۆڕان: پێشوازی خەڵک بۆ لیستی گۆڕان چۆنە؟**

* بەڕاستی هەرچی بڵێم زیادەڕەویی نییە هەمووتان راستیەکە باش دەزانن کە پشتیوانی خەلک چۆنە بۆ لیستی گۆڕان، خەڵکی سنوورەکەی ئێمەش بەهەمان جۆشوخرۆشەوە پێشوازی لەو لیستە دەکەن بەتایبەتی گەنجان، لێتان ناشارمەوە هەتا ئەم بنکەیەمان دانەنابوو بە بەردەوامی خەڵکی ئاوبارەو ئاشە سپیو خەلیفاواو شەکرەکە پەیوەندیان پێوەدەکردمو سەردانیان دەکردم تاکو بنکەیەک بکەمەوە گەنجان بە چاوی پڕ گریانو حەسرەتەوە چاوەڕوانی ئەم رۆژە بوون، سوپاس بۆ خودا کە بنکەکەمان بە سەرکەوتوویی کردەوەو خەڵکانی سنوورەکەمان پۆل پۆل سەردانمان دەکەنو پەیمان بۆ لیستی گۆڕان تازە دەکەنەوە، لەگەڵ رێزو سوپاسم بۆ خەڵکی ئاوبارە کە بۆ



پێداویستی بنکەکەمان هاوکاریان کردووینو کۆمەکیان کردووین.

**بەرەوگۆڕان: وەک ژنێک هەستت چپیە سەرپەرشتیاری بنکەیەک دەگەیت، رای خەڵک چۆنە لەو بوارەوە؟**

* دیارە وەک تەحەدایەک بۆ ئەو پروپاگەندانەی کە ئەمڕۆ ناحەزان بڵاویانکردووەتەوە کە گوایە لیستی گۆڕان بەتایبەتی کاک نەوشیروان بڕوای بە مافەکانی ژنان نییە، بۆیە من بڕیارمدا سەرپەرشتی بنکەیەک بکەم، بە کارەکانمو کۆکردنەوەی ژنانو کچانی ئەم سنوورە بیسەلمێنم لە چوارچێوەی بەرنامەی لیستەکەمان مافو ئازادییەکانمان دەستەبەر کراوە، هەربۆیە داواکارم لە سەرجەم ژنانو کچانی ستەمدیدەی وڵاتەکەم بە نوکی قەلەمەکانیان وەڵامی ناحەزان بدەنەوەو بە هەموویان بڵێین ئازادیەک لەسەر ئەساسی جوانیو جەستەو کۆمەڵا شتی قێزەون بخرێتە ناو بەرنامەی لیستێکەوەو بانگەشەی هەڵبژاردنی پێبکرێت هەرگیز نامانەوێتو بەگژیدا دەچینەوە.

### بەرپرسی بەشی ژنان لە بنکەی (گۆڕان)ی چوارباخ:

# «لیستی گۆڕان یەکسانی ژنو پیاو مسۆگەر دەکات»

**ئا/ دیارئەحمەد مەجید**

پەخشان عوسمان وتی: ئێمە وەک ژنانو کچانی گەڕەکی چوارباخ (٦٠) ئەندامین کار بۆلیستی گۆڕان دەکەین، دیارە شانبەشانی پیاوان هەڵدەسوڕێین، تا بتوانین لیستەکەمان بەرەو سەرکەوتن بەرین، بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان ئەو ئامانجانەی کە لە (١٨)ساڵی رابردوو میللەتی کورد دەیویست بەدەستیبهێنێت، شکستی تیاهێناو نەگەیشت بەو مافانە، تا لیستی گۆڕان بتوانێت ئامانجو مافە پێشێلکراوەکانی ژنان بەدیبهێنێت، لە کۆتایدا بەرپرسی بەشی ژنان لەو بنکەیە وتیشی: داواکارم لە هەموو ژنانی کوردستان دەنگبدەن بە لیستی گۆڕان کە یەکسانی ژنو پیاو مسۆگەر دەکات.



## «ئێوە لە کورسییەکانتان دەترسن»

**ئیسماعیل عەبدوڵا ئیسماعیل**

من زۆرم پێ سەیرە کە باسی خوێنی شەهیدان دەکەن، چۆن لە رووتان دێت هەر ناویشیان بێنن هەتا ئێستا چ وەفایەکتان بۆیان هەبووە جگە لە غەدرلێکردنو خیانەتکردن لێیانو دەرکردنیان لەبەر ماڵە گڵاوەکانتان کە بە خوێنی ئەوانو کەسوکاریانو میللەتەکە قۆرختانکردووە، هەزاران ڤێلاو باخو ئوتێلتان لێ دروستکرد ئەوانە شەهیدی میللەتن، کوڕی ئەم میللەتەن، چ وەفایەکتان بۆ میللەتەکەتان هەبووە، بەڵام بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن باسی ئەنفالو کیمیابارانو خوێنی شەهید دەکەن خۆڵ دەکەنە چاوی کەسە سادەکانەوە، کە ئەوانەش وەک خۆتان وان، میللەت تازە بڕوای بە هیچ شتێکتان نەماوە، چونکە ئێوە درۆزنن درۆزن.

چونکە ئێوە کەسانێکی ئەوەنە گڵاون کە تازە ئەگەر کوردستانیش پڕکەن لە ئەڵماس میللەت نایەوێت، ئێوە ئەوەندە ترسنۆکن کە ناوێرن کورسیەکانتان بەجێبهێڵن ئێستاش میللەت بڕیاری خۆیان داوە کە سزاتان بدەن بۆ گۆڕانێکی سەرتاسەرییو بنبڕکردنی گەندەڵیو ناعەدالەتیو نایەکسانی.

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# ڕۆژانە سەدان کەس وەک خۆبەخش پێوەن

## بەرپرسی بنکەی ئیبراهیم ئەحمەد: خەڵکی سنوورەکە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیمان لێدەکەن




**نیان مەجید**

بنکەی ئیبراهیم ئەحمەد، گەڕەکەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد، قرگە، زێرینۆک، گەڕەکی(٣٧، ٣٨، ٢٨)، تا دەگاتە خەستەخانەی شۆڕش) دەگرێتەخۆی، زۆربەی ئەم گەڕەکانە نوێن‌و خزمەتگوزاریی حکومەتیان وەکو پێویست پێ نەگەیشتووە.

بەختیار پێنجوێنی، لایەنگری لیستی گۆڕان لە بنکەی ئیبراهیم ئەحمەد پێیوابوو کە جێی خۆشحاڵیە کە خەڵکێکی زۆر زۆر بە گەرموگوڕییەوە پێشوازی لە لیستی گۆڕان دەکەن، ئێمەش ئومێدی زۆرمان هەیە کە دەنگێکی باش بەدەست بێنێ، بەختیار زۆر دڵخۆشە بەوەی کە لیستی گۆڕان بەرنامەیەکی تۆکمەو پتەوی هەیە، هەر بۆیە جەماوەرێکی زۆر ڕوویتێدەکات.

«ئەو پەرلەمانەمان ناوێت کە بە هەق‌و ناهەق دەست بەرزدەکەنەوە، پەرلەمانێکمان دەوێت کە کەسانی خاوەن هەڵوێست‌و بەغیرەتبن‌و نەترسبن، کۆیلەی دەستی حیزب نەبن»، بەختیار وای وت.

هەروەها بەختیار پێنجوینی بێلایەنی ئاسایشی بە ناڕاست زانی‌و وتی: «ئاسایش لەجیاتی بێت بمان پارێزێت‌و نەهێڵێت لەم هەڵبژاردنانەدا ئاژاوە دروستببێت خۆی دێت لافیتەو دروشمەکانمان لێکدەکاتەوەو دەیدڕێنێت».

فەریق عەلی غەریب، سەرپەرشتیاری بنکەی ئیبراهیم ئەحمەد وتی: «هەر لە سەرەتای

# ئەرکی دەنگدان بە گۆڕان..



**هەمیار تەوێڵەیی**

دەنگدان بە لیستی گۆڕان ئەرکە، هەڵوێستە هیچ کەمتر نییە لەو بڕیارەی کە هەموو پێشمەرگەیەکی بەغیرەتی لە سەرەتای شۆڕشەوە هەڵوێستی وەرگرتووە، ئەوەی هەلی بە پێشمەرگەبوونی لە دەستچووە ئەمڕۆ بە دەنگدانی بە لیستی گۆڕان هەمان هەڵوێستی بەرامبەر نیشتمان‌و نەتەوەکەی بەجێ دێنێت. ئەو هەڵوێستە سەروەرییە تەواوکەری ڕاپەڕینە پاکسازییە، هیچ کەمتر نییە لە ڕزگارکردنی کوردستان، بەڵام ئەمجارە بە دەنگدان.

لیستی گۆڕان هەڵقوڵاوی خەڵکە بۆ پاراستنی ئەمڕۆو دوا ڕۆژی کورد، بۆ ڕێگرتن لە ناعەدالەتی لە کۆمەڵگەکەماندا.

پاکسازیی حکومەتە لە کەسانی نەفس نزم‌و کۆنەپەرست کە چاویان تەنیا لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان‌و دەست‌و پێوەندەکانیانەو دەوروبەرەکانیشیان هەر بە چاوەڕوانی‌و بڕێک دەرامەتی کەم ڕازیکردووەو وەک بەنج، بەنج کراون.

مەخابن ئەوانەی خیانەت لەم خاکو ئاوەدەکەن، ئەوانەی کە لەسایەی خوێنی شەهیدانەوە هاتوونەتە سەر حازریی‌و چەند ساڵە بە ڕاست‌و بە چەپ ماف‌و حەقی نەوەی شەهیدان‌و خەڵکی بە شەرەفی کوردستان دەخۆن. بەسە چیتر ڕێگە مەدەن بەوانەی مافتان دەخۆن‌و سەروەتی نیشتمانی بەفیڕۆدەدەن بە هەڵە بەکاریدەهێنن‌و تەنیا مایەی زەرەرن لە هەموو بارەیەکی ژیانەوە...

ئەگەر لیستی گۆڕان دەنگی تەواو بە دەستنەهێنێت دەست لە هەموو بەرژەوەندییەکی خۆم هەڵدەگرم، هەموو توانام دەخەمەگەڕ لە پێناوی گەیاندنی گڕی ئەو مۆمە بە مەشخەڵی ڕزگاری تەواوی کوردستان..

دڵنیابن لەڕێگەی دەنگدانتان بە لیستی گۆڕان..خۆڕسکە.

## بەرپرسی بنکەی بانگەوازی گۆڕان لە ئاشتی

# ڕۆژانە سەدان گەنج‌و خەڵکی بەتەمەن سەردانی بنکەکەمان دەکەن




**دیار ئەحمەد مەجید**

**بەرەوگۆڕان: لە بنکەی(ئاشتی)دا، بەدەمەوە هاتنی جەماوەر چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* لە سەرەتای کردنەوەی بنکەکەمان کە لە (٦/٢٢) کرایەوە، لەسەر ڕێنماییەکانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی لیستی گۆڕان بەپێی یاسا دەستمانکرد بە هەڵمەتی هەڵبژاردن، ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان‌و گەنجان‌و پیاوماقوڵان پێشوازییان لێکردین‌و سەردانی بنکەکەیان کردین‌و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە کردنەوەی بنکەکەمان، دیارە ئێمە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەپێی یاسا دەکەین هەم لە هەڵواسینی دروشمەکان‌و پۆستەرەکان بەو شوێنانەی کە دیاریکراوە بۆ هەڵواسین، ئێمە وەک بنکەی ئاشتی بە هیچ شێوەیەک لەشوێنە گشتییەکان‌و دائیرە حکومیەکان هیچمان هەڵنەواسیوەو هەڵیشی ناواسین‌و ئەگەر بە دیواری هەر خانوویەکمانەوە کردبێت پرسمان کردووە بە خاوەن ماڵەکە ئینجا هەڵمانواسیوە، بەشێوەیەکی گشتی تا ئەمڕۆش خەڵک بە بەردەوامی سەردانمان دەکات پشتیوانی خۆیان دەردەبڕن بۆ لیستی گۆڕان.

**بەرەوگۆڕان: ئەو کەسانەی سەردانی بنکەی ئاشتی دەکەن زیاتر کێن؟**

* لە هەموو چین‌و توێژەکان سەردانمان دەکەن، ئەگەرچی گەنج بەحەماسێکی جیاوازەوە سەردانمان دەکات‌و ڕێژەیان زۆرترە لەچاو پیاوان‌و ژنانی بەتەمەن، بەڵام ئەوەش بزانن ئەو گەنجانە کچانیشن نەک هەر کوڕان، جگەلەوەش شەوانە تا (١١ - ١٢) شەو کەسایەتی‌و پیاوماقوڵان سەردانمان دەکەن.

**بەرەوگۆڕان: ئەو خەڵکەی کە سەردانی بنکەکەتان دەکەن حیزبین یان خەڵکی بێلایەنن؟**

* بەڵێ، لە ئەندامانی یەکێتی‌و لە خەڵکی بێلایەن‌و بگرە لە هەندێ لایەنی دیکەشەوە سەردانمان دەکەن‌و هاتوون سەردانیان کردووین‌و پشتیوانی خۆیان دەربڕیوە بۆ لیستی گۆڕان.

**بەرەوگۆڕان: یەکێک لە خەسڵەتەکانی لیستی گۆڕان کاری خۆبەخشییە، تائێستا چەند کەس هاتووە بۆلاتان بە خۆبەخشی کاربکات؟**

* ئێمە بە هیچ شێوەیەک پارە لە کەس وەرناگرین وەکو کۆمەک‌و هاوکاریی، ئەوانەی کە پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەکەن بەپێی یاسا ئێمە سندوقمان هەیە لە ڕێگەی بانک‌و دەتوانن کۆمەک بنێرن بۆ لیستی گۆڕان، دیارە خەڵک هاتووە بۆلامان پێداویستی بۆ بنکەکەمان هێناوە وەک سەلاجە، موبەریدە، کورسی ئەم شتانە تا حەملەی هەڵبژاردن تەواودەبێت دوایی تەسلیمی دەکەینەوە بە خاوەنەکانیان.

وەکو گروپی خۆبەخشیش دەتوانم بڵێم سەدان گروپی خۆبەخشمان هەیە لە سنوورەکەی خۆماندا لە خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و ئەندازیارو پارێزەر هاتوون خۆیان ناونووس کردووەو ئامادەن، ڕۆژانە ژمارەیەک لە خەڵک‌و ماڵەکانی سنورەکە بەرسەردەکەنەوە، بەڵام لەکاتی دیاریکراودا لەو کاتانەدا نا کە خەڵک بێزاربکەن بۆ نموونە لە نیوەڕواندا لەکاتی دیاری نەکراودا سەردانی خەڵک بکەن بەپێی بەرنامەکە دانراوە کاردەکەین.

# لە هەورامانی سەرکەشەوە بۆ گردی پیرۆز

هەمیار تەوێڵەیی

سڵاو ئەی گردی پیرۆز، ئەی خاڵی دەستپێکردنی گۆڕان‌و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵی‌و لابەری چنگی نینۆکاوی حیزب لە گەرووی حکومەت، سڵاو لە کاک نەوشیروان، ماندێلاو غاندی کورد... ئێمەی هەورامی بەشخوراو کە بۆ ماوەی ٥ ساڵە نە سەرۆکی هەرێم‌و نە سەرۆکی حکومەت بەسەرینەکردووینەتەوە تا ببینن منداڵانی هەورامان بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک چۆن بەدوای زەردەواڵەو سن‌و کوللەدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بیانبەنە هۆبەی کشتوکاڵی‌و لەبری هەر زەردەواڵەیەک ١٥٠ دیناری علوج وەرگرن‌و بەشە بوودجەکەشیان لەلایەن لێپرسراوە دڵڕەقەکانەوە لەسەر مێزی هۆتێلەکانی خانزادو چوارچراو سلێمانی پالاس نۆشبکرێت..

ئێمە دڵنیاین کەدوای سەرکەوتنی لیستی گۆڕان تەوێڵەو بیارەو گوندەکانمان بە کارەبای نیشتمانی ڕۆشندەبێتەوە، سڵاو.. سڵاو تازە ئیتر چیا سەرکەشەکانی هەورامان بە گردەکە ئاشنابوون‌و کەسیش ناتوانێت لەیەکیانجیابکاتەوە، نەوشیروانە خاکیەکە باش دەناسین، ئەو بە ئێمە نامۆ نییەو دەنگی ئێمەش بۆ ٥٧ نامۆ نابێت، هێندەی هەموو کوردستان لێیانتووڕەین.

ساڵانی ڕابردوو بەهەزاران بەڵێنی درۆی شاخدار مەستیانکردین، بەڵام ئێستا قسەی ڕاستیان لەلای ئێمە زلوبیایە، کوا تەوێڵە وەک شەقڵاوەو مەسیفەکەی لەمەڕ ئەوان شاری یاری تیاپە... بەلینمانداوە ئەمجارە دەنگمان بدەینە گۆڕان، بوومەلەرزەی ڕاچلەکینی بەرپرسە مەست‌و خەوتوەکانی هەردوو حیزب لە هەورامان پێیاندەڵێت: چیتانچاندوە هەر ئەوەش دەدوورنەوە، تکا دەکەم کاک نەوشیروان، ئەگەر هاتی بۆ هەورامان، ئەو دوو باڵەخانە گەورەیەی لە دەروازەی بیارەو تەوێڵە دەیانبینی، ئەوانە نە قوتابخانەن‌و نە نەخۆشخانە، بەڵکو ڤێلای دوو بەرپرسی هەردوو حیزبن کە هەمیشە منەتیان بەسەر خەڵکی ڕەشوڕووتی هەوراماندا کردووە، هەورامییەکان ئەمجارەیان زۆر بێدارن‌و بەرپرسەکان پینەی بەڵێنی ئێکسپایەری ساڵانی ڕابردوویان پێناکرێت، هەرچی دەکەن، ئەملاو ئەولا پەنجا کەسیان بۆ خڕناکرێتەوە دووقسەو بەڵێنیان بدەنێ مەگەر لەڕێی دەوائری حکومییەوە چەند کەسێک کۆبکەنەوە.

ئەم هۆنراوەیەش تایبەتە بە گۆڕان، پێشکەشی دەکەم بە هەوادارانی گۆڕان:

**گۆڕان ژیانێکی نوێیە، ئاواتی منداڵ، ژن‌و لاوو پیری پێیە**
**بۆ ڕەشوڕووت‌و هەژارە، لەگەڵ خواستی لادێ‌و شارە**
**دژی گزی‌و گەندەڵییە، دۆستی ئاشتی‌و سەربەستییە**
**ئەمجارەیان جیا لەجاران، بەدەنگدان دێتە دی گۆڕان**
**داخی قەتیسماوی ناو دڵ، ئەی هەژاران نابەنە گڵ**
**٧/٢٥ زەماوەندە، بشکێنن ئەم کۆت‌وبەندە**
**ئێمەش لەهەورامانەوە، لای مەولەوی‌و سەیدییەوە**
**لەخانەقای تەوێڵەو بیارە، گۆڕانمان دەوێ ئەمجارە**

# کەرنەڤاڵی شەقامەکانی سلێمانی بەردەوامە

فۆتۆ: سامان حەمە کەریم



# وەزیرێکی شەقوەشێن لە حکومەتێکی(شەفاف)دا

هێمن لهۆنی - عەممان



تازە تەواو بووبووم لە سیمنارەکەم لەبارەی چیرۆکی سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئازادیی رۆژنامەگەری‌و هەڵبژاردن‌و دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن بۆ نوێنەرانی گشت وڵاتانی عەرەبی لە (کۆنفرانسی لاوانی دروستکەری گۆڕان لە ئوردن)، هەواڵی پاڵەوانێتییەکەی وەزیری پێشمەرگەم خوێندەوە لە شەقامی تویمەلیک لەدژی ئاهەنگی گەنجە داماوەکانی سلێمانی. ئەوەندە پەشیمانبووم لە قسەکانم کە لەو سیمنارەدا پێشکەشم کردبوون خەریک بوو جارێکی دیکە کۆیانبکەمەوەو بڵێم ئەوەی وتومە راست نییە، پێیانبلیم رەحمەت لە دەسەڵاتەکانی ئێوە، چونکە هێشتا لە هەرێمەکەی من وەزیرمان هەیە شەقوەشێن‌و فرێنەرە. هێشتا لە وڵاتەکەی من نەک وەزیر گوێ لە لاوان ناگرێت، بەڵکو ئامادەیە لەناو شەقامەکاندا بەرشەقیان بدات.

لەو کۆنفراسەدا من زۆر بە لەخۆباییانەوە باسی کوردستانم بۆ لاوانی ئەو وڵاتە عەربییانە دەکرد، بەڵام سەدەها شوکور بۆ خوا کە پێش سیمنارەکەم ئەو هەواڵەی وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان نەبیستبوو ئەگینا دەیانخستە پاڵ ئەو هەموو بەرپەرچدانەوەیەی وتەکانم‌و ئیحراجەبووم.

لەهەمووی نوکتەتر ئەوەیە کە لە رۆژی شەقوەشاندنەکەی وەزیردا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی حوکمداریی باش‌و شەفافیەتی راگەیاند. ئاخر وەزیری شەقوەشێن‌و شەفافیەت؟؟؟؟ کاکی سەرۆک وەزیران دەتوانی وەڵامان بدەیتەوە؟؟؟ لەکاتێکدا کۆنترۆلکردن‌و بەڕێوبردنی دەزگای سەربازی لەلایەن کەسی سەربازییەوە لەگەڵ دیموکراسیدا یەکناگرێـتەوە، جا ئەگەر جەلادێک بەڕێوەیبەرێت، ئەوا ناوی بنێین چی؟

خەڵکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانیی ئەوەیان لە وەزیری پێشمەرگە دەکرد (کە لەبری وەزیری بەرگرییە) تۆپبارانی سنوورەکان رابگرێت کە رۆژانە لەلایەن تۆپخانەکانی ئێران‌و تورکیاوە دەکرێتە سەرمان، یان جورئەتێک بکات‌و سەردانی سنوورەکان بکات‌و ئیدانەی بکات. بەڵام بەداخەوە وەزیرەکەی هەرێمی کوردستان گەنجانی وڵاتەکەی خۆی بەرشەقداو فراندنی‌و عەرزی هێزی خۆی لە ناوشاردا لەدژی خەڵکەکەی خۆی دەکات‌و ئاهەنگی هەڵبژاردن لە لاوانی خێرنەدیوی سایەی حیزبەکەی ئەو تێکدەدات.

جا لەهەمووی خۆشتر ئەم وەزیرە شەقوەشێنە لەکاتی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی رێکخراوە جیهانییەکاندا لەبارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە لە کوردستان خێرا ئامادەبوو بۆ وەڵامدانەوەی‌و بە ناڕاست لەقەلەمیدەدان‌و دەیوت هیچ کەس ئازارنادرێت بەدەست هێزەکانی پێشمەرگەوە. ئەی ئێستا جەنابی وەزیر چۆن وەڵامی راپۆرتەکانی داهاتوو دەداتەوە کە بڵاودەبنەوەو بێگومان بە وێنەوە باس لە شەقەکانی ئەو دەکەن؟؟

دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕوونی هەڵوێستی خۆی روونبکاتەوە لەبارەی ئەم کارە نامەسئولانەی وەزیرەکەی. ئەمڕۆ دەبێت حکومەتی هەرێم بیسەلمێنێت کەکەس لەسەرووی یاساوە نییە، ئەگەر نا ئەم کارەی وەزیر بە سیاسەتی حکومەتە «شەفافەکەمان» دەبینرێت.

# جەماوەری قەڵادزێ: بەڵێ بۆ گۆڕانکاری

فۆتۆ: دیار ئەحمەد

